# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (410) دووشەممە 2016/5/30 - 9ی جۆزەردان - 2716 (750) دینار


## فینلاند سەدان کورد دیپۆرتی ئەفغانستان دەکات

**ڕووداو- هێلسنکی**

سەدان پەناخوازی کورد کە لە فینلاند گیرساونەتەوە و بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی خۆیان وەک ئەفغانی ناساندووە، لەبەردەم مەترسیی دیپۆرتکردندان بۆ ئەفغانستان.

سەردار کۆچبەرێکی کوردە، بەڵام لە فینلاند خۆی وەک ئەفغانی ناساندووە و داواکەشی بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی لەو وڵاتە ڕەتکراوەتەوە. ئێستا حکومەتی فینلاند بڕیاری داوە دیپۆرتی بکات، ئەو لەوە تۆقیوە کە بینێرن بۆ ئەفغانستان.

سەردار یەکێکە لەوانەی یان ڕەوانەی کابول دەکرێن، یان ئەوەتا دەبێت دان بەوەدا بنێن کە درۆیان کردووە و لەو حاڵەتەشدا سزای توند چاوەڕێیانە.

کۆتایی ساڵی ڕابردوو حکومەتی فینلاند گەیشتە بڕیاری کۆتایی سەبارەت بە ناردنەوەی بەزۆری ئەو کۆچبەرانەی بڕیاری دەرکردنیان هەیە. ئەفغانستانیش ئامادەیی خۆی نیشاندا پێشوازی لەو هاووڵاتیانەی خۆی بکات کە فینلاند دەیاننێرێتەوە.

ئێستا فینلاند لە جێبەجێکردنی بڕیاری ناردنەوەی ئەفغانییەکان نزیک بووەتەوە. ئەمەش کێشە بۆ هەزاران کۆچبەری عێراقی و ئێرانی دروست دەکات کە لە فینلاند خۆیان وەک ئەفغانی ناساندووە.

11 »

نایدن سەلجان، کونسوڵی پێشووی تورکیا لە کوردستان:

### بەهۆی بارزانییەوە تورکیا دژی سەربەخۆیی کوردستان ناوەستێ

4

ئەحمەد عەزیز نەسین بۆ (ڕووداو):

### دەوڵەتی شاراوە لە تورکیا دەستبەکار بووەتەوە



6

### کورد یەکدی بە"پەلەپەل"بۆ دیداری عەبادی تۆمەتبار دەکەن

3

"سەرۆکی هاوپەیمانێتیەکە لە پەرلەمانی کوردستان دەدرێتە گۆڕان و لە بەغداش بۆ یەکێتی دەبێت"

## هەفتەی داهاتوو

# هاوپەیمانێتی فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان جێبەجێ دەکرێ

3 »





### گەنجێکی زاخۆیی سێ ساڵە بە هەڵە لە زیندانە

2 »

### ڕووداو خزمەتگوزاریی "دکتۆر ئۆنلاین" پێشکەش دەکات

Dr.Online

18 »



### کوڕێکی عەلی باپیر دەبێتە فیتەر

2 »

ژمـارە (410)  دووشــەممە  2016/5/30

## شارستێنی دەچێتە بەهەشت

رووداو- هەولێر

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (رووداو)ی راگەیاند، هەرچەندە مامۆستا فاتیح شارستێنی مۆڵەتی بێ مووچەی وەرگرتووە، بەڵام لەبەر پێویستییان بە رۆڵی ناوبراو داوایان لێکردووە لە شاری هەولێر گوتاری هەینی پێشکەش بکات. نەقشبەندی گوتی "رۆژی 2016/6/1 مزگەوتی رێگەی بەهەشت لەهەولێر دەکرێتەوە و مامۆستا فاتیح قبوڵی کردووە رۆژانی هەینی لەو مزگەوتە گوتار پێشکەش بکات و هەینی داهاتووش یەکەمین گوتاری دەبێت". مەلا فاتیح شارستێنی پێشتر لە ناحیەی پیرەمەگرونی شاری سلێمانی گوتاری هەینی پێشکەش دەکرد.

# داعش لە فەیسبووکەوە ژنانی بەتاڵانبراو دەفرۆشێ

## خەیری بۆزانی: هێشتا 1900 ئافرەتی ئێزدی لە دەستی چەکدارانی داعشدا ماون

سەریاز سیامەند
رووداو- هەولێر

داعش تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنێ بۆ فرۆشـتنی کچانی کوردی ئێـزدی و بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدیانیش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروبـاری ئاینیـی لـە هەرێمی کوردسـتان، دەڵێت ئاگاداری ئەوەن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەمەریکا و UN بە بەرپرسیار دەزانێت لەوەی بەسەر ئافرەتانی کوردی ئێزدی دێت.

چەکدارێکـی داعـش کە ناوی ئەبو ئەسـعەد ئەڵمانی لەخۆی ناوە، بە ناونیشـانی "ئەم کچە بۆ فرۆشتنە"، وێنەی کچێکی ئێزدی، تەمەن 18 ساڵانی لە ئەکاونتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوکردەوە.

ئەو کەسـە لەسـەر واڵـی فەیسـبووکەکەی نووسـیبووی، ئـەو کچەی لـە وێنەکـەدا دیارە هەشـت هـەزار دۆلار نرخەکەیەتـی. هەمـان کـەس دوای چەنـد کاژێرێـک وێنـەی کچێکـی دیکەی ئێزدی بڵاوکردەوە کە چاوەکانی سـوور بوونەتـەوە و نووسـیویەتی "ئەمـەش کچێکـی دیکەیە بۆ فرۆشـتن و ئەمیش نرخەکەی هەشت هەزار دۆلارە."

پەنابردنــە بــەر تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـی وەک فەیسـبووک و بەکارهێنانـی وەک بـازاڕی سـاغکردنەوەی ئەو ژنانەی کـە داعش بە تاڵان بردوونی، وەک ئەوەی بازاڕی کڕین و فرۆشـتنی کۆیلـە بێت، لـە دوێنێـوە میدیاکانـی جیهانی هەژاندووە.

بەڕێوەبەرایەتی فەیسـبووک پاش ماوەیەکی کـەم وێنەکانـی بلۆک کـرد، بـەڵام رووداوەکە پەردەی لەسـەر حەقیقەتێکی تاڵ هەڵماڵی کە هێشتا هەندێک بە گومانەوە لێی دەڕوانن.

داعش رۆژی 2014/8/3 شارۆچکەی شەنگالی داگیرکرد و بە هەزاران ئافرەت و منداڵی کوردی ئێـزدی کەوتنە دەسـت چەکدارەکانـی و دواتر وەکو دەستکەوتی شەڕ مامەڵەی لەگەڵ کردن.

خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدیـان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "لەئاسـتی ئەوەی بەسەر ئافرەتانی کـوردی ئێزدیدا دێت کۆمەڵـگای نێودەوڵەتی بێدەنگە. شەرمە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بان کی مۆن و وڵاتانی زلهێز کە چاویان لەئاست چارەنووسی ئافرەتانی کوردی ئێزدی داخستووە و بێدەنگن".

خەیری بۆزانی گوتی: "ئێمە چی بکەین؟ پێویسـتە کۆمەڵـگای نێودەوڵەتی و ئەوانە شـتێک بکەن کە بوونە هۆکاری ئەوەی ئەو شـتانە بەسـەر ئێزدییەکانـدا بێـت. لایەنە نێودەوڵەتیەکان بەرپرسـیارن و پێویسـتە هەنگاوی پێویست بۆ وەستاندنی ئەوە بنێن کە بەسەر ئێزدیەکاندا دێت".

خەیـری بۆزانی گوتی کە ئەوان ئاگادارن داعـش لە رێـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کڕیـن و فرۆشـتن بـە ئافرەتانـی کـوردی ئێزدی دەکات. گوتیشـی "کـەس ناتوانێت هیچ شـتێک بـۆ ئافرەتانی کـوردی ئێزدی بـکات، ئەگـەر ئەمەریـکا راسـت دەکات و شـەڕی داعـش دەکات، بـا ئـەو ماڵپەرانە دابخات و شەڕی سایکۆلۆژی لەگەڵ خەڵکی بوەستێنێ".

ژمارەیەکـی زۆر لـەو ئافـرەت و منداڵە ئێزدیانەی کەوتنە دەسـتی داعش بەرێگەی جۆراوجـۆر رزگارکـراون، بـەڵام هێشـتا هەندێکیـان لەلای داعش مـاون. بە گوتەی خەیری بۆزانی هێشتا 1900 ئافرەتی ئێزدی لە دەستی داعشدا ماون.

خەیری بۆزانی بە گلەییەوە دەڵێت "هێزە نێودەوڵەتییـەکان هەنگاوێکیـان نەناوە بۆ رزگارکردنـی ئـەو ئافرەتانە، بـەڵام کاتێک کەسـێکیان دەکەوێتـە دەسـت چەکدارانی داعش، ئۆپەراسـیۆنی تایبەتـی بۆ ئەنجام دەدەن و تاکـە کەسـەکەی خۆیـان رزگار دەکەن".



# گەنجێکی زاخۆیی سێ ساڵە بە هەڵە لە زیندانە

## ئەو دادوەرەی سزای داوە: دەتوانین دووبارە دادگایی بکەینەوە و بڕیارێکی دیکەی بۆ دەربکەین

ناسر عەلی
رووداو- دهۆک

دوای سێ سـاڵ بکوژی گەنجێک ئاشکرا دەبێت و دەردەکەوێت ئەو کەسـەی لەسەر کوشـتنی گەنجەکـە بـە بەندکردنـی هەتا هەتایـی سـزادراوە و نزیکەی سـێ سـاڵی تـەواو کردووە، هیچ پەیوەندی بەو تاوانەوە نییە. کەسـوکاری ئەو گەنجـە داوا دەکەن مافی کوڕەکەیـان نەفەوتێ، ئەو دادوەرەی کـە گەنجەکـەی دادگایی کـردووە، دەڵێت دەتوانیـن دووبـارە دادگایـی بکەینـەوە و بڕیارێکی دیکەی بۆ دەربکەین.

سـەرەتای مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی 2013 ، تەرمی گەنجێکی تەمەن 18 سـاڵ بەنێـوی زێبـار نەزیر، لە گوندی ئاسـێ لە قـەزای زاخۆ دۆزرایەوە. چەند رۆژێک دواتر خزمێکـی نەزیر بەنێوی فەرهـاد وەدیع کە هاوتەمەنیەتی، بە تۆمەتی کوشـتنی زێبار دەسـتگیرکرا. دواتر فەرهـاد دادگایی کرا و بە بەندکردنـی هەتاهەتایی سـزادرا. بەڵام ئێسـتا دەرکەوتووە بکوژی زێبار کەسـێکی دیکەیە نەک فەرهاد.

ئیبراهیـم وەدیع، بـرای فەرهاد چیرۆکی کوشـتنی زێباری بـۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتـی "زێبـار کـوڕی خاڵم بـوو، بۆیە کە دەسـتگیرکرا کاردانەوەی توندیـان نەبوو، گوتمـان بـە هەڵە گیراوە و ئـازاد دەکرێ، بـەڵام کەس پشـتگیریی فەرهـادی نەکرد، تا دواجار لەژێر ئەشـکەنجەدا ناچار کرابوو ئیعتراف لەسەر کوشتنی زێبار بکات".

لـە کانوونـی یەکەمـی سـاڵی 2013دا دادگای تاوانـی دهۆک فەرهاد سـزا دەدات و دەیخاتـە زیندانـەوە. ئیبراهیـم کە دوای حوکمدانـی براکـەی زوو زوو لـە زینـدان سـەردانی کـردووە، گوتـی "فەرهـاد لـە زینـدان زۆر گریـا و سـوێندی دەخوارد کە زێباری نەکوشـتووە، بۆیە منیش بڕیارم دا پارێزەرێکـی بۆ بگـرم بۆ ئەوەی راسـتیی رووداوەکە دەربکەوێت".

بەگوتەی ئیبراهیم، یەکێک لە هۆکارەکانی سـزادانی براکەی پەیوەندی بە تەلەفۆنەوە هەبـووە "زانیارییـان لـە کـۆڕەک تیلیکۆم وەرگرتبوو، گوایە ئەو کاتەی زێبار کوژراوە، تەلەفۆنـی فەرهاد لە سـنووری هەمان ئەو بورجەدا بووە کە زێباری لێ کوژراوە، بەڵام دوای بەدواداچـوون دەرکەوت لە ماوەی ئەو شـەش رۆژەی زێبار کوژرابوو تا تەرمەکەی دۆزراوەتەوە فەرهاد نەچووەتە ئەو شوێنە".



فەرهاد وەدیع

رۆژی 2015/6/8 گەنجێکـی دیکـە بەنێوی (م.ح) کە ئەویش خزمی زێبارە، بە تۆمەتی کوشـتنی زێبار دەسـتگیردەکرێت. بـە گوتـەی ئیبراهیـم ئـەو گەنجـە لەلای دادوەری لێکۆڵینـەوە ئیعترافی کردووە کە ئەو زێباری کوشتووە.

ئیبراهیم گوتی "شەش مانگە لێکۆڵینەوە لەگـەڵ (م.ح) تەواو بووە و لەلای دادوەری لێکۆڵینـەوەش ئیعترافـی لەسـەر تاوانەکە کـردووە، بـەڵام دادوەرانی دهـۆک و زاخۆ دۆسـیەکەیان دواخسـت، چونکـە پێشـتر بڕیارێکـی هەڵەیـان لەبـارەی دۆسـیەی براکـەم داوە و نایانـەوێ ئابڕوویان بچێ". ئیبراهیـم داواکارە مافـی براکەی نەفەوتێت و ئـەو ماوەی لە زیندان بووە بۆی قەرەبوو بکرێتەوە.

باوکـی زێبار لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی گوت "فەرهاد بکوژی کوڕەکەی من نییە، بکوژی راسـتەقینە دۆزراوەتەوە و ئێستا لە زیندانە. فەرهاد بێتاوانە، داوای لێبوردن لە کەسوکارەکەی دەکەین". گوتیشی "بەنیازین لـەو رۆژانە سـەردانی ماڵـی باوکی فەرهاد بکەین و داوای لێبوردنیان لێ بکەین".

بەپێـی هەندێ زانیاری، باوکی فەرهاد و باوکـی (م) لەسـەر زەوی و زار کێشـە لە نێوانیاندا هەبووە، زێباریش هەر لەسەر ئەو کێشەیە کوژراوە. بەڵام باوکی تۆمەتبارەکە سـەرمایەدارە و بـە زەبـری سـەرمایەکەی نەیهێشتووە کوڕەکەی بگیرێ.

جاسم شێخ مەمی کە پارێزەری فەرهادە بـە (رووداو)ی گـوت "ئـەو تۆمەتبـارەی ئێسـتا (م.ح) ئیعترافی کردووە. باشـترین بەڵگـەش ئـەو چەکەیـە کـە زێبـاری پێ کوشـتووە، جۆری ئەو فیشەکانەی زێباری پێ کوژراوە لە نێو کلاشینکۆفەکەی (م.ح) دۆزراونەتەوە".

دادوەر عەبدولڕەحمـان زێباری دادوەری دادگای تاوانـی دووی دهـۆک کە لە بڕیاری سـزادانی فەرهاددا بەشـدار بـووە، دەڵێت "ئێمـە بەپێـی دانپێدانانـی فەرهـاد ئـەو سزایەمان بەسەردا سەپاند".

بەپێـی ماددەکانـی 270 و 290 لـە یاسـای ئوسـولی دادگاکانـی سـزا، ئەگەر کەسێک لەسـەر دۆسیەیەک سزا درا، بەڵام دواتر کەسـێکی دیکە لەسەر ئەو دۆسیەیە دەسـتگیرکرا، دەبـێ کەسـە سـزادراوەکە دووبارە دادگایی بکرێتەوە.

عەبدولڕەحمان زێباری دەڵێت "رۆژی 22ی مانگی داهاتوو ئـەو تۆمەتبارەی بەمدواییە لەسـەر کوشـتنی زێبـار دەسـتگیرکراوە دادگایـی دەکرێ، ئەگەر ئیعترافی لەسـەر تاوانەکە کرد، ئەوا دەتوانین دوای مانگێکی دیکە دووبارە فەرهـاد دادگایی بکەینەوە و سـزایەکی کەمتـری بدەین، یان بـێ تاوان دەربچێت و ئازادی بکەین".

زێباری رەتیکردەوە دواکەوتنی دۆسیەی دادگایـی (م.ح) پەیوەنـدی بـە سـزادانی فەرهادەوە هەبێت، یان گوشار لەسەر دادگا هەبووبێ "ئێمە هیچ گوشـارێکمان لەسـەر نییە، بەڵام لە دادگا تاوەکو لێکۆڵینەوەکان تـەواو نەبن، ناتوانیـن پرۆسـەی دادگایی تۆمەتبار دەستپێبکەین".

# کوڕێکی عەلی باپیر دەبێتە فیتەر

فەرهاد چۆمانی
رووداو- هەولێر

رۆژێکی نوێی پڕ کار لە پیشەسازیی باشوور دەسـتپێدەکات، میکانیکییـەکان هاتوونەتەوە سـەر کار و تا ئێوارە سەرقاڵی چاککردنەوەی ئەو ئۆتۆمبیلانە دەبن کـە لەکارکەوتوون. ئەو کەسـانەی لـە ناوچەی پیشەسـازی باشـوور کاردەکـەن، زۆربەیان چەندین سـاڵە فیتەرن، هەندێکیشـیان لەوەتەی بەبیریان دێ فیتەرن. شـەریف تازە دەسـتبەکار بـووە و دەیەوێ لە رێگەی پیشەی میکانیکییەوە بژێوی ژیانی خۆی دابین بکات.

شەریف کوڕی عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانە، ئەو تا دوێنێش چاوی لە دەستی باوکی بووە رۆژانەی بداتێ، بەڵام ئێستا دەیەوێ لەسـەر پێی خۆی بوەسـتێ و چیدی پارە لە باوکی وەرنەگرێ.

شەریف بەر لەوەی دەست بەکارکردن بکات، لە باوکی دەپرسـێت: باوکە ئاسـاییە بۆ خۆم کارێک بکەم؟ باوکیشـی لە وەڵامدا پێیدەڵێت "بـۆ نا، من بە منداڵی کرێکاریم کردووە، تۆش هەرچـی پێت خـۆش بوو بیکە، هـەر کارێکی حەڵاڵ بێت". لەدوای ئەو رێگەپێدانە، شـەریف عەلـی باپیـر وەکو شـاگردێک لەبەر دەسـتی فیتەرێـک لـە ناوچەی پیشەسـازیی باشـوور دەستبەکار دەبێت.

شەریف هەموو بەیانییەک جلی کار دەپۆشێت و بەرەو ناوچەی پیشەسازی دەچێت، لەوێ لە دووکانێکـی گەورەدا سـەرقاڵی کارکردنە. ئەو وەکو هەر شاگردێک کە تازە دەستبەکار دەبێت، کاری سەرەتایی دەکات، بەڵام ئەو دەیەوێ زوو هەنگاوێکی گەورە بهاوێت.

شـەریف بەدەم کارکردنەوە گوتی "خەریکی کاری فیتەریم، بەڵام جارێ نەبوومەتە وەسـتا، هێشـتا سـەرەتام لە ئیشـەکەدا و وردە وردە دەستم پێکردووە. لە ئیشەکەدا سەرقاڵی ئیشی کۆمپیوتەریـم، کە لە رێگەیـەوە ئۆتۆمبیلەکان دەپشـکنم. جـار جار دەسـت لە ئیشـەکانی دیکـەش وەردەدەم و پێمخۆشـە ئیشـەکانی دیکەش فێر ببم".

شـەریف هەر لە ئێسـتاوە دەیەوێ خاوەنی گیرفانی خۆی بێت و دەڵێت "ئیشەکەم بۆ خۆ ژیاندنی خۆمـە، من خۆم نە لە حکومەت و نە لە حیـزب پارەم نییە، هەر ئەوە بوو کە باوکم پێیدەدام، بە باوکم گوت ئەو پارەیەی تا ئێستا پێتداوم، هەوڵ دەدەم خۆم پەیدای بکەم".

ئەو دەڵێ "سەرەوەستاکانم لەگەڵم پشوودرێژ و نەرمن، هەم من زوو فێرە کارەکە دەبم، هەم ئەوانیش پشوویان زۆر درێژە لەگەڵم".

شـەریف عەلی باپیر خوێنـدکاری دوانزەی ئامادەیـی بووە، دوای رووداوێکی هاتوچۆ وازی لە خوێندن هێناوە و ئێستا وەک میکانیکێک لە یەکێک لە وەرشەکانی چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل رۆژانە زیاتر لە هەشت کاژێر کاردەکات.

شـەریف دەیەوێ هاوشـانی کارە تازەکەی درێژە بە خوێندنەکەیشی بداتەوە. لەو بارەیەوە گوتـی "دوو سـاڵ پێش ئێسـتا لـە خوێندن دابـڕام، نەمتوانـی لەبـەر نەخۆشـی درێژە بە خوێنـدن بدەم، پۆلـی 12ی ئامادەیـی بووم، بەڵام بەتەواوی دانەبڕاوم و نیازم هەیە دەسـت بـە خوێندن بکەمـەوە، لەگەڵیشـیدا درێژە بە کارەکەم دەدەم".

### وەستاکەی شانازی پێوە دەکات

حەمید، لە پۆلی شەشی سەرەتاییەوە وازی لە خوێندن هێنـاوە و کاری میکانیکی دەکات، ئێسـتا سەروەستای شـەریفە و دەڵێ هەستی نەکـردوە کـوڕی بەرپرسـێکە. حەمیـد گوتی "کوڕێکی زۆر ئاساییە و زۆرمان خۆشدەوێ، زۆر خۆشحاڵین هاتووەتە لامان کاردەکات، ئێمەش هاوکاری دەکەین بۆ ئەوەی فێر ببێ".

تاوەکو ئێسـتا رۆژانەی کاری شەریف عەلی باپیر دیارینەکراوە. ئەو دەڵێ چاوەڕێم خاوەنی دوکانە وەرشە میکانیکییەکە بێتەوە و رۆژانەی بۆ دیاری بکات.

شـەریف عەلـی باپیر پەیامێکـی بۆ کوڕی بەرپرسان هەیە "پەیامێکم بۆ کوڕی بەرپرسان هەیـە، لـە هەر پۆسـت و پێگەیـەک دابن، با پێیـان عەیب نەبێت خۆیان بژیێنن، شـەرم لە کار نەکـەن، عەیـب ئەوەیـە چاوەڕێـی حیزب و حکومـەت بکەیـت، یـان بە دزی یـان هەر شـێوەیەکی دیکە بژیت، دەبێ پشـت بە خۆت ببەستی".





## کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر دەگۆڕدرێ

**ڕووداو- هەولێر**

وا بڕیارە بەمنزیکانە کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێت و کەسێکی نوێ شوێنی بگرێتەوە. نیاز ساڵح، بەرپرسی ڕاگەیاندنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەم نزیکانە کارەکانی ماتیاس میتمان وەک کونسوڵی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان کۆتایی دێت و کێنێس گرۆس وەکو کونسوڵی نوێ دەستبەکار دەبێت. گوتیشی "زۆربەی کونسولەکان ماوەی ساڵێک لە هەرێمی کوردستان دەمێننەوە، بەڵام میتمان دوو ساڵە لە هەرێمی کوردستانە".

"سەرۆکی هاوپەیمانێتی فراکسیۆنەکان لە پەرلەمانی کوردستاندا دەدرێتە گۆڕان و لە پەرلەمانی عێراقیش بۆ یەکێتی دەبێت"

# هەفتەی داهاتوو هاوپەیمانێتی فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان جێبەجێ دەکرێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو - سلێمانی**

بڕیارە بەمنزیکانە سەرکردایەتییەکی هاوبەش بۆ دانانی میکانیزمی کارکردنی فراکسیۆنەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق، هەروەها ئەنجوومەنی پارێزگاکاان پێکبهێندرێت، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت "ئەگەر هاوپەیمانێتییەکە ببێتە یەک فراکسیۆن، سەرۆکی فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گۆڕان دەبێت، سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمانی عێراقیش بۆ یەکێتی دەبێت".

بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێن ئەم هەفتەیە یان هەفتەی داهاتوو سەرکردایەتییە هاوبەشەکەی نێوان هەردوولا بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی هەماهەنگی نێوان فراکسیۆنەکانیان دروستدەکرێت و دواتریش کار بۆ میکانیزمەکانی هاوپەیمانێتییەکە دەکرێت.

یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان 18 کورسی و لە عێراق 21 کورسی هەیە، لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش 11 کورسی، هەولێر شەش و دهۆکیش دوو کورسی هەیە. هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە لە پەرلەمانی کوردستان 24 کورسی و لە عێراقیش نۆ کورسی هەیە. لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی 12 کورسی، هەولێر چوار کورسی هەیە.

نیوەڕۆی 2016/5/17 لە ماڵی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی لە گردی دەباشان، ڕێککەوتنی سیاسی نێوان یەکێتی و گۆڕان لەلایەن نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی گۆڕان و کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتییەوە واژوو کرا.

ڕێککەوتننامەکە لە 25 مادده پێکهاتووە و لە ماددەی پانزەیەمدا باسی لە فراکسیۆنەکان و تیمەکانی فراکسیۆنەکان و تیمەکانی حکومەت کردووە و لە برگەی یەکەمدا هاتووە "هەردوولا پابەندن بە دروستکردنی ئیئتیلافێک بۆ فراکسیۆنەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە مەبەستی هاوهەڵوێستی سیاسی و یاسایی، ئەم ئیئتیلافەش کراوە دەبێت بۆ بەشداری فراکسیۆنەکانی دیکە بەپێی پرۆتۆکۆڵی تایبەت".

### سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق:
### گرنگ ئەوەیە بەو هاوپەیمانێتییە سەنگێک بدەینەوە بڕیاری کورد لە عێراق

ڕێکەوت زەکی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە مانگی داهاتوودا هاوپەیمانێتییەکانی نێوان فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە".

هەروەها د.بەهار مەحمود، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان گوتی "پێشبینی دەکەین لەم هەفتەیە یاخود هەفتەی داهاتوو سەرکردایەتییە هاوبەشەکەی نێوان گۆڕان و یەکێتی بۆ دانانی میکانیزمەکانی چۆنیەتی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکان پێکبهێندرێت و پاشان هاوپەیمانێتییەکە ڕادەگەیەندرێت".

### یەکێتی چاوەڕێی گۆڕانە

بۆ دیاریکردنی میکانیزمەکانی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکەیان، هەفتەی ڕابردوو فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیاندا کۆبوونەوە، ڕێکەوت زەکی ڕوونیکردەوە، ئێستا چاوەڕوانن بزووتنەوەی گۆڕانیش لەگەڵ فراکسیۆنەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کۆببێتەوە و دواتر کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوولا بکرێ.

وەکو لە ڕێککەوتننامەکەی یەکێتی و گۆڕاندا هاتووە فراکسیۆنەکانیان هاوپەیمانی دروست بکەن، بە گوتەی ڕێکەوت زەکی ئێستا دوو بۆچوون بۆ چۆنیەتی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکان هەیە و گوتی "بۆچوونێکیان ئەوەیە فراکسیۆنەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانەکان بە هەمان سەرۆکی خۆیان بمێننەوە، بەڵام لە پرسەکاندا یەکدەنگ بن، ڕای دووەمیش ئەوەیە فراکسیۆنەکان بکرێنە یەک".

### گۆڕانیش چاوەڕێی سەرکردایەتییە هاوبەشەکەن

فراکسیۆنەکانی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی و پەرلەمانی کوردستان چاوەڕێی پێکهێنانی سەرکردایەتییە هاوبەشەکەی نێوان یەکێتی و گۆڕانن بۆ دیاریکردنی میکانیزمەکانی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکە.

ئەنوەر تاهیر، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە ئاماژەدان بەوەی ڕێککەوتنەکە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە گوتی "ئێمە لەگەڵ زووری پەرلەمان و حکومەت پەیوەندی بەردەوامان هەیە، بەڵام بۆ چۆنیەتی هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ یەکێتی، دەبێت سەرکردایەتی هاوبەش پێکبهێندرێت و دواتریش چەند لیژنەیەکی لاوەکی دروست دەکرێن بۆ داڕشتنی پەیڕەوی ناوخۆ و ڕێسای تایبەت بۆ چۆنیەتی کارکردنی فراکسیۆنەکان".

دەربارەی دوو بۆچوونی جیاوازیش بۆ هاوپەیمانێتییەکەیان، ئەنوەر گوتی "ئەگەر ببینە یەک فراکسیۆن و ئەگەریش جیاوازیش بین، پێویستی بە نووسینەوەی پەیڕەوێکە".

### "ئێستا ناتوانین ببینە یەک فراکسیۆن"

بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە 2013/9/21دا بەڕێوەچوو بە لیستی جیاواز بەشداریان کرد، وەکو د.بەهار مەحمود جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ (ڕووداو)ی باسکرد، لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنی پێشتردا بە لیستی جیاواز دابەزیون، ئێستا ناتوانن ببنە یەک فراکسیۆن و گوتی "لەم خولەدا دەبینە هاوپەیمانێک کە لە هەموو پرسەکاندا هاوهەڵوێست دەبین، بەڵام بۆ چۆنیەتی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکە چاوەڕێی دروستکردنی سەرکردایەتییە هاوبەشەکە و دیاریکردنی پرۆتۆکۆڵین کە ئەو سەرکردایەتییە بە هاوکاری فراکسیۆنەکان ئامادەی دەکەن".

لە حاڵەتی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکەیان لە پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی فراکسیۆنەکانیان دەمێنن یاخود نا. د.بەهار دەڵێت "ئەوەیان ماوەتەوە سەر دروستکردنی پرۆتۆکۆڵەکە".

### سلێمانی و بەغدا بۆ یەکێتی، پەرلەمانی کوردستانیش بۆ گۆڕان

لە حاڵەتی جێبەجێکردنی هاوپەیمانێتی لەنێوان فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕاندا و دانانی سەرۆک بۆ هاوپەیمانێتییەکان، ڕێکەوت قسەیەکی تازەی کرد "ئەگەر ڕای دووەم بێت، سەرۆکی هاوپەیمانێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی و پەرلەمانی عێراق بۆ یەکێتی دەبێت و جێگرەکانیشیان بۆ گۆڕان. لە پەرلەمانی کوردستانیش سەرۆک بۆ گۆڕان و جێگرەکەی بۆ یەکێتی، بەڵام بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک ئاگادار نیم".

لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی گۆڕان کورسییەکی لە یەکێتی زیاترە، لە ئەگەری بوون بە یەک فراکسیۆن، بۆچی سەرۆکەکەی بۆ یەکێتی دەبێت؟ ڕێکەوت زەکی گوتی "ئەوە پەیوەندی بە ڕێککەوتننامەکەوە هەیە".

ئەنوەر تاهیر دانانی سەرۆکی هاوپەیمانێتییەکانی بەو شێوەیە بەلاوە ئاساییە و گوتی "دیاریکردنی سەرۆکەکە پێویستی بە ڕێککەوتنی سیاسییە، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیەش بێت ئاساییە، چونکە فراکسیۆنەکان زۆرن، بەڵام دادپەروەری تێدا دەکرێت و بەرکەوتنەکانی هەڵبژاردنیش لەبەرچاو دەگیرێت".

بەڵام د.بەهار دەڵێت ئەوە جارێ هەر قسەیە، بەڵام مەنتقیشی تێدا دەبینێتەوە و دەڵێت "مەنتقی تێدایە، لەبەرئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان ژمارەی کورسییەکانی گۆڕان زۆرترە و لە پەرلەمانی عێراقیش یەکێتی زۆرترە".

هۆشیار عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ چۆنیەتی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکە هێشتا لە گفتوگۆکاندان و یەکلایی نەبووەتەوە، بەڵام لە حاڵەتی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکەیان و دیاریکردنی سەرۆکەکە، گوتی "ئێمە سەرۆکمان بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو زیاتر بەلامانەوە گرنگە هاوپەیمانێتییەک دروست بکەین کە لەڕێگەیەوە جۆرێک لە سەنگ بدەینەوە بەبڕیاری سیاسی کورد لەعێراق".



# کورد یەکدی بە "پەلەپەل" بۆ دیداری عەبادی تۆمەتبار دەکەن

### یەکگرتوو: دەبووایە دوابخرێ بۆ کاتێکی گونجاو



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو - سلێمانی**

کۆبوونەوەی چەند سەرۆک فراکسیۆنێکی کوردیی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ حەیدەر عەبادیی سەرۆکوەزیران، دەریخست کورد هێندە برینداریش نییە بە ڕووداوەکەی 30 نیسانی ڕابردوو، کاتێک خۆپێشاندەرانی ڕەوتی سەدر هەڵیانکوتایە سەر بارەگای ئەنجوومەنی نوێنەران و هەندێ لە نوێنەرە کوردەکان پاش گەڕانەوەیان بۆ کوردستان گوتیان کە بەختیان هەبووە دەرباز بوون.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە بەغدا گلەیی لە فراکسیۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان و پارتی دەکات کە بۆ گەڕانەوە بەغدا گوێیان لەوان نەگرتووە و دەڵێ، ئێمە و کۆمەڵ و تەنانەت کاک خەسرەو گۆڕانیش داوای دواخستنی گەڕانەوەمان کرد "دەبوو ئاڵا خان موراعاتی ئێمەی بکردایە و دوایخستبایە بۆ کاتێکی گونجاو، چونکە بڕیار بوو هەندێک مەرج ئامادە بکەین، ئێمە پێمان باش بوو سێشەممە و چوارشەممە بچینەوە بۆ بەغدا و پێنجشەممە دانیشتن بکرێ".

موسەننا ئەمین، ئاماژەی بەوە دا کە ئەمریکییەکان دوو جار تەلەفۆنیان بۆ کردوون و داوایان کردووە بگەڕێنەوە، بۆیە لەوباوەڕەدایە کە کۆدەنگییە کاتییەکەیان بەهۆی فشاری دەرەکی تێکچووبێت و دەڵێ "لەوانەیە شتێک لای ئەوان هەبێت و ئێمە نەیزانین، پێشتریش بە فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵیشم گوتبوو ئێستا کاتی ئەو گەڕانەوەیە نییە، بەڕاستی عەیبە ئێمە پێنج لایەن بەڵێن بەیەک بدەین و دواتر بەبێ ئاگاداری ئێمە تێکیبدەن".

کورد و بەغدا هێندە فایلی ناکۆکیان لە نێواندایە، کاتێک لەسەر مێزی کۆبوونەوە بەیەک دەگەن، نازانن کامیان هەڵبدەنەوە، بەڵام لێکدوورکەوتنەوەی ئەمجارەیان بابەتێکی دیکە بوو. شەقامی شیعی لە بڕیارەکانی پەرلەمان و سەرۆکوەزیران تووڕە بوون و دواتر هەندێک لە پەرلەمانتارانی کورد کەوتنە بەر پەلاماری تووڕەکان. کورد جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ بەغدا تاوەکو پرۆسەی سیاسی دەستپێبکاتەوە، بەڵام گەڕانەوەی پڕ لە ناکۆکی، ئەمجارەیان ئیسلامییەکان زۆرتر ناکۆک خۆیان دەرخست و سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت کە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نامەی بۆ ناردووە و پێیگوتووە دیداریان لەگەڵ عەبادی هەیە "منیش پێمگوت دەی ئاڵا خان منیش سێ ڕۆژە داوات لێدەکەم با جارێ نەگەڕێینەوە".

ئەحمەد حاجی ڕەشید، باسی کۆبوونەوەکەی هەولێر دەکات کاتێک کۆدەنگییان دروستکردووە بۆ ئەوەی بەیەکەوە بڕیار بدەن "بڕیارمان دا پەلەپەل نەکەین و داواکارییەکانی کورد ئامادە بکەین و بینووسین و بەیەک پاکێج بیدەینە عەبادی، دیارە بۆچوونی ئەوان جیاواز بوو، ئەوەیان بەپێویست نەزانی و ڕۆیشتن و ئێمەش نەڕۆیشتین".

گوتیشی "ئاڵا خان مەوعیدەکەی لەگەڵ عەبادی ڕێکخستووە و نامەیەکی ناردووە و دەڵێ ئەوە من پێتان دەڵێم عەبادی ڕۆژی شەممە ئامادەیە بۆ کۆبوونەوە، منیش گوتم ئاڵا خان منیش سێ ڕۆژە داوا دەکەم و دەڵێم با دوای بخەین، شتێکی بەپەلە بوو، ئیدی کارتەکەی دەستمان سووتا و ئەوانە بەرپرسن کە پەلەیان کرد".

لەوەتەی دەستووری نوێی عێراق بە بەشداریی

### کۆمەڵ: لە هەولێر بڕیارمان دا پێکەوە بین بەڵام کۆدەنگییەکە تێکچوو

### پارتی: کۆدەنگییەکە تێکنەچووە

کورد نووسراوەتەوە، کورد دانوستاندن لەگەڵ بەغدا دەکات، بەڵام شتێکی ئەوتۆی لێ شین نەبووە و تازە بە تازە دانوستاندن لەسەر ئەوە دەکرێت ئاخۆ بەغدا پارەی ئەو گەنمە دەنێرێت کە لە جووتیارانی کوردی کڕیوەتەوە یان نا؟

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە بەغدا، ئەوە بەڕاست دەزانێ کە کۆدەنگی هەبووە بۆ ئەوەی پێکەوە بگەڕێنەوە "بەڵام دانیشتنەکانی ئێمە و بەغدا سەلیم جبووری بە هاندانی ئەمریکییەکان

### گۆڕان: بەداخەوە دەبووایە مەرجمان هەبێ

### یەکێتی: کورد بە دەستی خاڵی نەگەڕاوەتەوە بەغدا

و نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکیخستووە، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان پێیگوتین من زۆر پێداگیریم کردووە بۆئەوەی عەبادی ئێوە ببینێ".

خەسرەو گۆران، ڕەتیدەکاتەوە کۆدەنگیی کورد تێکچووبێت و دەڵێ ئەمریکییەکان زۆر هەوڵیان دا کۆمەڵ و یەکگرتوو بێنەوە، بەڵام یەکگرتوو کۆنگرەیان هەبوو، کۆمەڵیش گوتیان ئێستا بێسوودە هاتنەوەمان "با بزانین دادگا بڕیار بدات لەبارەی ئەو پرسەوە، بەهیچ شێوەیەک کۆدەنگییەکەمان تێکنەچووە و ئەمڕۆ پێکەوە چووینە لای عەبادی و نوێنەری یوئێن".

خەسرەو گۆران، باسی کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ عەبادی دەکات کە باسی شەڕی فەللوجە و دۆخی ئەمنیی عێراق و ناوچەی سەوز و چاکسازی و گۆڕینی وەزارەتەکان و کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا و گەنمی جووتیارانی کوردستانی تێدا کراوە و گوتوویەتی ئامادەیە شاندی نوێ دروست بکات بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کورد "بەڵام ئێمە لەو پیاوە تێناگەین، ئەوە چەند جارە ئەو قسانە دووبارە دەکاتەوە".

لە 30ی نیسانی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران کە لایەنگری موقتەدا سەدر بوون، بەربەستەکانی ناوچەی سەوزیان تێکشکاند و دوای ئەوەی چوونە نێو پەرلەمانەوە، هەندێک پەرلەمانتاری کوردیان گەمارۆدا و بە دژواری ڕزگاریان بوو. لەوکاتەوە کورد بەغدای جێهێشتووە و بەردەوام شاندی عێراقییەکان، شیعە و سوننە بەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوەن تاوەکو کورد ڕازی بکەن بە گەڕانەوە. بەڵام وەک موسەننا ئەمین دەڵێت، لانیکەم بڕیاریان دابوو هەندێک داواکاریی کورد وەک مەرج بکەنە نووسراو و لەگەڵ خۆیان بیبەنەوە بۆ دانوستاندن "مەرجمان ئەوە بوو بودجەی پێشمەرگە بدرێت و بودجە بۆ هەڵەبجە و پارەی گەنمی جووتیاران و زەوییە داگیرکراوەکانی کورد و تورکمان لە کەرکووک تەرخان بکرێ، بەڵام دیارە بە دەستی خاڵی گەڕانەوە".

پەرلەمانتارێکی یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە بەدەستی خاڵی گەڕابنەوە "کورد بەدەستی بەتاڵ نەگەڕاوەتەوە بۆ بەغدا، چونکە لە دانیشتن لەگەڵ عەبادی بڕیاری دا دەست بە گەڕێکی دیکەی دانوستاندن لەگەڵ کورد بکاتەوە و پارەی گەنمی جووتیاران بنێرێت و بەبێ گەڕانەوە بۆ کورد هیچ بڕیارێک لەبارەی گۆڕانکارییەکانی کابینەکەی نەدات".

بەختیار شاوەیس، ڕەتیدەکاتەوە کۆمەڵ و یەکگرتوویان جێهێشتبێت "یەکگرتوو لە کۆنگرە بوون و کۆمەڵیش ئەمڕۆ دووشەممە دێنەوە".


بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان کە بۆخۆی لەگەڵ یەکێتی و پارتی گەڕایەوە بەغدا، پێیوایە کۆدەنگییان شکاندووە "بەداخەوە دەبوو بەیەکەوە بین و پەلەپەل نەکەین، دیارە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر پێداگیرییان کرد". وشیار عەبدوڵڵا هەروەها دەڵێ "بڕیار بوو کۆتایی ئەم هەفتەیە بچین وەک برادەرانی کۆمەڵ و یەکگرتوو پێشنیاریان کردبوو، بەڵام بەهۆی فشاری یوئێن و ئەمریکییەکان دیارە دۆخێکی پەلەپەل دروستکرا. بەداخەوە دەبوو مەرجمان هەبووایە".

ئەو ڕەخنە لە یەکێتی و پارتی دەگرێت چونکە "بەڵێنیان بە جبووری دابوو کە یەکشەممە دەگەڕێنەوە، هەرلەوێ ئێمە و کۆمەڵ و یەکگرتووش گوتمان زووە، بەڵام ئەوان ئیلتیزامیان نەکرد".

ناوبراو لەبارەی کۆبوونەوەکەیان لە درەنگانی شەوی 28 ئەم مانگە لەگەڵ عەبادی دەڵێ، تەنیا هەندێک قسەی بێسوود و دووبارەکردنەوە بوون. پێمان گوت باشە دەسەڵات و کەسایەتی ئیتیحادی تۆ کوا کە ماوەی دوو ساڵە نەمانبینی بۆ جارێکیش سەرێک لە بەرەکانی پێشمەرگە بدەی؟ تەنیا جارێک سەرێکت لە ئاوارەکان نەدا لە کوردستان "ئەو گوتی ئێمە سەرقاڵی کێشەکانی خۆمانین و ئێوەش سەرقاڵی کێشەکانی خۆتان".

ژمارە (410) دووشەممە 2016/5/30

## کەماڵ شاکر بەدوای کەسێکی دیکەدا دەگەڕێت



**رووداو- سلێمانی**

بابەعەلی جەباری، گوتەبێژی حیزبی شیوعی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، وا بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی تەممووزی ئەمساڵدا کۆنگرەی شەشەمی حیزبەکەیان ببەستن و گوتی "زۆربەی ئامادەکارییەکانی کۆنگرە تەواو بووە، بەڵام تائێستا نازانین چەند ئەندام بەشدار دەبن و زۆربەی ئاماژەکانیش بۆ ئەوە دەچن کۆنگرەکە لە شاری هەولێر ببەسترێ". سەبارەت بە سکرتێری داهاتووی ئەو حیزبەکە دوو خولە کەماڵ شاکر سکرتێریەتی، جەباری گوتی "لە کۆنگرەی پێنجەمدا هاوڕێ کەماڵ داوایکرد کەسێکی دیکە شوێنی بگرێتەوە، ئێستاش دەیەوێ لە کۆنگرەی داهاتوودا هاوڕێیەکی دیکە ببێتە سکرتێر".

## ئایدن سەلجان، کونسوڵی پێشووی تورکیا لە هەرێمی کوردستان:

# بەهۆی بارزانییەوە تورکیا دژی سەربەخۆیی کوردستان ناوەستێ



**رووداو- هەولێر**

لە تورکیا زۆر سیاسەتڤان هەن کە پێیانوایە ئەنقەرە ناچار دەبێت خۆی لەگەڵ بیرۆکەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بگونجێنێ. ئەگەرنا سەرلەبەری سنووری باشووری تورکیا بە تەواوەتی دادەخرێت. کۆنە دیپلۆماتکارێکی تورک دەڵێت "بەهۆی پەیوەندییە باشەکانیان لەگەڵ پارتی و بنەماڵەی بارزانی، ئەنقەرە لەدژی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کاردانەوەی توند نیشان نادات". پەرلەمانتارێکی پێشووی پارتی دادو گەشەپێدانی دەسەڵاتداریش دەڵێت "سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان مەترسی لەسەر تورکیا دروست ناکات، بەپێچەوانەوە هێزی پێدەبەخشێ".

ئەم رۆژانە لە هەرێمی کوردستان، ئەنجامدانی ریفراندۆم باڵی بەسەر هەر رۆژەڤێکی دیکەدا کێشاوە، وا چاوەڕوان دەکرێ بەر لە کۆتایی ئەمساڵ ریفراندۆم بکرێ، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان تورکیا سەبارەت بەمە بێدەنگە و هیچ کاردانەوەیەکی فەرمی نیشان نەداوە، لەکاتێکدا ئێران قسەی خۆی لەو رووەوە کردووە کە لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆم نین.

### بێدەنگبوون بەمانای پشتگیری نییە

ئەرگون باباهان، رۆژنامەنووس و نووسەری تورک سەبارەت بە بێدەنگیی تورکیا بەرامبەر هەوڵەکانی بارزانی بۆ ئەنجامدانی راپرسی دەڵێت "تورکیا ئەمڕۆ ناچارە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بارزانی هەڵبکات، بەڵام مومکین نییە بەدەنگێکی بەرز دان بەو راستییەدا بنێ. چونکە کوردی سووریاش دەرفەتی راگەیاندنی فیدراڵییان هەیە. تورکیا بێدەنگ دەبێت، بەڵام ئەو بێدەنگییە بەمانای پشتگیری نییە".

هەر لەبارەی ئەو بێدەنگییەی تورکیا، نووسەر و رۆژنامەنووس فەهیم تاشتەکین بە (رووداو) دەڵێت "حکومەتی ئاکپارتی دوای ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکانی تێکچوو، لە بایەخی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان تێگەیشت. پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا بەشێوەیەک خراپ بووە کە هیچ کاتێک بەم ئاستە لە خراپی نەبووە. ئەگەر کورد لەبەرچاو نەگرێت، سنووری لای باشووری بەتەواوەتی دادەخرێت. بۆیە هۆکاری بێدەنگبوونی لە بەرامبەر راپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دیارە چییە".

بەڵام پرۆفیسۆر مەزهەر باغڵی، پەرلەمانتاری پێشووی ئاکەپە بێدەنگیی تورکیا بە کێشەکانی ناوخۆی تورکیاوە دەبەستێتەوە. باغڵی بە (رووداو)ی گوت "ئەمڕۆ تورکیا بەدوو کێشەوە خەریکە، تیرۆری پەکەکە و ناڕازیبوون لە سیاسەتی ناوخۆ. ئەو دوو مەسەلەیە رۆژەڤێکی زۆر گەرمیان دروستکردووە. بەداخەوە تورکیا کاتی ئەوەی نەماوە خۆی بە رووداوەکانی ناوچەکەوە خەریک بکات".

ئەگەرچی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان رەهەندی کوردستانی، عێراقی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە، بەڵام هەڵوێستی تورکیا لەهەموو رەهەندەکانی دیکە بە گرنگتر دادەنرێت. تورکیا چ بەهۆی پێگەی جیۆپۆلیتیکی و چ بەهۆی ئەوەی زۆرترین ژمارەی کورد و گەورەترین پارچەی خاکی کوردستانی لەخۆگرتووە، رۆڵی کلیل لەو مەسەلەیەدا دەبینێ. لە رابردووشدا، نەک هەر لە مەسەلەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، بەڵکو لەهەر مەسەلەیەک کە ناوی کورد و کوردستانی پێوە لکابێ، ئەنقەرە لەدژی وەستاوە.

فەهیم تاشتەکین پێیوایە دەبێت تورکیا خۆی لەگەڵ ئامانجەکانی کوردی باشووری سنوورەکەی رابهێنێ "دەبێت تورکیا واز لە فۆبیای کورد بهێنێ، ئەگەر هەرێمی کوردستانی عێراق گشتپرسیی کرد، دەبێت تورکیا دان بە ئەنجامەکەیدا بنێت. لەلایەک دەبێت ئەو رێگایەی کورد دەیگرنە بەر بۆ عێراق نەبێتە مایەی خۆشکردنی زەمینەی شەڕ و پێکدادان، بۆ تورکیاش نەبێتە مایەی ناسەقامگیری لەسەر سنوورەکانی".

بەبڕوای مەزهەر باغڵی، کاتی ئەوە هاتووە تورکیا پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان بکات "چونکە کوردی هەرێمی کوردستان مەترسی لەسەر تورکیا دروست ناکەن، وڵاتانی رۆژئاوایی لەو جوگرافیایەدا ئاواتی جیاوازیان هەیە. گرنگترین هەنگاو بۆ ئەوەی رێگری لە بەدیهاتنی ئاواتی ئەوان بکرێت، پشتگیریی تورکیایە لە سەربەخۆیی کوردستان".

### ئابووری بۆچوونی تورکیای گۆڕی

لە سایەی پرۆسەی جیهانگیری گۆڕانێکی گەورە بەسەر چەمکی دەوڵەتی سەربەخۆدا هاتووە، ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆ لە رابردوودا واتای جیاکردنەوە و قایمکردنی سنوورەکان بووبێ، ئەوە ئەمڕۆ بە مانای بازرگانی و سەربەستکردنی جووڵەی سەرمایە و هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە بەتایبەتی دەوڵەتانی دراوسێ دێت. لەم روانگەیەوە فراوانبوونی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، خاڵێکی وەچەرخان بوو بۆ ئەوەی تورکیا بۆچوونەکانی رابردووی بگۆڕێت و دەوڵەتی کوردستان بە مەترسی لەسەر خۆی نەبینێ.

ئەرگون باباهان دەڵێت "تورکیا بۆ کوردی عێراق ئەو دەروازەیەیە کە دەیانگەیەنێتە جیهان. لێرەوە وزە بە جیهان دەفرۆشن، پێداویستیەکانیان لە رێگای تورکیاوە دابین دەکەن. وەبەرهێنەرانی تورک ئەوێ وەکو ناوچەیەکی سەرنجڕاکێش دەبینن. ئەم تابلۆیە رێگا بۆ نەرمبوونی هەڵوێستی تورکیا لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان خۆش دەکات".

هاوکات فەهیم تاشتەکین پێیوایە "گەیشتنی پەیوەندییە ئابوورییەکان بە ئاستێکی باڵا کاریگەریی گرنگی هەیە، ئەگەر ئەنقەرە دان بە ئەنجامی ئەو گشتپرسییەدا نەنێت، کورد ناچارن چاو بە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ تورکیا بخشێننەوە. ئەمەش ناچاریان دەکات هەنگاو بۆ دواوە بنێن".

### رۆڵی بنەماڵەی بارزانی گرنگە

ئەمڕۆ پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەگوێرەی میدیاکان مۆرکێکی شەخسی پێوەدیارە، پەیوەندییەکان بوونەتە پەیوەندی بنەماڵەی بارزانی و دەسەڵاتدارانی تورکیا. رەنگە ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان لەدەستی بنەماڵەی بارزانیدان، ئەوەش هانی تورکیا دەدات کە بە چاوێکی ئەرێنی سەیری مەسەلەی گشتپرسی و سەربەخۆیی بکات.

ئایدن سەلجان دیپلۆماتکاری خانەنشینی تورک کە پێشتر بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە هەولێر سەرکونسوڵی تورکیا بووە، بە (رووداو)ی گوت "تا ئەو ئاستەی پێشبینی دەکەم، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سوورە لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی لە مانگی تشرینی دووەم بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا. دەبینین کە ئەنقەرە لەبەردەم ئەو رووداوەدا بەتەواوی بێدەنگە. پارتی تاوەکو ئەمڕۆ، راستگۆیانە دەستی وەرنەداوەتە نێو مەسەلە نێوخۆییەکانی تورکیا و کاروباری هاووڵاتیانی کورد لە تورکیا. دەروازەکانی سنووری رۆژئاوای داخستووە. کاتێک هەموو ئەمانە دەبینین، من پێموایە ئەنقەرە لەدژی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بەهۆی پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ پارتی و بنەماڵەی بارزانی کاردانەوەی توند نیشان نادات. بەپێچەوانەوە دەتوانم بڵێم بناغەی هەماهەنگی ستراتیژی لە نێوان پارتی و ئەنقەرە دروست دەکات".

### "تورکیا لەدژی پەکەکە پشتگیری لە سەربەخۆیی دەکات"

بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی حکومەتی تورکیا لە لێدوانەکانیاندا دەڵێن ئەوان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ کورد لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا نییە. بەڵکو دەڵێن کێشەی ئەوان لەگەڵ پەکەکەیە، کاتێک پەکەکە لەناودەبەن یان چۆکی پێدادەدەن، ئیدی پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد لەناو تورکیا زیندوو دەکەنەوە و لەگەڵ کوردی دەرەوەی سنووری تورکیا برەو بە پەیوەندییەکانیان دەدەن. ئەم قسانەی بەرپرسانی تورکیا وەکو پەیامێک بۆ پارتی لە قەڵەم دەدرێت تاوەکو لە مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە هاوکاریی تورکیا بکات.

ئەرگون باباهان لەوبارەیەوە دەڵێت "پێموایە سەربەخۆیی کوردستانی عێراق کاریگەری لەسەر پەکەکە نابێ. چونکە پەکەکە لە جوگرافیایەکی بەریندا لە شەنگالەوە تا رەققە، لە ئامەدەوە تاوەکو قەندیل بەشێوەیەکی بەهێز خۆی رێکخستووە. تادێت پشتگیری زیاتری خەڵک بەدەست دێنێ. لە رێگای پەیەدەوە لە ئەوروپا و ئەمریکا دانی پێدادەنرێت، میدیایەکی بەهێزی هەیە. چارەنووسی ئەو مۆدێلە رێکخستنە پەیوەست نابێت بە رێککەوتنی بارزانی – ئەردۆغان".

پەرلەمانتاری پێشووی ئاکپارتی و مامۆستای زانکۆ مەزهەر باغڵی پێیوایە چاوەڕوانیی تورکیا لە کوردستان بۆ پشتگیرینەکردنی پەکەکە زۆر رەوایە "ئەگەر باس لە پەیوەندیی ستراتیژی دەکرێت، دەبێت پێداویستییەکانی ئەو پەیوەندییە جێبەجێ بکرێن. واتە تورکیا دەخوازێ پەکەکە لەناو ببات و لەم رووەوە داوای هاوکاری لە ئیدارەی کوردی دەکات. وەکو دەزانن هێزی سەرەکی پەکەکە لەو جوگرافیایەدایە".

مەزهەر باغڵی هەروەها دەڵێت "بێگومان تورکیا ناخوازێ بەڕێز بارزانی بەناوی تورکیاوە شەڕی پەکەکە بکات، داواکردنی ئەمەش راست نییە، بەڵام تورکیا لە گیرسانەوەی ئەو گرووپە یاخییە لەهەرێمی کوردستان نیگەرانە. تورکیا لە هەموو هەلومەرجێکدا لە مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە چاوەڕێی پشتگیرییە لە بەڕێز بارزانی. بێگومان کاتێک ئەو پشتگیرییە دەبینێ، هەڵوێستی جیاوازتر دەبێ".

# 150 کیلۆمەتر سنووری نێوان سووریا و عێراق بەدەست کوردەوەیە



**ناسر عەلی**
**رووداو-رەبیعە**

نزیکەی دوو ساڵە، 150 کیلۆمەتر لەو سنوورەی کە براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێوان باشوور و رۆژئاوای کوردستاندا کێشاویانە، لەمدیوەوە کەوتووەتە دەستی پێشمەرگە و لە دیوی ئەودیویش بەدەست شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەلەوەیە.

لە پیشابوورەوە لەلای باکوور، تاوەکو دەگاتە شنگال، هەردوو دیوی تەواوی ئەو سنوورە بەدەست پێشمەرگە و شەڕڤانانەوەیە و حکومەتی عێراق و سووریا هیچ دەسەڵاتێکیان لە ناوچەکەدا نییە.

هێرشی داعش بۆ سەر مووسڵ لە حوزەیرانی 2014 زۆر شتی گۆڕی، ئەو ناوچانەی کە بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر ناسراون و دەکەونە سنووری پارێزگای نەینەوا، لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقدا نەمان، پاش ئەوەی بە تەواوی لەژێر دەستی داعش دەرهێنران.

ئەم شەڕە گۆڕانکارییەکی گەورەشی بەسەر نەخشەی ناوچەکەدا هێنا، پێشمەرگە لە باشووری کوردستان و شەڕڤانان لە رۆژئاوای کوردستان چەندین دەروازەی سنوورییان کۆنترۆڵ کرد کە پێشتر سەرپەرشتی و ئیدارەیان بەدەست حکومەتی سووریا و عێراقەوە بوو.

ئەو گوندنشینانەی بە درێژایی سەدەی رابردوو بە زەحمەت دەیانتوانی لە سنوورەکان بپەڕنەوە، ئێستا تەنیا بە مۆڵەت و روخسەتێکی ئاسایی پێشمەرگە و شەڕڤانان ئەمبەر و ئەوبەری سنوور دەکەن.

لە پردی سحێلاوە تاوەکو شنگال بە سەتان گوند بەدی دەکرێن کە شێوازی دروستکردنیان و شێوەی ژیانی خەڵکەکانیان لەگەڵ گوندەکانی ئەوبەری سنوور هیچ جیاوازییەکی نییە، زۆربەی ئەوانە پێشتر خزم و ناسیاوی یەکدی بوون، بەڵام زلهێزەکانی دونیا لێکیان جیاکردوونەتەوە.

ئیسماعیل محەممەد، 65 ساڵ، خەڵکی گوندی کەلا میرا لەسەر سنوور، دەڵێت "سەت ساڵە ئەو سنوورە کێشراوە، بەڵام پەیوەندیمان لەگەڵ خزمەکانمان لەودیو نەپچڕاوە، دوای ئەوەی سنوورەکە کەوتە دەستی پێشمەرگە و شەڕڤانان، ئێستا زیاتر لە جاران سەردانی یەکدی دەکەین".

دوای کێشانی سنوور لە نێوان عێراق و سووریا، بەشێکی گوندەکەی مام ئیسماعیل کەوتە نێو خاکی رۆژئاوای کوردستانەوە. مام ئیسماعیل یادگاریی تاڵی لەگەڵ ئەو سنوورە هەیە و دەڵێت "لەوەتەی بەبیرم دێت هەر عەرەب لەم سنوورانە بوون، بەردەوام کێشەیان بۆ ئێمە دروست دەکرد، زۆرجار دەستگیریان دەکرین و قسەی ناشرینیان پێدەگوتین، بەڵام ئێستا وا هەست دەکەین کە یەک وڵاتین، لە هەردوو دیو کورد دەسەڵاتدارن".

حوسێن سالم، فەرماندەی پێشمەرگە لەو سنوورە چەند زانیارییەکی لەبارەی رەوشی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای کوردستان دایە (رووداو) و گوتی "بەدرێژایی 150 کیلۆمەتر سنووری نێوان عێراق و سووریا کە لە سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی رابردوو کێشراوە، تەنیا لەسەر نەخشە ماوە، لەسەر ئەرزی واقیع هیچ سنوورێک نەماوە، ئێمە لە هەردوولا کوردین و متمانەمان بە یەکدی هەیە و خیانەت لە یەکدی ناکەین".

کاڵبوونەوەی ئەو سنوورە چەندینجار فریای کورد کەوتووە، لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر شنگال، ژمارەیەکی زۆری کوردی ئێزدی کە پەنایان بردبووە بەر چیای شنگال، دوای ئەوەی لەلایەن پێشمەرگە و شەڕڤانانەوە رێی دەربازبوونیان بۆ کرایەوە، لەو سنوورەوە چوونە رۆژئاوای کوردستان و دواتر هەر لەو سنوورەوە خۆیان گەیاندە پارێزگای دهۆک.

لە مانگی شوباتی ئەمساڵیشدا پێشمەرگە بە چەکی قورسەوە لەو سنوورە پەڕینەوە و یارمەتی شەڕڤانانیان دا بۆ دەرهێنانی چوار گوندی دیوی رۆژئاوا لە دەستی داعش.

سەرچاوەیەکی سەربازی لەو ناوچەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "ماوەیەک بوو کار لەسەر کردنەوەی دەروازەیەکی سنووری لە نێوان هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای کوردستان دەکرا، بەڵام ئێستا کارەکانی سست بووە".

لەو سنوورەدا دوو دەروازەی رەبیعە و سێمالکا هەن کە بەهۆی ناکۆیی سیاسی نێوان دەسەڵاتدارانی هەردوو بەشەکەی کوردستانەوە ئێستا داخراون و تەنیا بەشێوەیەکی زۆر سنووردار دەکرێنەوە.

ئەو سەرچاوە سەربازییە گوتی "راستە هەندێکجار لە راگەیاندنەکانەوە هەندێک ئاماژە دەدرێن کە پەیوەندی نێوان هێزەکانی باشووری کوردستان و رۆژئاوای کوردستان خۆش نییە، بەڵام بەو شێوەیە نییە. ئێستا هەردوو هێز لەو سنوورە بە هەماهەنگی کار دەکەن".

## کریستن ئۆز، بەڕێوەبەری پرۆگرامی عێراق لە سندوقی نێودەوڵەتیی دراو بۆ (ڕووداو):

# پێنج ملیار دۆلارەکە بەجێبەجێکردنی سێ مەرج دەدەینە عێراق



**کریستن ئۆز، بەڕێوەبەری پرۆگرامی عێراق لە سندوقی نێودەوڵەتیی دراو لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی ڕووداو کە بەمزیکانە بڵاودەبێتەوە، وردەکاریی ئەو پێنج ملیار دۆلارە باس دەکات کە سندوقی نێودەوڵەتیی دراو بەنیازە بە قەرز بیداتە عێراق. ئەو پێیوایە ئەو پێنج ملیار دۆلارە عێراق لەم قەیرانە ڕزگار دەکات کە بەهۆی شکانی نرخی نەوت دووچاری بووە، بەڵام دەڵێت بۆ ئەوەی قەرزەکە بدەنە عێراق، سێ مەرجیان داناوە و دەبێت عێراق جێبەجێیان بکات. هەروەها دەڵێت ئەو قەرزە بە 14 قیست دەدەنە عێراق و بۆ هەر قیستێکیش مەرجێکیان هەیە.**

هەڤپەیڤین: نامۆ عەبدوڵڵا
ڕووداو - واشنتن

**ڕووداو: دەمەوێ باسی قەرزەکەی ئەمدواییە بکەین کە سندوقی نێودەوڵەتیی دراو (IMF) بە عێراقی داوە، یان بەڵێنی داوە بە عێراقی بدات کە زیاتر لە پێنج ملیار دۆلارە. چی وای لێکردن لەم ساتەوەختەدا ئەم بڕیارە بدەن؟**

**کریستن ئۆز:** عێراق تووشی بارودۆخێکی سەخت بووە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، سندوقی نێودەوڵەتیی دراو دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتییە، کاتێک وڵاتەکان تووشی شۆکێکی دەرەکی دەبن بە هانایانەوە دەچێت. شکانی نرخی نەوتیش یەکێکە لەو حاڵەتانەی کە تێیدا ئێمە یارمەتی وڵاتان دەدەین. ئێمە لە پاییزی ساڵی پارەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق لە گفتوگۆدابین، بۆ ئەوەی باسی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکە بکەین. لەسەر هەنگاوەکانی حکومەتی عێراقی بۆ چارەسەریش ڕێککەوتووین کە پێمانوایە ئەم هەنگاوانە بەشی ئەوە بەهێزن سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بتوانێت قەرزی بداتێ.

**ڕووداو: ئایا پێتوایە ئەم قەرزە کە تەنیا پێنج ملیار دۆلارە، یارمەتی عێراق بدات لەم قەیرانە دەربچێت؟**

**کریستن ئۆز:** بەڵێ، بەبڕوای من ئەمە یارمەتی عێراق دەدات لەم قەیرانە دەربچێت. ئەو کێشەیەی عێراق تووشی بووە بریتییە لەوەی خەرجییە گشتییەکانی هەتا ئێستاش بەپێی نرخی نەوت دانراوە، ئەمەش نرخەکانی ئەو کاتەی کە نەوت هێشتا زۆر گران بوو، واتە 100 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. ئێستا هیچکەس پێشبینی ئەوە ناکات ئەو بەها بەرزە بگەڕێتەوە، بۆیە عێراق دەبێت بەپێی ئاستی نوێی نرخی نەوت چارەسەری خەرجییەکانی بکات کە نرخێکی کەمتریشە، پرۆگرامەکەش ڕێک ئەمە دەکات. عێراق کۆمەڵێک هەنگاوی چارەسەری هەڵهێناوە، ساڵی پێشوو، واتە 2015، بە بەراورد لەگەڵ 2014، خەرجییەکانیان بە ڕێژەی 30% دابەزاندووە، ئەمەش کەمکردنەوەیەکی زۆری خەرجییەکانە، ئێستاش لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێککەوتووین خەرجییەکان لە ئاستی خەرجییەکانی 2015دا ڕابگرێت. ئەگەر حکومەت بۆ چەند ساڵێک ئاستی خەرجییەکان لە ئاستی 2015دا ڕابگرێت، ئەوە کورتهێنانەکەش دادەبەزێت. ڕاستە نرخەکانی نەوت ناگەڕێتەوە بۆ 100 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، بەڵام لە ئاستی ئێستای نرخەکان بەرزتر دەبێتەوە، هەر بۆیە ئەگەر خەرجییەکان لە ئاستی 2015 بەردەوام بن، ئەوە هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، ڕێگە خۆش دەبێت بۆ ئەوەی کورتهێنانەکە و کەڵەکەبوونی قەرزەکان کەم بکرێتەوە. حکومەت هەتا ئێستاش کورتهێنانی زۆری هەیە، ئەم قەرزەش یارمەتییەکی داراییە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە. جیا لەمە وەکوو چۆن زۆربەی جارانیش هەروایە، کاتێک (IMF) پارە بە قەرز دەدات، یارمەتیدەرەکانی دیکەش دێنە پێش.

**ڕووداو: حکومەتی عێراق پارەیەکی زۆر لە کەرتی گشتیدا خەرج دەکات، کەرتی تایبەت لە عێراق لاوازە، چ پرۆگرامێکتان لەبەر چاوە بۆ ئەوەی عێراق خەرجییەکانی کەم بکاتەوە؟**

**کریستن ئۆز:** لەم پرۆگرامەدا بنچینەیەک هەیە بۆ خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان، پرۆگرامی خۆراکیش بەشێکە لەو بنچینەیە. کەوابێت ئەمجۆرە خەرجییە ئەوە نییە کە حکومەت بەگوێرەی پرۆگرامەکە کەمی دەکاتەوە، بەڵکو خەرجی وەبەرهێنانە غەیرە نەوتییەکان کەم دەکرێنەوە کە بەشی سەرەکی کەمکردنەوەکە لەخۆدەگرێت، زۆربەی کەمکردنەوەکان لەوێدا دەبن. هەروەها کۆمەڵێک هەمووارکردنەوەی مووچەش لەئارادا دەبێت، بەڵام زۆربەی کەمکردنەوەکە لە خەرجیی وەبەرهێنانی غەیرە نەوتیدا دەبێت، ئەو ژمارانەی کە ئێمە بە بەراورد لەگەڵ 2015 لەگەڵ عێراق لەسەری ڕێککەوتووین، واتە هەموو خەرجییەکانی ئێستا، وەکوو مووچە، خانەنشینی، کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان، گواستنەوە لەچاو خەرجییەکانی 2015 بەرزبوونەتەوە، وەکوو دەزانیت ئەوان لە 2015 خەرجییەکی زۆریان کەمکردەوە، ئێمەش پێیاندەڵێین زۆر باشە، ئێوە زۆربەی کەمکردنەوەکانتان کرد، ئێستاش پێویستە خەرجییەکان لەو ئاستەدا ڕابگرن، ئەگەر بتوانن خەرجییەکان لەو ئاستەدا بهێڵنەوە کە لە 2015 جێبەجێتانکردووە، ئەوە شیانی ئەوەش هەیە لەگەڵ ئێوە دەست بە پرۆگرامێک بکەین بۆ دەرچوون لە قەیرانەکە.

**ئەو پێنج ملیار دۆلارە عێراق لە قەیران ڕزگار دەکات**

**حکومەتی عێراق خەرجییەکانی بە ڕێژەی 30% دابەزاندووە**

**لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێککەوتووین خەرجییەکانی لە ئاستی ئەوەی 2015دا ڕابگرێت**

**ڕووداو: یەکێک لەو مەرجانەی (IMF) بۆ پێدانی قەرزەکان لەسەر عێراقی داناوە، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە. بەوردی داوا دەکەن عێراق چی بکات بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە؟**

**کریستن ئۆز:** ئەم مەرجە لە ئاکامی گفتوگۆیەک لە نێوان لیژنەی دەستپاکی و ستافی خۆمان پێی گەیشتووین، لە بنەڕەتیشدا گەیشتووینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە یاسای لیژنەی دەستپاکی دەبێت بەهێزتر بکرێت، بۆ ئەوەی ستافی لیژنەی دەستپاکی پارێزراوتر بن، ئەمە ڕێوشوێنی یەکەم بوو. ڕێوشوێنەکەی دیکە بریتییە لە دانانی سیستەمێک بۆ ئاشکراکردنی سامانی خاوەن دەسەڵاتی کارگێڕیی سیاسی.

**ڕووداو: سیاسییەکان...؟**

**کریستن ئۆز:** نەک هەر سیاسییەکان، بەڵکو ئەوانەش کە لە کەرتی خزمەتگوزاریدا پۆستی باڵایان هەیە، کەسی خاوەن دەسەڵاتی کارگێڕی سیاسین. واتە ئەوانەی لە دەسەڵاتدان.

**ڕووداو: مووچەکەیان دەبێت ئاشکرا بێت؟**

**کریستن ئۆز:** نەک هەر مووچەکەیان، سامانەکەیان، موڵکەکانیان و داهاتە داراییەکانیان کە هەیانە، ئێستا ئەم سیستەمە لە عێراق هەیە، واتە ئاشکراکردنی سەروەت و سامان بۆ خەڵک، بەڵام هیچ سزایەک دانەنراوە بۆ ئەو کەسەی جێبەجێی ناکات. ئەو ڕێوشوێنەی ئێمە بیرمان لێی کردووەتەوە ڕەشنووسی یاسایەکە کە سەربەخۆیی لیژنەی دەستپاکی بەهێزتر بکات، هەروەها سیستەمی ڕاگەیاندنی داراییش بەهێزتر بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر سەرپێچی کرا سزاش هەبێت.

**ڕووداو: ئەو سزایانە چین کە (IMF) دایناوە ئەگەر هاتوو سیاسییە باڵاکان یانیش کەسایەتییەکانی عێراق داهاتی خۆیان ئاشکرا نەکرد؟**

**کریستن ئۆز:** ئێمە سزاکان جێبەجێ ناکەین، بەڵکو سیستەمەکە یاسایەک لەخۆدەگرێت کە دەکەوێتە لای عێراق، کەواتە سزاکان لە ڕێگەی ئەو لایەنەوە جێبەجێدەکرێن کە یاساکە دیاریکردووە، واتە دامەزراوە عێراقییەکە، بەڵێ ئەمە بەمشێوەیە بەڕێوەدەچێت.

**ڕووداو: بەڵام ئەمانە مەرجەکانی (IMF)ن، بۆ نموونە بەهێزترکردنی لیژنەی دەستپاکی کە بۆ حکومەتی عێراق دانراون، مادام ئەمانە مەرجەکانی ئێوە بن، ئایا ئێوە نابێت کۆمەڵێک ڕێوشوێنی جێبەجێکردنیشتان هەبێت؟**

**کریستن ئۆز:** ئەمانە مەرجەکانی (IMF) نین، بەڵکو لێکەوتەی گفتوگۆی نێوان ستافی لیژنەی دەستپاکی و ستافی نووسینگەی سەرۆکوەزیرانن، ئەمانە لە بنەڕەتدا ڕێوشوێنی عێراقییەکان خۆیانە، ئەمە پێشنیازی خۆیانە، ئەوان پێیانوابووە ئەمانە دەکرێت یارمەتیدەر و سوودبەخش بن، دواتر ئەوانیش ئەمانەیان وەکوو کۆمەڵێک پێوەر لە ناو پرۆگرامەکەدا داناوە، جێبەجێکردنی ئەمە دەکەوێتە سەر عێراقییەکان.

**ڕووداو: حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەیان لە نێواندا هەیە، سەبارەت بە بودجە و نەوت، بەرپرسانی کوردیش لە واشنتن بوون بۆ ئەوەی لە لای سیاسییەکانی واشنتن لۆبی بکەن و دڵنیا بن لەوەی هەندێک لەو قەرزانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیدات بە عێراق بۆ کوردستان بێت، ئایا (IMF) ئەمەی کردووە بە مەرجێک بۆ بەغدا بۆ ئەوەی پشکی هەرێمی کوردستانیش لەم قەرزە بدات؟**

**کریستن ئۆز:** ئەوەی ئێمە کردوومانە ئەوەیە کە پرۆگرامێک دابنێین لەسەر بنەمای ڕێککەوتنەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی فیدراڵییە لە بودجەدا، وەکوو دەزانیت لە ڕێککەوتنی نەوت لە نێوان کوردستان و حکومەتی فیدرالیدا هاتووە کە کوردستان داهاتە نەوتییەکانی بدات بە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی فیدراڵیش پشکی هەرێمی کوردستان بنێرێتەوە، وەکوو ئەوەی لە بودجەدا دانراوە. ئێمە لە کاتی دانانی ئامانجەکانماندا ئەوەمان لەبەر چاوگرتووە کە ئەم ڕێککەوتنی نەوتە دەبێ جێبەجێ بکرێت، لە گفتوگۆکان لە دانیشتنەکانی زستاندا، هەروەها لە دانیشتنەکەی دیکەمان لە عەممان، وەزیری پلاندانانی کوردستان لە گفتوگۆکاندا بەشداربوو، حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کار لەسەر چەندین ڕێوشوێن بکەن بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی نەوت، بیرۆکەکەش ئەوە بوو چاودێرێکی سەربەخۆ چاودێری ئەو نەوتە بکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەربەخۆیی دەیفرۆشێت، پاشان لە جیاتی ئەو ڕێکارەی کە حکومەتی هەرێم داهاتەکە بنێرێتەوە بۆ بەغدا و بەغداش پشکەکە بنێرێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیستەمێک داناوە کە تێیدا ئەو چاودێرەی چاودێری فرۆشتنی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات نەوتی فرۆشراو و ئەو پشکەی بەغدا دەبێت بیدات بە حکومەتی هەرێمی کوردستان جیا دەکاتەوە، لێرەشدا هەر کامیان قازانجەکە دەدەنەوە بە یەکدی. ئەمە میکانیزمێکە کە هەم نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەکەدا و وەزیری دارایی عێراق ڕازیبوون وەکوو بەشێک لە پرۆگرامەکە کاری لەسەر بکەن.

**ڕووداو: ئایا (IMF) داوای ئەوەی کردبوو کە نوێنەرێکی کوردیش لە کۆبوونەوەکەدا بێت؟**

**کریستن ئۆز:** ئەمە حکومەتی فیدرال خۆی کردبووی، ئێمە پێشوازیمان لە بیرۆکەی بەشداری نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانوستاندنەکەدا کرد، بەڵام ئێمە داوای ئەمەمان نەکردبوو، چونکە ئەمە بۆ حکومەت خۆی دەگەڕێتەوە بڕیار بدات لە ناو شاندەکەیاندا کێی تێدا بێت. بەڵام ئێمە دڵخۆش بووین بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەری لە شاندەکەدا هەبوو.

**بۆ حکومەتی فیدراڵیمان دیاری کردووە کە چی بداتە هەرێمی کوردستان**

**پێنج ملیار دۆلارەکە بە 14 بەش دەدەینە عێراق**

**بۆ هەر بەشێک لەو قەرزەی دەیدەینە عێراق مەرجمان هەیە**

**سوودی ئەو قەرزەی دەیدەینە عێراق لە نێوان 1% تاوەکو 3%یە**

**ڕووداو: ئایا دەتوانێ بڵێیت (IMF) هیچ مەرجێکی بۆ حکومەتی عێراق داناوە بۆ ئەوەی لەم قەرزە پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بدات، یانیش قەرزە نێودەوڵەتییەکانی دیکە کە عێراق وەریدەگرێت؟**

**کریستن ئۆز:** ئێمە کۆمەڵێک ئامانجمان داناوە کە حکومەتی فیدراڵی دەبێت پێیانبگات، یەکەم ئامانج کورتهێنانەکەی بەشی غەیرە نەوتی دەگرێتەوە، واتە دەرکردنی خەرجییە غەیرە نەوتییەکان لە داهاتە غەیرە نەوتییەکان، لەم ئامانجەیاندا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دانراوە، کەواتە بۆ حکومەتی فیدراڵیمان دیاریکردووە کە ئەوەی پێویستە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانی بدات بە کێ و کام بەشی بدات، لە پرۆگرامەکەدا بەمشێوازە مامەڵەمان لەگەڵ پرسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە.

**ڕووداو: ئەگەر عێراق نەیتوانی ئەو ئامانجانە بپێکێت کە (IMF) دایناون، ئەو کات (IMF) چی دەکات؟ ئایا پێدانی قەرزەکان لە داهاتوودا ڕادەگرن؟ سزاکەی چی دەبێت؟**

**کریستن ئۆز:** جارێ زووە بۆ باسکردنی ئەمە. هەتا ئێستا لەسەر قەرزێکی گەورەی 5.4 ملیارد دۆلاری ڕێککەوتووین، بڕیار وایە ئەم قەرزە بە چواردە بەش بدرێت، بۆ هەر کام لە بەشەکان مەرجمان داناوە، بۆیەش جارێ دەبێ دانیشین و بزانین بۆچی فڵانە ئامانجە نەپێکراوە، جارێ زۆر سەختە بەوردی بزانین هەڵوێستمان چی دەبێت ئەگەر هاتوو بینیمان فڵانە مەرجە جێبەجێ نەکراوە. هەتا ئێستا بەپێی ئەوەی من بیستوومە ئەمانە کۆمەڵێک مەرجن کە حکومەت خۆی دایناون، بۆیەش هیچ هۆکارێک نابینم حکومەت بەنیاز نەبێ مەرجەکان جێبەجێ بکات.

**ڕووداو: ڕێژەی سوودی سەر قەرزەکە چەندە؟**

**کریستن ئۆز:** ڕێژەی سوودەکان لە نێوان 1% بۆ 3% دەبێت، ئەمەش پەیوەستە بە قەبارەی قەرزەکە، هەرچی قەرزەکەت (IMF) زیاتر بێت تێچوونەکەشی زیاتر دەبێت، هەر بۆیەش لە هەندێک قۆناغدا ڕێژەکە 3%یە، هەڵبەت بە 1% دەستپێدەکەین، پاشان بەرز دەبێتەوە بۆ 3% و دواتریش دیسان بۆ 2% دادەبەزێت.

**ڕووداو: یەکێک لە ئامانجەکان ئەوەیە دڵنیا بن حکومەتی عێراق قەرزەکانی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان بداتەوە، دەتوانیت زیاتر باسی ئەمەمان بۆ بکەیت؟**

**کریستن ئۆز:** بەڵێ، لە پرۆگرامەکەدا حکومەتەکان پابەندن بەوەی قەرزی دواکەوتوو لەسەر خۆیان کەڵەکە نەکەن، جا چی لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت بێت یانیش یارمەتیدەرە عێراقییەکان بێت. دەزانین کە لە کۆتایی 2015 حکومەتی عێراقی 6.5 ملیار دۆلار قەرزی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتی لەسەر بوو، لێرەدا تەنیا باسی حکومەتی فیدراڵ دەکەم، حکومەت کەم تا زۆر هەمان ڕێژە قەرزی یارمەتیدەرە عێراقییەکانیشی لەسەرە، 7.5 تریلیۆن دیناری عێراق کە دەکاتە نزیک 6.4 ملیار دۆلار، بۆ ئەوەی بتوانین بەرەو پێش بچین، حکومەت لە پرۆگرامەکەدا بەڵێنی داوە قەرزی دواکەوتووی دیکە لەسەر خۆی کەڵەکە نەکات، ئێستا دەبێت لە ماوەی 90 ڕۆژدا پارەی کۆمپانیاکان بدات، واتە هەم کۆمپانیاکانی ناوخۆ و هەمیش کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت. ئینجا بۆ قەرزەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان نەوت کۆمەڵێک حیساب هەن کە بیریان لێکراوەتەوە و وەزارەتی نەوتیش پێداچوونەوەی بۆ کردوون، حکومەت بەڵێنی داوە هەتا کۆتایی 2016 ئەم قەرزانە بداتەوە، بۆ قەرزە ناوخۆییەکانیش کە هەمان بڕە پارەیە، ئەمانە بە هەمان وردبینییەوە دانەنراون، بۆیەش دەستەی باڵای چاودێری دەبێت پێیاندا بچێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئایا جێی باوەڕن یان نا، ئەگەر جێی باوەڕبوون ئەوە حکومەت لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەو قەرزانەی لایەنە ناوخۆییەکانیش دەداتەوە.

**ڕووداو: کێشەی قەرزی کۆمپانیا نەوتییەکان تەنیا لە بەغدا نییە، بەڵکو لە هەرێمی کوردستانیش هەیە، کۆمپانیای زەبەلاحی وەکوو ئێکسن مۆبیل، شێفرۆن، تۆتاڵ، گازندەیان هەیە کە پارەیان پێنەدراوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیان قەرزدارە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت بەغدا پارە نانێرێت، هەر بۆیەش ناتوانن پارەی ئەو کۆمپانیایانە بدەن، ئایا لەم پەیوەندییەدا هیچ هەیە بیکەن، واتە تەنیا بەغدا پێویست ناکات مەرجەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتدا جێبەجێ بکات، بەڵکو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەبێت بیکات؟**

**کریستن ئۆز:** نەخێر ئێستا شتی وانییە، پرۆگرامەکە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵە، هەر بۆیەش فۆکس و سەرنجمان لەسەر حکومەتی فیدراڵە، چونکە ئەوان لایەنی هاوبەشی ئێمەن. کاتێک باشتر لە مەسەلەکان تێگەیشتین و کاتێک پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا پەرەی سەند، ڕەنگە لەو کاتەدا ئەو قەرزانەش بخەینە ناو پرۆگرامەکەوە، بەڵام ئێستا ئەمە لەئارادا نییە.

**ڕووداو: کەواتە دەتوانین بڵێین ئێوە تەنیا چاوەڕوانی ئەوە لە بەغدا دەکەن قەرزەکانی کۆمپانیاکان بداتەوە نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان؟**

**کریستن ئۆز:** بەڵێ.

**ڕووداو: ئایا بە گوێرەی (IMF) سپیکردنەوەی پارە پرسێکی گەورەیە لە عێراق؟**

**کریستن ئۆز:** بەڵێ بێگومان کێشەیە، عێراق لەسەر لیستی ئەو وڵاتانەیە کە تیمی دارایی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و پێدانی سەرچاوەی دارایی تیرۆریزم چاودێریان دەکات، ئێمە یارمەتی تەکنیکی بە بانکی ناوەندی دەدەین، بۆ ئەوەی بتوانن یاساکەیان جێبەجێ و بەهێزتر بکەن لە دژی سپیکردنەوەی پارە و دابینکردنی سەرچاوەی دارایی تیرۆریزم.

**تاوەکو کۆتایی 2015 عێراق 6.5 ملیار دۆلار قەرزی کۆمپانیاکانی نەوتی لەسەر بوو**

**دەبێت عێراق لە ماوەی 90 ڕۆژدا قەرزی کۆمپانیاکانی نەوت بداتەوە**

ڕووداو: ئایا قەرزەکە هەتا ئێستا پەسند نەکراوە؟

کریستن ئۆز: نەخێر.

**ڕووداو: لە تەمموزدا پەسند دەکرێت؟**

**کریستن ئۆز:** بەڵێ، سێ هەنگاوی پێشوەخت هەیە کە دەسەڵاتی عێراقی دەبێت بیهاوێت، یەکەمیان پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی جێبەجێکردنی بودجەی چارەکە ساڵە بە پەرلەمان، واتە بۆ پەرلەمانی ڕوون بکەنەوە کە جیاوازی هەیە لەنێوان پرۆگرامی دارایی لە 2016 لەژێر ڕێوشوێنە وەستێنراوەکان و ئەو بودجەیەی سەرەتا خرابوویە ڕوو، هەروەها هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی کە گیراوەتە بەر بۆ پێداچوونەوە بە دابەزینی بودجە، ئەمە کارێکە هەر دەبێت بکرێت، لەبەر ئەوەی بودجە لەسەر نەوتی 45 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دانراوە، بەڵام ئێمە بڕوامان وایە لە 2016 دا نرخی نەوت زۆر نزم دەبێت، ئەمە یەکێک لە هەنگاوە پێشوەختەکانە. کاری پێشوەختەی دووەم ئەوەیە کە حکومەت یان ئەنجوومەنی وەزیران ڕازیبووە بەوەی حاڵەتەکانی لێخۆشبوون لە باجی سەر مووچەی فەرمانبەرانی پلە تایبەت کەم بکاتەوە، ئەمە بڕیارێکە کە دەبێت بدرێت، ئەمە 300 ملیار دینار بۆ داهاتی ئەمساڵ دەگەڕێنێتەوە و ساڵی داهاتوو 600 ملیار دینار بۆ داهات دەگەڕێنێتەوە. دوایین کاری پێشوەختیش بریتییە لەوەی وەزارەتی دارایی پێویستە پلانێکی نوێ خەرجکردن دابڕێژێت کە هاوتەریب بێت لەگەڵ کەمکردنەوەی خەرجییەکان لە 2016. ئەم سێ کارە پێشوەختە دەبێت بکرێت پێش ئەوەی ئێمە بتوانین دۆکومێنتی خۆمان بۆ بۆردی بڕیاردەر بنێرین.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر نەیانکرد؟**

**کریستن ئۆز:** ئەو کاتە ئێمە ناتوانین بچینە لای بۆردەکەی خۆمان، چونکە ئەمانە کاری پێشوەختن و حکومەتیش دەزانێت.



## دەمیرتاش: پرۆفیسۆرە درۆزنەکان پارەیان وەرگرتووە

**ڕووداو- ئامەد**

سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان HDP بە توندی ڕەخنەی لە دەسەڵاتی تورکیا گرت کە لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ "گۆڕینی مێژووەوە" دەیەوێت مافی کوردان پێشـێل بکات و ڕایگەیاند "وڵاتی 40 ملیۆن کورد، پارچەپارچە کراوە، ئەوان ڕووبەڕووی کۆکوژی بوونەتەوە. 100 سـاڵ لەمەوبەر ئێرە وڵاتێک بوو بە ناوی کوردسـتان." دەمیرتاش ئاماژەی بەوەشـکرد کە "مێژوییەکی دەسـتکرد نووسراوەتەوە" بۆ سڕینەوەی کورد و گوتی "لە ئەرشیفی بەڵگەکانی دەوڵەتدا بە ئاشـکرا باسـی کورد کراوە. بەڵام پارەیان دا بە پرۆفیسـۆرە درۆزنەکان بۆ ئەوەی مێژوییەکی دەستکردیان پێ بنووسنەوە".

## ئەحمەد نەسین، کوڕی نووسەری ناوداری تورک عەزیز نەسین بۆ (ڕووداو):

# دەوڵەتی شاراوە لە تورکیا دەستبەکار بووەتەوە



ئەحمەد نەسین، کوڕی نووسەری بەناوبانگی تورک عەزیز نەسـینە. پاش کودەتاکەی 12ی ئاداری 1970 بۆ خوێندن دەچێتـە ئینگلتـەرا. دوای گەڕانەوەی بۆ تورکیـا لەسـاڵی 1977 دەچێتـە ڕیزی ڕێکخراوە چەپـەکانی تورکیا. پاشـانیش بۆ ماوەیەک دەسـت بە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکات. لەدوای کودەتای 12ی ئەیلولـی 1890 بـۆ ماوەیـەک دەستگیر دەکرێت.

پاش ئازادکردنی دەست بە نووسینی پەرتووک دەکات.

نەسـین ئێسـتا ئەندامی هەدەپەیە و بـۆ ڕۆژنامەکانـی نزیـک لـە هەدەپە دەنووسـێت. ئەحمـەد نەسـین لـە هەڤپەیڤینێکـدا لەگـەڵ (ڕووداو) باسـی هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسـەر پەرلەمانتارانـی هەدەپـە و ئەگـەری دادگاییکردن و کاردانەوەکانی دوای ئەو دادگاییە دەکات.

ڕووداو- هەولێر

## ئەگەری دادپەروەری لە دۆسیەی پەرلەمانتارانی هەدەپە سفرە

**ڕووداو: بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هەڵگرتنـی پارێزبەندی پێویستە چی بکرێت؟**

**ئەحمـەد نەسـین:** لـە مەسـەلەی هەڵگرتنـی پارێزبەنـدی پێویسـتە هەمـوو دیموکراتخوازەکان بەیەکەوە هەڵوێسـت وەربگرن، بەڵام هەڵوێسـتی کەمال کلیچدارئۆغڵو، سـەرۆکی گشـتیی جەهەپە ئاسـتەنگ بـۆ ئـەو هەوڵـە دروسـت دەکات. کلیچدارئۆغڵو دوای ئەو بڕیارە لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەرکانـی سـوپای تورکیـا چایەکیان خـواردەوە، پێویستە و ناچاریشە ئاشکرای بکات لەو دانیشتنەدا باسـی چییان کردووە. دەبێت ئاشـکرای بکات کێ ئـەو چـا خواردنەوەیـەی ڕێکخسـتووە. دەوڵەتی شـاراوە دوای ئـەوەی لـە دۆسـیەی ئەرگەنەکۆن بێتاوان دەرچوو، جگە لە هەدەپە لەژێر یەک چەتردا لەگەڵ هەموو پارتەکانی دیکە گردبوونەتەوە، ئێستا سەرلەنوێ دەوڵەتی شاراوە دەستبەکار بووە.

**ڕووداو: پێتوایـە دوای هەڵگرتنـی پارێزبەنـدی هەمـوو ئـەو پەرلەمانتارانـە دادگایـی بکرێـن کە دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە؟**

**ئەحمەد نەسین:** پێموانییە هەموو پەرلەمانتاران دادگایـی بکرێن، ئەگەر دادگاییش بکرێن هەموویان سزا نادرێن. پێموایە زیاتر پەرلەمانتارانی ڕۆژئاوای تورکیا سـزادەدرێن، بۆ ئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشـوەخت یان هەڵبژاردنی سنووردار بۆ پڕکردنەوەی جێگای پەرلەمانتارە سزادراوەکان، زەمینە بۆ ئەردۆغان خۆش بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێ 14 کورسـی دیکـە بەدەسـتبێنێ و جیاوازییەکـە پڕبکاتـەوە، چونکە ئەردۆغان بۆ گۆڕینی سیسـتم تەنیا پێویستی بە 14 کورسییە. ئەو یارییە بە یاری 14 پەرلەمانتاری فاشیست دەناسرێت.

**ڕووداو: ئەگەر پەرلەمانتارانی هەدەپە دەستگیر بکرێن چی دەقەومێت؟**

**ئەحمەد نەسین:** ئەگەر هەدەپەییەکان دەستگیر بکرێـن، ئـەو دیموکراسـیەی لـە تورکیا هێشـتا پێنەگەیشـتووە کۆتایی دێت. من لەسـاڵی 2008 ئەو پرۆسەیەم بە دوا وێستگەی کودەتای مەدەنیانە وەسف کردووە. ئەو کودەتا مەدەنییە بە ئازادکردنی کودەتاچییەکان هێزی بەدەستهێناوە، ئەوانە بوونە بەرپرسانی سوپا.

**ڕووداو: ئامادەبوونی سەرۆکی دەزگای دادوەری و داواکاری گشـتی لەگـەڵ ئەردۆغان لە میتینگی شاری ڕیزە، چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

**ئەحمـەد نەسـین:** ئەردۆغان لـە میتینگەکاندا نمایـش دەکات و پەتی جۆراوجۆری لەدەسـتدایە. لە کۆتایی ئەو پەتانەدا کەسـی جیاواز وەسـتاون، ئەردۆغـان چۆن دەخـوازێ، بەو شـێوەیە یارییان پێدەکات. ئێسـتا ئەمە بە بوێری لە قەڵەم دەدات، بەڵام باجی ئەوانەی زۆر بە گرانی لەسەر دەکەوێت.

**ڕووداو: دوای بڵاوبوونـەوەی دیمەنـی گەشـتی ئەردۆغـان لەگـەڵ دەزگاکانـی دادوەری، پێتوایـە هەدەپەییەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دادگایی بکرێن؟**

**ئەحمەد نەسین:** شتێک کە دادپەروەرانە نەبێ، ئەگەری دادپەروەری تێیدا سفرە.

**ڕووداو: لەکاتـی دادگایی ئـەو پەرلەمانتارانەی پارێزبەندییـان لەسـەر هەڵگیـراوە، لـە باکووری کوردستان چی ڕوودەدات؟**

**ئەحمەد نەسـین:** ناخوازم بیریشی لێبکەمەوە. هەموو کێشەکە لەوەدایە دیموکراتخوازانی ڕۆژئاوای تورکیا چۆن پشـتگیری لەو شەڕە دەکەن. تورکیا لە ڕۆژی دامەزراندنیـەوە تاوەکو ئەمڕۆ گەورەترین شـەڕی دیموکراسی بەخۆیەوە دەبینێ. پێموایە لە کاتێکی هەرە نزیکدا ئەمە چارەسەر دەکەین.

**ڕووداو: لەو کاتـەی 28 پەرلەمانتاری هەدەپە دادگایـی دەکرێـن و سـزا دەدرێـن، هەڵبژاردنـی پێشـوەخت دەکرێت، بەڕای تۆ ئەنجامەکەی چۆن دەبێت؟**

**ئەحمەد نەسین:** وەکو لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، ئەو پەرلەمانتارانە، لە ڕۆژئاوای تورکیا لەو شوێنانەی جەمـاوەری ئاکپارتی زیاتـرە هەڵدەبژێردرێن. لەم ڕووەوە زۆرتریـنی کارەکە دەکەوێتە سـەر شـانی پەرلەمانتـارە دیموکراتخوازەکانـی جەهەپـە. ئایا جەهەپـە دەبێتە پارتێکی دیموکراتخواز، یان لەناو جەهەپـە پارتێکی سۆسـیال دیموکرات دروسـت دەبێ. ئیدی دەرفەتی یاریکردن لێرە نەماوە.

**ڕووداو: پێتوایـە لەگەڵ هەڵگرتنی پارێزبەندی، ئاسـتەنگی بـەردەم ئەردۆغان بۆ بەیاسـاییکردنی سیستەمی سەرۆکایەتی هەڵگیرا؟**

**ئەحمەد نەسین:** نەخێر هەڵنەگیراوە. نازانم چۆن ڕەزامەندی لەسەر یاسای هەڵگرتنی پارێزبەندی لە پەرلەمان درا کە دەنگدان بەشێوەیەکی نهێنی بوو. هێشتا ئەمە دیار نییە. دوا دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیران نیشـانی داین: سـەرکردەکانی پێشـووی ئاکپارتـی ئیـدی لەنـاو ئـەو پارتە بەشـداری لە هەڵبژاردن ناکەن. ئەوانیش بەگوێرەی ئەم ڕاستیە هەڵوێسـت وەردەگـرن. بـۆ ئەردۆغـان دەنگدانی نهێنـی لە پەرلەمان ریسـکێکی جدیە. لەبەر ئەمە پڕکردنـەوەی جێـگای ئـەو پەرلەمانتارانەی سـزا دەدرێن بە هەڵبژاردن ئاسانترە.

**ڕووداو: لـەدوای حەوتی حوزەیـران هەدەپە لە کوێ هەڵەی کرد؟**

**ئەحمـەد نەسـین:** ناتوانین بەپارتێکی سیاسـی بڵێیـن هەڵەت کردووە کە بۆ یەکەمجار بەشـداری هەڵبـژاردن دەکات و بـە پێچەوانـەی هەمـوو پێشـبینیەکان دووجـار بەربەسـتی هەڵبـژاردن تێدەپەڕێنێ.

**ڕووداو: هەدەپە دەیتوانی ڕێ لە شەڕی پەکەکە – دەوڵەتی تورکیا بگرێ؟ بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات هێزی پێویستی هەبوو؟**

**ئەحمەد نەسین:** کاتێک دەوڵەت بڕیاری شەڕی دا، کەس ناتوانێ بیوەستێنێ. بەڵام دەبێت هەموو کـەس ئـەوە بزانێ کە ئـەوەی شـەڕی بەرپا کرد پەکەکە نەبوو دەوڵەت بوو. پەکەکە هێشتا بەهەموو هێزی خۆی شـەڕی بەرپا نەکردووە. دیموکراسـی تەنیـا بە ویسـتی هەدەپە و کـورد بەرقەرار نابێ. ئەگەر بەمشێوەیە بێ چ کارمان لە پەرلەمان هەیە.

**ڕووداو: بـرا گەورەکـەت عەلـی نەسـین دوای دەنگدانی پەرلەمان لەسـەر هەڵگرتنی پارێزبەندی گوتی "بە هەڵگرتنی پارێزبەندی، پەکەکە و لێدانی خەنـدەق و تیـرۆر بوونە شـتی ڕەوا. بـەو بڕیارە پەیامی (بێ پەکەکە ئێوە هیچ نین) دراوەتە گەلی کورد. ئیدی کـەس لەڕووی نایەت بە پەکەکە بڵێ واز لە چەک بێنە". پێتوایە ئەو لێکدانەوەیە ڕاستە؟**

**ئەحمـەد نەسـین:** لۆژیکـی چەکدانـان بەبـێ بەرقەراربوونی ئاشـتی مەترسـیدارە. بەبێ ئەوەی چەک دابنێن، بۆ ماوەیەکی درێژ بەهیچ شـێوەیەک شەڕ نەبوو، کەواتە مەسەلەکە لە چەکداناندا نییە، بەڵکو مەسەلەکە لە داخوازیی ئاشتیدایە. لەجیهاندا نەبووە دوو لایەنی شەڕکەر لایەنێکیان چەک دابنێ و ئاشتی بەرقەرار بێت.

### ئەوەی شەڕی بەرپا کرد پەکەکە نەبوو دەوڵەت بوو

### هەڵگرتنی پارێزبەندی کاری دەوڵەتی شاراوەیە

### دەبێت کلیچدارئۆغڵو مەسەلەی چا خواردنەوەکەی ئاشکرا بکات

**ڕووداو: ئـەو هۆکارانـە چی بوون کـە وایان لە جەهەپـە کرد لە نەیاری هەڵگرتنی پارێزبەندییەوە ببێتە لایەنگری؟**

**ئەحمەد نەسـین:** پێویسـتە چـا خواردنەوەی کلیچدارئۆغڵو لەگەڵ سەرۆک ئەرکانی سوپا ئاشکرا بکرێت.

**ڕووداو: ئەمە تەنیا بڕیاری کەمال کلیچدارئۆغڵو بووە، یان لە پشـت ئەو مەسەلەیە حیسابی دیکە هەیە؟**

**ئەحمـەد نەسـین:** هەمـوو کاتێـک ئەندامانی دەوڵەتی شاراوە لەناو جەهەپە هەبوون. لە کودەتای 27ی ئایـاری 1960، 12ی ئاداری 1970 نموونەی موحسـین باتور لەبەرچاوە. نموونەی بەربەسـتی هەڵبژاردنمان هەیە کە لە 12ی ئەیلول داهێنراوە و تا ئێستا هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، یاسای بەربەسـت و پارتە سیاسییەکانمان هەیە. جەهەپە بووەتە شـەریکی دەسـەڵات، بـەڵام نەیگوت چیم کردووە.

# یەپەگە منبج پێش ڕەققە کۆنترۆڵ دەکاتەوە



(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو- هەولێر**

هەندێـک چاودێـری سیاسـی لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان وای دەبینـن کـە دەسـتپێکردنی هەڵمەتـی کۆنترۆڵکردنـەوەی دەوروبـەری ڕەققە بەر لە یەکخسـتنی کانتۆنەکان کارێکی پێویسـت بوو بۆ پاراسـتنی ڕۆژئاوای کوردستان. ڕاوێژکاری فەرماندارێتـی گشـتیی هێزەکانـی سـووریای دیموکراتیـش دەڵێـت مەسـەلەی یەکخسـتنی کانتۆنەکان مەسەلەیەکی چارەنووسسازە.

شـاری ڕەققە کـە زیاتـر لـە 47 کیلۆمەتر لە سـنووری باشـووری کۆبانێ دوورە، بە پایتەختی دیفاکتۆی داعش ناسـراوە، ئێسـتا دەوروبەرەکەی لەژێر هێرشـێکی بەرفراوانی هێزەکانی سـووریای دیموکراتدایـە. هاوپەیمانیـی نێودەوڵـەتیش بـە سەرکردایەتی ئەمریکا پشتگیرییان دەکات.

ئـەو هەڵمەتە لەگەڵ خـۆی چەندین گفتوگۆ و پرسـیاری جیـاواز دێنێتە ئاراوە کـە گرنگترینیان ئەوەیـە ئایـا یەپەگە واز لە بیرۆکەی یەکخسـتنی کانتۆنەکان دێنێ؟ پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە کە ئایا ئەمریکا دەیەوێ کورد بۆ مەرامەکانی بەکاربێنێ بەبێ ئەوەی هیچیان بۆ بکات؟

بەشار ئەلعیسا، نووسـەر و مێژوونووسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان پێیوایە هیچ ڕێگایەکی دیکە لەبـەردەم هێزە کوردییەکاندا نییە "یەپەگە بووەتە بەشێک لە سیستەمی سەربازیی هێزەکانی سووریای دیموکرات بە سەرپەرشتی ئەمریکا کە ڕاسپێردراوە بە ئەنجامدانی ئەرکی سـەربازیی مەیدانی. لەسەر بنەمای ئەو لێکتێگەیشـتنە، شـەراکەتی سەربازی لەبارەی ئەنجامدانی کـردەوەی مەیدانی (کوردی-ئەمریکی) بۆ باکووری سوریا دەستپێکرا".

بەشـار باسـی مەرجـی ئەمریـکا دەکات بـۆ یارمەتیدانـی یەپەگـە و دەڵێـت "ئەمریکا یەپەگە و ناوچـە کوردییـەکان لە دەسـتێوەردانی تورکیا دەپارێزێـت، بەرامبەر بـەوەی هێـزە کوردییەکان بڕیارێـک نەدەن کە ئیـدارەی ئەمریکی لێی ناڕازی بێت، یان لەگەڵ ڕووسیا دوور نەڕۆن".

بەڵام ناسر حاج مەنسور، ڕاوێژکاری فەرماندارێتی گشتی هێزەکانی سووریای دیموکرات بە ناڕاستەوخۆ قسەکانی ئەلعیسـا ڕەتدەکاتەوە. حاج مەنسور بە (ڕووداو)ی گـوت "ئێمە باوەڕمـان بە فرە بژاردەیی لەسەر ئاستی فیکر و کردەوەی سیاسی و سەربازی هەیە، خۆمان لەنێوان دوو بژاردەدا ناخنکێنین. ئێمە سنووردار نەکراوین بە هەڵبژاردنی سپی یان ڕەش، ڕەققە یـان منبج. بەدڵنیاییەوە بژارەی سـێیەم و چوارەمیشمان لەبەردەمە، لەوانەیە هێزەکانمان بچنە دێرەزوور یـان جەرابلوس یان منبـج. هێزەکانمان تواناییان هەیە زیاتر لە بەرەیەکی شەڕ بکەنەوە".

دوای ڕزگارکردنـی ناوچـەی گـرێ سـپی لـە 2015/6/15، سنووری هەردوو کانتۆنی جەزیرە و کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردسـتان گەیشـتنە یەکدی، بەڵام بەبێ یەکخسـتنی ئەو دوو کانتۆنە ناتوانرێت بـاس لە هەرێمێکی یەکگرتووی کـوردی لە ڕۆژئاوا بکرێـت. بەرپرسـانی یەپەگـە و بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەری و سـەرکردە سیاسـییەکانی ڕۆژئـاوا چەندینجـار گوتوویانە کە یەکخسـتنی هەر سێ کانتۆنەکـە ئەولەویەتـی کاری ئەوانـە. بۆیە بەبێ یەکخسـتنی هەر سێ کانتۆنەکە کە بە ڕزگارکردنی شارۆچکەی منبج دێتەدی، گرتنەبەری ملی ڕێگا بۆ ڕزگارکردنی ڕەققە، ئەو پرسیارە دەوروژێنێ کە ئایا بەرپرسـانی ڕۆژئاوا واز لە یەکخستنی کانتۆنەکان دێنن؟

ئیدریـس نەعسـان، بەرپرسـی پێشـووی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە کانتۆنی کۆبانێ پێیوایە ڕزگارکردنـی منبـج و ناوچەکانی ڕۆژئـاوای فورات گرنگیی سـتراتیژییان هەیە بۆ هێزەکانی سووریای دیموکـرات و یەپەگە "ئەو هێزە هـەوڵ دەدات ئەو ناوچانـە بگرێتەوە. بەڵام ناڕەزایی توندی تورکیا و بەکارهێنانی قورسایی و کارتە ناوچەییەکانی بووە هۆکاری نەپەڕینەوەی هێزەکە و شەڕی ڕزگارکردنی منبجی دواخست".

بەڵام ناسر حاج مەنسوور یەکخستنی کانتۆنەکان و دامەزراندنـی هەرێمـی باکـووری سـووریا بـە چارەنووسـساز دەزانـێ "زۆر کـەس پێیانوابـوو یەکخستنی کانتۆنەکان خەیاڵە، هەندێکجار تەکتیکی سەربازی و سیاسی شتێکی دیکە دەسەپێنێ، بەڵام ئـەوە بە مانـای دەسـتبەرداربوون لە سـتراتیژی سـەرەکی نایەت، ئێمـە پابەندین بە یەکخسـتنی کانتۆنەکان".

لـە بەرامبـەر ئـەو نیگەرانیانـەی سـەرەوە، کەسـانی دەوروبەری پەیەدە لە ئەوروپا و ڕۆژئاوای کوردستان، دەڵێن بەر لە ڕزگارکردنی ڕەققە، دەست بە هێرشـی ڕزگارکردنی منبج دەکرێ و کانتۆنەکان یەکدەخرێن.

مسـتەفا عەبـدی، ڕۆژنامەنـووس و چاودێـری سیاسی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەڵێت ئەو هێرشەی ئێسـتا لە دەوروبەری ڕەققە دەستی پێکردووە، بۆ پاراستنی کانتۆنەکانە و ڕێخۆشکردنە بۆ ڕزگارکردنی منبج و یەکخستنی کانتۆنەکان.

عەبـدی بـە (ڕووداو)ی گـوت "بەگوێـرەی ئامادەکارییـەکان و لێدوانی لایەنەکان، هەڵمەتەکە تەنیا بەرەو گوندەکانی دەوروبەری باکووری ڕەققەیە، پێموانییە لە مـاوەی داهاتوودا بەرەو ڕەققە بڕۆن، چونکە هێزەکانی سووریای دیموکرات ئامادەکاریان بۆ ئەو هەڵمەتە نەکردووە، شەڕی ئێستا بۆ بڕینی پەیوەنـدیی داعشـە لە ڕەققە و حەلـەب، پێموایە دەستپێکردنی هەڵمەتی دووەم بۆ ڕزگارکردنی منبج لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ڕادەگەیەندرێ".

ئایـا لـەدوای ڕزگارکردنی ڕەققـە و لەناوبردنی داعش ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنی کـورد و پاراسـتنیان؟ لـەم ڕووەوە نیگەرانـی و دڵەڕاوکێ لەناو چاودێرانی سیاسی بەدیدەکرێت.

ئیدریـس نەعسـان پێیوایـە هـۆکاری ئـەو نیگەرانیـە ئەزموونەکانی ڕابـردووی کوردە لەگەڵ هێزە نێودەوڵـەتـی و ناوچەییەکان کە کوردیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکارهێناوە "ئەو هێزانە دوای گەیشـتن بە ئامانجەکانیان پشتیان لە کورد کردووە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو واقیعە گۆڕاوە، کورد باش دەزانێ سیاسەتی نێودەوڵەتی و پلانە ناوچەییەکان چیـن. کۆمەڵـگای نێودەوڵـەتـی پێویسـتی بـە جەنگاوەرانە کە بتوانن ڕێکخراوێکی ترسناکی وەکو داعش ببەزێنن".

هەر لەوبارەوە ناسر حاج مەنسور دەڵێت "ئێمە داوای گەرەنتیمـان نە لە ئەمریکا و نە لەلایەنێکی دیکە نەکردووە. بڕیاری ڕاسـت و سـەربەخۆیی و ئـازادی خۆمان گەرەنتییە بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە، سـەرەڕای ئـەوەی دەزانین سیاسـەت پشـت بە بەرژەوەنـدیـی ئابـووری دەبەسـتێ. گەرەنتیمـان بەهێزیمانە لەسەر زەوی. دڵنیاین لەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتی، ناوچەیی و هەروەها بارودۆخی بابەتی و خۆیی وەکو سـەردەمی ڕێککەوتننامەی جەزائیر نییـە، هێزی خۆیـی و بیرۆکەی پاراسـتنی ڕەوا، بزووتنەوەکەمان لە خزین بەرەو ڕێککەوتننامەیەکی دیکەی هاوشێوەی جەزائیر دەپارێزێ".

ڕووداو
ژمارە (410) دووشەممە 2016/5/30

# قەیرانی دارایی زیانی 10 ملیار دۆلاری لە کوردستان داوە

## گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران:

## ئەگەر قەیرانەکە بەردەوام بێت زیانەکەی لە کۆتایی ئەمساڵدا دەگاتە 15 ملیار دۆلار

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان ڕایگەیاند کە قەیرانی دارایی زیانی زیاتر لە 10 ملیار دۆلاری بە کوردستان گەیاندووە. پێشبینیشی کرد ئەگەر قەیرانەکە تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بەردەوام بێت ئەوا زیانەکان دەگەنە نزیکەی 15 ملیار دۆلار.

بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی بەشە بودجەکەی لەلایەن بەغداوە، هەرێمی کوردستان ماوەی دوو ساڵە ڕووبەڕووی قەیرانێکی سەختی دارایی بووەتەوە، بە جۆرێک تەنانەت مووچەی فەرمانبەرەکانیشی بە تەواوی پێ دابین ناکرێت.

جگە لە بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن عێراقەوە، سەرهەڵدانی شەڕی داعشیش لە ناوەڕاستی ساڵی 2014دا کە تا ئێستاش بەردەوامە، هێندەی دیکە باری هەرێمی کوردستانی قورس کردووە.

مەلا یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان بە پشتبەستن بە ئامارەکانیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کاتی دروستبوونی قەیرانەکەوە تائێستا زیانەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 10 ملیار دۆلار بووە کە پشکی گەورەی بەر وەبەرهێنەران کەوتووە و گوتی "ئەو بڕە پارەیە بۆ هەرێمێکی نزیکەی چوار ملیۆن کەسی زۆر زۆرە".

مەلا یاسین مەحموود، لە باسی وردەکاریی ئەو 10 ملیار دۆلار زیانەدا گوتی "نزیکەی پێنج ملیار دۆلار زیان بەر سەروەتی وەبەرهێنەران کەوتووە، بۆ نموونە ساڵی 2013 وەبەرهێنەرمان هەبووە خاوەنی ملیارێک دۆلار بووە، بەڵام بەهۆی قەیرانەکەوە نزیکەی 300 ملیۆن دۆلار زیانی بەرکەوتووە".

وەکو مەلا یاسین ڕوونیکردەوە، هەر بەهۆی قەیرانەکەوە بەڵێندەرانیش نزیکەی یەک ملیار دۆلار و بواری پیشەسازی و گەشتیاریش زیاتر لە ملیارێک دۆلار زیانیان بەرکەوتووە، جگە لەوەش دروستکردنی بینا و مۆڵەکان لە ساڵانی ڕابردوودا نزیکەی دوو ملیار دۆلار زیانیان بەرکەوتووە.

هەربەپێی ئامارەکانی یەکێتی وەبەرهێنەران، لە کۆی 10 هەزار کۆمپانیا کە خۆیان تۆمار کردووە و زیاتر لە هەزار کۆمپانیایان چالاک بوون، نزیکەی 500 کۆمپانیا و وەبەرهێنەر و بەڵێندەری ناسراو مایەپووچ بوون. مەلا یاسین گوتی "تەنانەت هەندێکیان کەس نازانێت لە کوێن و مۆبایلەکانیشیان داخستووە".

بەهۆی قەیرانەکەوە بەشێوەیەکی گشتی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی بێکاری بوونەتەوە و بەپێی قسەی گوتەبێژەکەی یەکێتی وەبەرهێنەران، لە کەرتی تایبەتدا نزیکەی 330 هەزار کارمەند ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە و لە بازاڕی گشتیشدا نزیکەی 750 هەزار کەس بێکارن و 80%ی پرۆژەکانی وەبەرهێنانیش وەستاون.

مەلا یاسین کە خۆیشی یەکێکە لە سەرمایەدارانی هەرێمی کوردستان، پێشبینی کرد ئەگەر قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بەردەوام بێت ئەوا زیانەکان بۆ نزیکەی 15 ملیار دۆلار بەرز دەبنەوە و گوتی "ئەو کاتە تەواوی پرۆژە ستراتیژییەکان و کارگەکان دادەخرێن و ژێرخانی ئابووری نامێنێت و دووریش نییە تووشی کارەساتی مرۆیی ببین، چونکە لە دوو ساڵی ڕابردوودا قەیرانەکە هەرێمی کوردستانی بۆ ساڵانی 2007 و 2008 گەڕاندەوە، ئەگەر تا دوو ساڵی دیکەش بەردەوام بێت دەگەڕێینەوە بۆ ساڵانی 2003 و 2004".

سەرباری قەیرانی دارایی، پرۆسەی سیاسیش بەهۆی ململانێی نێوان پارتی و گۆڕانەوە پەکی کەوتووە. بەڵام پرۆسەکە لە ناوەڕاستی ئەو مانگەدا جوڵەیەکی تێکەوت و زۆر لە چاودێران بە گەشبینییەوە لەو ڕێککەوتنە سیاسییەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان دەڕوانن و پێیانوایە هەر ڕێککەوتنێکی سیاسی لە نێوان حیزبە خاوەن نفوزەکان، دەکرێ کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان هەبێت.

جگە لەوەش نرخی بەرمیلێک نەوت کە لە سەرەتای ئەمساڵ بۆ ئاستی 27 دۆلار دابەزی، کۆتایی هەفتەی ڕابردوو بە زیاتر لە 50 دۆلار مامەڵەی پێوەکرا، ئەمەش ڕەنگە فاکتەرێک بێت بۆ سووکبوونی قەیرانی دارایی لەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

مەلا یاسین هەرچەندە بەڕەشبینییەوە باسی دۆخی ئابووریی کوردستانی کرد، بەڵام بەو گۆڕانکارییانە گەشبینە و گوتی "ناونیشانە گەورەکانی ئاشتەوایی کوردستان وردە وردە دەردەکەوێت، چونکە ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەرزبوونەوەی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی هەبووە، هاتنی ئەدهەم بارزانیش بۆ سلێمانی کە ئەندامێکی دیاری بنەماڵەی بارزانییە کاریگەری باشی دەبێت، ئەمە جگە لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکاندا کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژێرخانی ئابوورییەوە هەیە".



"بەهۆی قەیرانی داراییەوە نزیکەی 750 هەزار کەس لە کوردستان بێکاربوون" (فۆتۆ: سیروان عەزین)

# یەکگرتووەکان دەنگیان بە مەلا و میدیاکار نەدا

ناسر عەلی و مەحموود یاسین
ڕووداو- هەولێر، دهۆک

ڕۆژی یەکشەممە 2016/5/29 یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کۆتایی بە کارەکانی حەوتەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری هەولێر هێنا. جگە لە پەسەندکردنی پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو حیزبە، ئەمینداری گشتی، 35 ئەندامی سەرکردایەتی و حەوت ئەندامی دیکە بۆ دەستەی باڵای بەدواداچوون و چاودێری هەڵبژێردران.

لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەدا محەممەد فەرەج، ئەمینداری پێشووی ئەو حیزبە بڕیاری دا خۆی بۆ ئەمینداری یەکگرتوو کاندید نەکاتەوە و وەکو پشتگیرییەکیش بۆ سەلاحەدین بەهائەدین، پێشنیازی بۆ هەردوو کاندیدەکەی دیکە (محەممەد ڕەئووف و ئەبوبەکر عەلی) کرد بکشێنەوە، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە.

هاتنی محەممەد فەرەج بۆ ئەمینداریێتی یەکگرتووی ئیسلامی چوار ساڵ پێش ئێستا و کشانەوەی لە کێبڕکێی پۆستی ئەمینداری لەم کۆنگرەیەدا، وەکوو یەک بۆ ئەندامانی کۆنگرە چاوەڕواننەکراو بوو.

کێبڕکێیەکە لەنێوان (سەلاحەدین بەهائەدین، محەممەد ڕەئووف و ئەبوبەکر عەلی) بەڕێوەچوو، بەڵام لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا هیچیان دوو لەسەر سێی دەنگەکانیان نەهێنا (سەلاحەدین بەهائەدین 678 دەنگ، ئەبوبەکر عەلی 221 دەنگ و محەممەد ڕەئووف، 194 دەنگ)یان هێنا. بۆیە لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا کێبڕکێ لەنێوان سەلاحەدین بەهائەدین و ئەبوبەکر عەلی بەردەوام بوو، دواجار سەلاحەدین بەهائەدین بە 801 دەنگ بە ئەمینداری گشتی هەڵبژێردرا و ئەبوبەکر عەلیش 268 دەنگی هێنا.

کۆنگرەی یەکگرتوو نۆ ئەندامی بۆ دەستەی باڵای بەدواداچوون و چاودێری هەڵبژارد کە دەزگایەکی چاودێرییە و مافی لێپرسینەوەی لە کەسی یەکەم و بەرپرسانی ئەو حیزبە هەیە و ڕۆڵی داوکاری گشتی لەنێو ئەو حیزبەدا دەگێڕێت. ئەوانیش بریتی بوون لە حەسەن شەمێرانی، ئەمجەد محەممەد، فازڵ حەیدەر، دڵخواز عەبدوڵڵا، جەلال نەجمەدین، د.ئیسماعیل سگێری، د.لوقمان جامعی، لەتیفە ئەحمەد و بورهان خدر.

### ژنێک بەبێ کۆتا دەرچوو

هاوکات هەڵبژاردن بۆ 35 ئەندامی سەرکردایەتی ئەنجامدرا. ئەو 35 کورسییەی سەرکردایەتی یەکگرتوو لە نێوان دەڤەرەکان بەپێی ژمارەی ڕێکخستن دابەشکراوە: 19 ئەندامی سەرکردایەتی بۆ پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، 11 ئەندامی سەرکردایەتی بۆ بادینان، چوار ئەندامی سەرکردایەتی بۆ پارێزگای هەولێر، کورسییەک بۆ پارێزگای کەرکووک.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکگرتوو 20%ی کورسییەکانی سەرکردایەتی و سەرجەم پۆستەکانی دیکە بۆ ژنان دادەنرێت، بەڵام لەو کۆنگرەیەدا ناسک تۆفیق وەکو تاکە ژنێک بە 738 دەنگ بەبێ ئەوەی پێویستی بە کۆتا بێت، بە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا.

### هادی عەلی پۆستێکی باڵا وەردەگرێت

هادی عەلی، کە لە کۆنگرەی شەشەمدا خۆی بۆ پۆستی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو کاندید کرد و دەرنەچوو، دوای ماوەیەک وازی هێنا و لە یەکگرتووی ئیسلامی دوورکەوتەوە، بەڵام ئەمجارە بۆ پاڵپشتیکردنی سەلاحەددین بەهائەدین گەڕایەوە. هادی عەلی یەکێکە لە ئەندامانی سەرکردایەتی و 728 دەنگی هێنا، پێشبینی دەکرێت نێوبراو پۆستێکی باڵا لە نێو یەکگرتوو وەربگرێت، ڕۆڵی کەسی یەکەم لە دوای سەلاحەدین بەهائەدین بگێڕێت و کاری سیاسی و کارگێڕی و نێوخۆییەکانی حیزب بگرێتە ئەستۆ.

### حاجی کورسییەکەی کەرکووکی برد

لە کۆی 35 ئەندامی سەرکردایەتی، تەنیا یەک کورسی بۆ کەرکووکییەکان تەرخان کرابوو، ئەو کورسییەش حاجی کاروان پەرلەمانتاری یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان بردی، ئەگەرچی ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی یەکگرتوو لە کەرکووک لەسەر ئەو کورسییە کێبڕکێیان دەکرد، بەڵام دواتر کورسییەکە بۆ حاجی کاروان یەکلایی بووەوە.



لە کۆنگرەی یەکگرتوودا تەنیا یەک مەلا بۆ دەستەی باڵای چاودێری دەنگی هێنا

### مەلا و ڕۆژنامەڤانان چانسیان نەبوو

ئەگەرچی لەم کۆنگرەیەدا ژمارەیەک مەلا و پیاوی ئاینی و ژمارەیەک کادیری پێشکەوتووی یەکگرتوو لە بواری ڕۆژنامەڤانی و میدیایی خۆیان بۆ سەرکردایەتی کاندید کرد، بەڵام دەنگی پێویستیان بۆ سەرکردایەتی ئەو حیزبە نەهێنا و تەنیا یەک مەلا بۆ دەستەی باڵای چاودێری دەنگی پێویستی هێنا.

### مەکتەبی سیاسی نامێنێ

یەکگرتوو لەم خولەدا مەکتەبی سیاسی نەهێشت و لەبری ئەو ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی دروست کرد کە لە ئەمینداری گشتی و 4 ئەندامی دیکەی سەرکردایەتی پێکدێن، هەروەها بەرپرسی ئەنجوومەنی بانگەواز، ئەنجوومەنی کاروباری ناوخۆ و ئەنجوومەنی کاروباری سیاسی و جەماوەری پێکدێت کە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی مەکتەب سیاسی جاران دەبینن.

### بارزانی لە کۆنگرەدا سەرۆکی هەرێم بوو

لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامیدا، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی نارد و داوای لە یەکگرتوو کرد ڕۆڵی خۆی لەو قۆناغە هەستیارەی باشووری کوردستاندا بگێڕێت و پەیامەکەی بارزانیش بەناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو هۆڵی کۆنگرە خوێندرایەوە، ئەگەرچی یەکگرتوو لەگەڵ هەر یەک لە گۆڕان و کۆمەڵ لە 2015/8/20ەوە لە میدیاکانیاندا خۆیان لە بەکارهێنانی دەستەواژەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەپارێزن.

### بادینان نوێ بووەوە

ئەگەرچی زۆربەی ناوەکانی ئەندامانی سەرکردایەتی دووبارە بوون، بەڵام بۆ بادینان شتێکی دیکە بوو، پێشتر بادینان نۆ ئەندامی لە سەرکردایەتی یەکگرتوودا هەبوو، بەڵام ئەمجارە بۆ 11 ئەندام زیادی کرد کە شەشیان یەکەم جاریانە بگەنە سەرکردایەتی یەکگرتوو.

لە ئەندامە دێرینەکانی سەرکردایەتی یەکگرتوو دیندار دۆسکی وازی هێنا. نەجیب باڵەییش خۆی کاندید نەکرد، بەهزاد دەروێش و سروە محەممەدیش خۆیان کاندید کرد، بەڵام دەنگی پێویستیان بۆ گەیشتن بە سەرکردایەتی نەهێنا.

(خەلیل غازی، سەعید عەلی عەبۆ، بەیان ئەحمەد، نەسرەدین سەعید و غازی سەعید) دووبارە دەرچوونەوە، شەش ئەندامە تازەکەی بادینانیش بریتین لە (د.جەمال کۆچەر، محەممەد مستەفا، بەشیر فەتاح، لەیلا نوری، تارق ڕەمەزان و جاسم محەممەد حەسەن).

سەباح بابیری کە یەکێک بوو لەوانەی خۆی کاندید کرد و دەنگی نەهێنا بە (ڕووداو)ی گوت "لە بادینان 25 ئەندام خۆمان کاندید کردبوو، کێبڕکێمان لەسەر 11 کورسی دەکرد کە سێ لەو کورسیانە بەپێی کۆتا بۆ خوشکان بوو، گۆڕانکاری گەورە لە سەرکردایەتی بادینان ڕوویدا، چونکە شەش ئەندامی نوێ گەیشتنە سەرکردایەتی یەکگرتوو".

بە گوتەی بابیری بادینییەکان لەگەڵ ئەوە بوون سەرکردایەتی دەڤەرەکان بمێنێتەوە "پێش دەستپێکردنی کۆنگرە هەموو ئەندامانی دەڤەرەکەمان لەگەڵ ئەوەدابووین سەرکردایەتی دەڤەرەکان وەکو خۆی بمێنێ، بەڵام لە کۆنگرەدا برادەرانی هەولێر و سلێمانی لەگەڵ نەبوون، بۆیە بڕیاردرا سەرکردایەتی دەڤەرەکان نەمێنن".

زۆرترین دەنگی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنەکان لە دەڤەری بادینانە، لە دوایین هەڵبژاردنی کوردستاندا ئەو حیزبە 84 هەزار دەنگی لە بادینان هێناوە، بەڵام یەکگرتووەکانی بادینان هەمیشە خۆیان بە بەشخوراو لە حیزب و حکومەت دەزانن.

د.جەمال کۆچەر ئەندامی نوێی سەرکردایەتی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی گوت "ئومێدی زۆرمان بە ئەمینداری تازەیە کە ئەوەی پێشتر بەرامبەر بادینان کراوە دووبارە نەبێتەوە و بەبێ جیاوازی مامەڵە لەگەڵ هەموو ناوچەکاندا بکرێ".


## کۆنفرانسێکی کشتوکاڵی دەبەسترێ

**ڕووداو- سلێمانی**

ئازاد شمقار، ئەندامی ئەنجومەنی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی و ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنفرانسی کشتوکاڵی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژانی 4-2016/6/5 لەلایەن ژوورەکەیانەوە کۆنفرانسێک سازدەکرێت و ڕۆژی یەکەم بە بەشداری سەرمایەداران و پسپۆرانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداران و پەلەوەرە. ناوبراو گوتی "مەبەستمان لە کۆنفرانسەکە نزیککردنەوەی ئەو کەسانەیە کە لە بواری کشتوکاڵدا پرۆژەیان هەیە و بتوانین لەگەڵ سەرمایەداراندا بەیەکیان بگەیەنین و بیسەلمێنین کە لەم قەیرانی داراییەدا و بۆ دەستخستنی داهات، دەتوانرێت پشت بە کشتوکاڵ ببەسترێ". هەروەها ڕۆژی دووەمیش لە ژووری بازرگانی ڕاسپاردەی کۆنفرانسەکە ئامادە دەکەن.

### پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ بگاتە 160 هەزار تۆن

# بەرهەمی پەتاتە دەگاتە دوو هێندەی پێویستیی ناوخۆ





ئێستا لە هەرێمی کوردستان 675 جووتیار پەتاتە دەچێنن (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت هەرچەندە بەرهەمی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان بۆ دوو هێندەی پێداویستیی ناوخۆ بەرزبووەتەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کۆگا، لە کاتی پێویستدا ڕێگە بە هاوردەکردنی پەتاتە دەدەن.

پەتاتە بەهۆی ئەو بەها بەرزە خۆراکییەی هەیەتی، بە یەکێک لە ناسراوترین و بەرفراوانترین ئەو بەرهەمە خۆراکییە کشتوکاڵیانە دادەنرێت کە لەزۆربەی وڵاتان گرنگی تایبەت بەخواردن و چاندن و بەرهەمهێنانی دەدرێ. پەتاتە لەڕووی گرنگیپێدانەوە لەجیهاندا ڕیزبەندی چوارەمی وەرگرتووە و دوای گەنم، برنج و گەنمەشامی دێت.

چاندن و بەرهەمهێنانی پەتاتە بەشێوەیەکی فراوان و زانستیانە لە کوردستان مێژوویەکی درێژی نییە، بۆ یەکەمجار لەساڵی 2008 وەزارەتی کشتوکاڵ بە هاوردەکردنی 51 تۆن تۆوی پەتاتە و دابەشکردنی بێ بەرامبەر بەسەر جووتیاراندا دەستی بە چاندن و بەرهەمهێنانی پەتاتە کرد. دواتریش لە پلانی ستراتیژیی وەزارەتی کشتوکاڵدا دانرا.

سەمیر ئیسماعیل، بەڕێوەبەری باخداریی هەرێم کە سەرپەرشتی هێنانی تۆوی باوەڕپێکراوی پەتاتە و دابەشکردنی بەسەر جووتیاراندا دەکرد، دەڵێت "چاندنی پەتاتە لای جووتیارانی کوردستان ڕێچکەی خۆی وەرگرتووە و بە سەتان جووتیاری پێشکەوتوومان هەیە، بۆیە ساڵ بە ساڵ ڕووبەری چێنراو و بەرهەمی پەتاتە لە کوردستان لەزیادبووندایە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو، حەوت ساڵ لەمەوبەر جووتیارانی کوردستان لە ساڵێکدا تەنیا 12 هەزار تۆن پەتاتەیان بەرهەم هێناوە، بەڵام ساڵی ڕابردوو بۆ 140 هەزار تۆن زیادی کردووە، ئەمساڵ پێشبینی دەکرێ بۆ 160 هەزار تۆن بەرز ببێتەوە. ئەو بڕەش دوو بەرامبەری پێویستیی هەرێمی کوردستانە کە پێویستیی ساڵانەی دەگاتە 80 هەزار تۆن.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، ساڵی ڕابردوو پارێزگای دهۆک بە بەرهەمهێنانی 98 هەزار و 373 تۆن پەتاتە لەپلەی یەکەمدا بوو. هەولێریش بە بەرهەمهێنانی 34 هەزار و 614 تۆن لە پلەی دووەم و سلێمانی بە 6380 تۆن و گەرمیانیش بە 1220 تۆن پلەی سێیەم و چوارەمی بەرهەمهێنانی پەتاتەیان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان وەرگرت.

سەمیر ئیسماعیل دەڵێت "لەچوارچێوەی پرۆژەی پەرەپێدانی بەرهەمی پەتاتە بۆ ئەمساڵیش بڕی 4300 تۆن بنەتۆی پەتاتەمان بە نرخی 25%ی پاڵپشت بەسەر جووتیاراندا دابەش کردووە، جووتیارانیش لەڕێگەی کۆمپانیاکان و بنەتۆی خۆیانەوە زیاتر لە 10 هەزار تۆنی دیکەیان چاندووە، بۆیە پێشبینی دەکەین بەرهەمی ئەمساڵی پەتاتە بۆ نزیکەی 160 هەزار تۆن بەرزببێتەوە".

هەرچەندە لەهەر دوو وەرزی بەهار و پایز لەکوردستان دەتواندرێت پەتاتە بچێندرێت، بەڵام بەرهەمی پایزەی پەتاتە زۆرباش نییە، بۆیە جووتیاران زۆرتر لە وەرزی بەهار دەیچێنن و لە ناوەڕاستی مانگی ئایار دەست بە هەڵگرتنەوەی بەرهەمەکەی دەکەن و تاوەکو مانگی ئابیش بەردەوام دەبێت. وەک پسپۆڕانیش دەڵێن بەکاربردنی پەتاتە لەو کاتانەدا لەکوردستان لەنزمترین ئاستدایە، بۆیە بەهۆی ساغ نەبوونەوەی بەرهەمەکە لەبازارەکانی کوردستان نەبوونی کۆگا بۆ هەڵگرتنی 70%ی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت.

سەمیر ئیسماعیل دەڵێت "لەبەرهەمی پەتاتەدا گەیشتووینەتە نزیکەی دوو بەرامبەری پێویستی ناوخۆ، بەڵام بەهۆی نەبوونی کۆگا و ساغ نەبوونەوەی بەرهەمەکە لەبازارەکانی ناوخۆ، بەشی زۆری بەرهەمی جووتیاران هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت، بۆیە بۆ پرکردنەوەی پێداویستی هەرێمی کوردستان لە مانگی تشرینی دووەم تاوەکو ناوەڕاستی مانگی ئایار ناچارین پشت بە هاوردە ببەستین".

سەبارەت بە نەبوونی کۆگا، سەمیر ئیسماعیل دەڵێت "لەپلانماندابوو لەڕێگەی قەرزی کشتوکاڵییەوە پاڵپشتی جووتیاران بکەین تاوەکو کۆگا دروست بکەن، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە پرۆژەکە ڕاگیرا".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ 70%ی ئەو پەتاتەی خۆماڵی لە پارێزگای دهۆک بەرهەم دێت و لە قەزاکان بەردەڕەش، ئاکرێ و شێخانیش زۆرترین پەتاتە دەچێندرێ.

پارێزگای دهۆک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەرووی چاندن و بڕی بەرهەمی پەتاتەوە لەپێشەنگی پارێزگاکانی هەرێمدایە، لەکۆی ئەو 140 هەزار و 578 تۆنەی لەساڵی ڕابردوو لەکوردستان بەرهەم هات، 98هەزار و373 تۆنی بەرهەمی جووتیاران ئەو پارێزگایە بوو کەدەکاتە نزیکەی70% بەرهەمی پەتاتەی کوردستان، زۆرترین ڕووبەری پەتاتەش لەپارێزگایە لەهەرسێ قەزاکانی (ئاکرێ، شێخان و بەردەڕەش) دەچێندرێت.

بایز عەبدوڵڵا عەلی، جووتیارێکی پێشکەوتووی قەزای بەردەڕەشە، ئەمساڵ 700 دۆنم پەتاتەی چاندووە پێشبینی دەکات بەرهەمەکەی هەشت هەزار تۆن بێت، تا ئێستا 280 تۆن بەرهەمی بە بازاڕکردووە. بایز دەڵێت "بەهۆی قەدەغەکردنی پەتاتەی هاوردە بۆ شارەکانی عێراق و ئەو ڕەسمەی وەزارەتی کشتوکاڵ لەسەر پەتاتەی هاوردە دایناوە پێشبینی دەکەین ئەمساڵ گرفتمان لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکەمان نەبێت".

بایز عەبدوڵڵا، بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکەی دڵی بە بازاڕەکانی عێراق خۆشە و دەڵێت "بەهۆی کوالێتی و خۆشی تامەکەی لە شارەکانی عێراق خواستێکی زۆر لەسەر پەتاتەی کوردستان هەیە، بۆیە بەشی زۆری جووتیاران بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان پشتیان بە بازاڕی شارەکانی عێراق بەستووە".

پسپۆڕانی کشتوکاڵ نهێنی سەرکەوتن و چاندنی ئەو ڕووبەرە زۆرەی پەتاتە لە هەر سێ قەزاکەی دهۆک بۆ شارەزایی جووتیارانی ناوچەکە لە چاندنی پەتاتە و بەپیتی خاکەکەی دەگەڕێننەوە کە زۆر دەوڵەمەندە بە توخمە کانزاییەکان و بەرگری باشیشی بۆ نەخۆشییەکان هەیە.


بایز عەبدوڵڵا کە زیاتر لە 20 ساڵە پەتاتە دەچێنێ دەڵێت "زەوی ناوچەکانمان بۆ بەرهەمی پەتاتە زۆر بە پیتە و جووتیارانیش شارەزاییەکی باشیان لە چاندنی پەتاتە هەیە و بۆیی ساڵانە زۆرترین ڕووبەری پەتاتە لەناوچەکانی ئێمە دەچێندرێت لەوەرزی بەرهەمیش زیاتر لە 10 هەزار کرێکار بەو هۆیەوە بۆ ماوەی چوار مانگ کاریان دەست دەکەوێت".

چاندنی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان ڕێچکەی خۆی گرتووە و ئێستا 675 جووتیار پەتاتە دەچێنن، پێنج کۆمپانیاش لەکوردستان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی چاندن و بنەتۆی باوەڕپێکراو دامەزراون.

کۆمپانیای کوردستان هۆڵەند (K.H) بریکاری سەرەکی کۆمپانیا (HZPC)ی هۆڵەندییە لەهەرێمی کوردستان و عێراق، ماوەی شەش ساڵە بەهێنانی بنەتۆی هۆڵەندی هاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و جووتیاران دەکات، بۆ ئەمساڵ زۆرترین بنەتۆی بۆ جووتیاران و وەزارەتی کشتوکاڵ دابینکردووە.

سەعدی ئەسعەد، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای K.H دەڵێت "سەرەتا بەهێنانی 250 تۆن تۆوی پەتاتە دەستمان پێکرد، بۆ خۆمان چاندمان دوای سەرکەوتن دەستنیشانکردنی جۆرە باشەکان، ساڵ بەساڵ بڕی هاوردەی بنەتۆمان بۆ خۆمان و جووتیاران زیادکرد، بۆ ئەمساڵیش 12 هەزار تۆن بنەتۆمان بۆ جووتیارانی کوردستان و عێراق هێناوە، 3500 تۆنیشمان بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ دابینکردووە".

### بڕی بەکاربراوی پەتاتە بە (تۆن) لەهەرێمی کوردستان لە حەوت ساڵی ڕابردوودا




### حکومەت نایکڕێتەوە

# چاندن و بەرهەمی جۆ لە کوردستان پاشەکشە دەکات



ڕووبەری چێندراو بە جۆ لە شەش ساڵی ڕابردوودا 42% کەمی کردووە (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی نەکڕینەوەی بەرهەمی جۆ لە جووتیارانی کوردستان لەلایەن هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە، چاندنی جۆ لە کوردستان ڕووی لە پاشەکشە کردووە، بەجۆرێک بەراورد بە شەش ساڵی ڕابردوو بەڕێژەی 42% دابەزیوە، وەزارەتی کشتوکاڵیش دەیەوێ ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هانی جووتیاران بدات بۆ چاندنی جۆ.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، شەش ساڵ لەمەوبەر ملیۆنێک و 113 هەزار دۆنم زەوی کراوە بە جۆ، بەڵام ساڵی ڕابردوو تەنیا 245 هەزار دۆنم زەوی جۆی لێ چێندرابوو، بەمەش ڕێژەی ڕووبەری چێندراو بە جۆ لە شەش ساڵی ڕابردوودا 42% کەمی کردووە.

پێشتر وەزارەتی بازرگانیی عێراق لە چوارچێوەی بە بازاڕکردنی دانەوێڵە، ساڵانە ڕێژەیەک لە جۆی جووتیارانی عێراق و هەرێمی کوردستانی دەکڕییەوە، بەڵام لە ساڵی 2014ەوە کڕینەوەی جۆ خرایە ئەستۆی وەزارەتی کشتوکاڵ.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "لەساڵی 2014 کاتێک بەبازاڕکردنی جۆ خرایە ئەستۆی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق، ئەوان لەگەڵ کۆمپانیایەکی سەر بەخۆیان ڕێککەوتن و کۆمەڵێک ئیمتیازیان پێدا، بۆ نموونە 17%ی پارەی کڕینەوەی جۆیەکەیان پێدا، ئێمە بەوە ڕازی نەبووین، ئەوانیش ئامادە نەبوون جۆی جووتیاران بکڕنەوە. خۆمان لەو ساڵەدا 23 هەزار تۆن جۆمان لە جووتیاران بەهەمان نرخی بەغدا کە 572 هەزار دینار بوو، کڕییەوە، دواتریش بەپاڵپشتی نرخی 50% دابەشی سەر ئاژەڵدارانمان کرد".

هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە نزیکەی 600 هەزار تۆن جۆ هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە بەرهەمی ساڵانەی جۆی چێنراوی جووتیاران ناگاتە نیوەی ئەم بڕە، هەندێجاریش زۆر کەمترە، بۆیە بۆ پرکردنەوەی پێویستی جووتیاران و ئاژەڵداران، ساڵانە بڕێکی زۆری جۆ لە دەرەوە هاوردە دەکرێت.

ساڵی ڕابردوو بەهۆی قەیرانی دارایی و دابیننەکردنی بودجە بۆ کڕینەوەی، وەزارەتی کشتوکاڵ نەیتوانی هیچ بڕە جۆیەک لە جووتیاران بکڕێتەوە، ئەمەش وایکرد جووتیاران جۆیەکەیان لە بازاڕ هەرزانفرۆش بکەن.

ئەنوەر عومەر دەڵێت "پرۆژەی کڕینەوەی جۆی جووتیاران و دابەشکردنی بە نرخی پاڵپشت بەسەر ئاژەڵداران لەلایەن ئێمەوە هاندانێکی باش بوو بۆ زیادبوونی ڕووبەری چێنراوی جۆ، بەڵام بەداخەوە بەهۆی قەیرانی دارایی و دابیننەکردنی بودجە نەمانتوانی بەردەوام بین، بۆیە ئەمساڵ ڕووبەری چێنراوی گەنم پاشەکشەی کردووە".

جۆ بەروبوومێکی زستانەیە و بە یەکێک لە گرنگترین بەروبوومە ئالیکی و دانەوێڵەییەکان دادەنرێت. مێژووی چاندنی لە کوردستان بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بۆیە کوردستان خاوەنی جۆی تایبەت بەخۆیەتی کە پێیدەگوترێت دوو پەڕ، بەگوێرەی خاکی ناوچەکانیش ڕەنگەکەی بەهەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی دەردەکەوێت، بەڵام ئێستا لەڕێگەی توێژینەوە جۆرێکی دیکەی جۆ هاتووەتە هەرێمی کوردستان کە پێیدەگوترێت شەش پەڕ.

هەرچەندە جۆرێک لە پاشەکشێ لەچاندنی جۆ لەلایەن جووتیاران بەرچاو دەکەوێت، بەڵام توێژینەوەی کشتوکاڵی پارێزگاکان بەتایبەتیش توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر بۆ باشترکردنی کواڵیتی و برشتی جۆ بەردەوامین لە توێژینەوە لەسەر تەرزەکانی جۆ.

مەقسود خالد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر، دەڵێت "لەڕێی ڕێکخراوی ئیکاردا ساڵی ڕابردوو 25 تەرزی جۆمان دەستکەوت، ساڵی ڕابردوو توێژینەوەمان لەسەر 5 جۆری کرد و تەرزێکی تازەی جۆی شەش پەڕمان بەرهەمهێنا کە هاوشێوەی جۆی خۆماڵی لوسە و بەرگەی وشکە ساڵی دەگرێت و بەرهەمی باش دەدات، ناومان لێناوە قەڵا یەک ، ئەمساڵ وەک توێژینەوە بۆ چاندن نموونەمان دا بەهەندێ جووتیار و بەرهەمەکەی باش بوو".

مەقسود خالید گوتیشی "ئەمساڵ توێژینەوەمان لەسەر 7 تەرزی دیکەی جۆ کرد بۆمان دەرکەوت هەموویان لەڕووی بەرهەمەوە باشن ، بەڵام هەندێکیان گرفتی کەوتن و شکانەوە و نەخۆشییان هەیە، بۆیە لەوانەیە تەنیا 4 تەرزیان پەسەند بکەین".

توێژینەوەی دواجاری سەرجەم تەرزەکانی جۆ لای جووتیارە، جووتیاریش چ تەرزێک بەرهەمی باش بدات و لەبازاڕ نرخ بکات ئەو دەچێنێ، بۆیە هێشتا جۆی دوو پەڕی خۆماڵی سەرەڕای بوونی گرفتی کەوتن و کەم بەرهەمی، بەراورد بەجۆی شەش پەڕ لەلای جووتیار و ئاژەڵداران زۆرترین خواستی لەسەرە.

ڕۆستەم سلێمان، خاوەنی نووسینگەی ڕۆستەم بۆ فرۆشتنی گەنم و جۆ و عەلەف لەشاری هەولێر دەڵێت "جۆی خۆماڵی کە ڕەنگی ڕەش و دوو پەڕە لەهەموو جۆرەکانی دیکە زیاتر خواستی لەسەرە، چونکە لوسە و ئازاری قوڕگی ئاژەڵ نادات، بۆیە لەجۆی هاوردە باشتر دەفرۆشرێ و ئێستا تۆنێکی بەگوێرەی کواڵیتییەکەی لە نێوان 280 تاوەکو 320 هەزار دینارە".

هەرچەندە بەهۆی نەکڕینەوەی جۆ، ماوەی دوو ساڵە جووتیاران وەک پێویست جۆ ناچێنن، وەزارەتی کشتوکاڵیش لەهەوڵدایە ڕێژەی چاندنی جۆ لەوەی ئێستا کەمتر نەبێتەوە، بەڵام ڕۆستەم سلێمان دەڵێت "لەوانەیە ساڵی داهاتوو جووتیاران بەڕێژەیەکی بەرچاو جۆ بچێنن، چونکە ماوەی دوو ساڵە حکومەتی عێراق پارەی گەنم دوادەخات و جۆش بەرهەمی باش دەدات و نرخیشی لەبازاڕ گونجاوە".

پاشەکشێی چاندنی جۆ، وای کردووە وەزارەتی کشتوکاڵ، بیر لە دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ بەبازاڕکردنی جۆی جووتیاران بکاتەوە، تاوەکو لەڕێگەیەوە جارێکی دیکە جووتیاران ڕوو لەچاندنی جۆ بکەنەوە.

ئەنوەر عومەر دەڵێت "بۆ کڕینەوە و بەبازاڕکردنی جۆ و گەنمی جووتیاران لەگەڵ هەندێ کۆمپانیا لەگفتوگۆداین، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینەتە ڕێککەوتنی کۆتایی، چونکە بەشێک لە کۆمپانیاکان داوای ئیمتیازی زۆر دەکەن و حکومەتیش بەهۆی قەیرانی دارایی ناتوانێت پاڵپشتییان بکات".

# هۆکارەکانی هەڵکشانی نرخی نەوت چین؟

ڕووداو- ئاژانسەکان

ڕۆژی پێنجشەممە بۆ ماوەی چەند کاژێرێک بەهای نەوتی برێنت بۆ سەرووی پەنجا دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بەرزبووەوە، ئەمە یەکەمجارە لە ماوەی حەوت مانگی رابردوودا نرخی یەک بەرمیل نەوت سنووری پەنجا دۆلار تێپەڕێنێ.

چاودێرانی بازاڕی نەوت ماوەی دوو ساڵە چاوەڕێی دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دەکەن. ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) هەتا ئێستا لەسەر وەرەقە رازی نەبووە ئاستی بەرهەمهێنان کەم بکاتەوە، بەڵام بە کردەوە ئاستی بەرهەمی نەوتیی ئەم ڕێکخراوە دابەزیوە، یەکێک لەو وڵاتانەش کە بڕی دەرهێنانی نەوتی کەمبووەتەوە نایجیریایە و چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا بە هۆکاری جیاواز ڤەنزوێلاش ئاستی بەرهەمهێنانی دابەزێت. لەلایەکی دیکەوە ئاگرکەوتنەوەکەی کەنەدا و دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی ئەم وڵاتەش و کێشەی هەناردەکردنی نەوتی لیبیا هۆکاری دیکەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتن. هەموو ئەم گرفتانە وایان کرد ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەسەر ئاستی جیهانی ڕۆژانە 4 ملیۆن بەرمیل کەم ببێتەوە.

حەلیمە کرۆفت، لە گرووپی RBC لەوبارەیەوە گوتی "دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی ئۆپێک بووە بە دیفاکتۆیەک. ئەگەرچی ئەوەندەی تێدایە ئەم دابەزینە بەهۆی هێرش و بە ڕێکەوت ڕوویداوە. نایجیریا گەورەترین نموونەی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێکە، دووریش نییە ئەم ڕەوتە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت."

ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی نایجیریا بە ڕێژەی 31% دابەزیوە. بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی ئەم وڵاتە گەیشتووەتە 1.4 ملیۆن بەرمیل. لە مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بڕی بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی نایجیریا 2.03 ملیۆن بەرمیل بووە. دابەزینی بەرهەمهێنانی نەوتی نایجیریا بووەتە هۆی ئەوەی ئێستا ئەنگۆلا گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی کیشوەری ئەفریقا بێت، لە کاتێکدا بەرهەمی ئەم وڵاتە ڕۆژانە 1.8 ملیۆن بەرمیل نەوتە. لەساڵی 2003ەوە ئەمە یەکەمجارە ئاستی دەرهێنانی نەوتی نایجیریا بەم ڕێژەیە دابەزێت.



هۆکاری سەرەکی دابەزینی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لە نایجیریا بۆ هێرشەکانی گرووپێکی چەکدار بەناوی تۆڵەسێنەرانی دێڵتای نایجیریا بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە. ئەم گرووپە لە کۆتایی مانگی ئاداردا هێرشیان کردە سەر بۆڕی هەناردەکردنی نەوتی فۆرکادۆس کە بە ژێر ئاودا دەڕوات و کۆمپانیای نەوتی شێڵ بەڕێوەی دەبات، لە سەرەتای ئەم مانگەشدا هێرشیان کردە سەر دامەزراوەی نەوتی شێڤرۆن.

یەکەم دەرکەوتنی تۆڵەسێنەرانی دێڵتای نایجیریا بۆ دوو هەزارەکان دەگەڕێتەوە، کاتێک ژمارەیەک چەکداری نایجیریایی لەگەڵ ئەندامانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دێڵتای نایجیریا (ناسراو بە MEND ) سەدان هەزار بەرمیل نەوتی وڵاتەکەیان ڕاگرت و پشێوییەکی گەورەیان لە بازاڕەکانی نەوتدا دروستکرد.

ساڵی 2009 حکومەتی نایجیریا هەوڵی دا ئەو کێشەیە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دێڵتای نایجیری چارەسەر بکات، لەم چوارچێوەیەشدا بەڵێنی دا لێبووردنی گشتی بۆ چەکدارانی گرووپەکە دەربکات و مووچەی مانگانە و پرۆگرامی مەشقی سەربازیش بۆ 30 هەزار چەکداری ئەم گرووپە دابین بکات. هەندێک لە بەرپرسانی ئەم گرووپە گرێبەستی زەبەلاحی وەکوو پێدانی ساڵانە 100 ملیۆن دۆلاریان پێدراوە.

ئەم پرۆگرامە سەرکەوتنێکی کورتمەودای بەدەستهێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پاڵ پرۆگرامەکەدا بیر لە چارەسەری کێشە ریشەییەکانی وەکوو هەژاری، گەندەڵی و بڵاوکردنەوەی چەک نەکرابووەوە، بۆیە نایجیریای گەڕاندەوە ڕۆژی یەکەمی کێشەکە. پلانی حکومەتەکەی بوهاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیش خۆبەخۆیی ئەم پرۆگرامە هەڵدەوەشێنێتەوە، لە کاتێکدا یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی ئەم پلانە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە زەبەلاحە ئەمنییەکانە، هەرچەندە ئەگەر نایجیریا نەشیەوێت ئەم گرێبەستانە هەڵوەشێنێتەوە ناتوانێت پارەکەیان بدات، لەبەر ئەوەی خەزێنەی حکومەت بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە بەتاڵ بووە.

بە بۆچوونی کرۆفت، تەنانەت ئەگەر کەنەداش دوای ئاگرکەوتنەوەی دارستانی ئالبێرتا بەخێرایی بگەڕێتەوە نێو بازاڕی نەوت، ئەوە دیسانیش کاریگەریی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی نایجیریا بە بازاڕەکانی نەوتی جیهانەوە دیار دەبێت. ئاگرەکەی ئالبێرتا ئاستی دەرهێنانی نەوتی کەنەدای بە ڕێژەی 25% دابەزاندووە. چاککردنەوەی دامەزراوە نەوتییەکانی ئەم ناوچەیە کات و تێچوونێکی زۆری دەوێت.

ئەگەرچی کرێکاران و فەرمانبەرانی کەرتی نەوتی کەنەدا ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو دەستیان بەکارەکانیان کردەوە، بەڵام بانکی ناوەندیی کەنەدا ڕایگەیاند "ئاگرکەوتنەوەکەی ئالبێرتا کاریگەریی بەرچاو لەسەر گەشەی ئابووریی کەنەدا و توانای ئەم وڵاتە بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتدا دادەنێت". لە بازاڕی نەوتدا ئەمجۆرە لێدوانانە پارە دەکات، هەر بۆیە دوو ڕۆژ دواتر، واتە پێنجشەممەی ڕابردوو نرخی نەوت بۆ یەکەمجار لە ماوەی ئەمساڵدا 50 دۆلاری تێپەڕاند.

لە پاڵ نایجیریا و کەنەدا، ڤەنزوێلا بە وڵاتێکی دیکە دادەنرێت کە چاودێرانی بازاڕی نەوت بە نیگەرانییەوە لێی دەڕوانن. ماوەی زیاتر لە ساڵێکە حکومەتی ڤەنزوێلا لەسەر لێواری هەڵوەشانەوەیە، دابەزینی بەرچاوی بەهای نەوت تەحەدای سیاسی و ئەمنی بۆ ئەم وڵاتە دروستکردووە و بەرزبوونەوەی ڕادەی قەرزەکانی حکومەتیش خەریکە ڕەوشەکە بەرەو هەڵوەشانەوەی یەکجاری دەبات.

مایکڵ تران، داڕێژەری ستراتیژ لە RBC پێیوایە "هەڕەشەی سەرەکی لەسەر کەرتی بەرهەمهێنانی نەوتی ڤەنزوێلا بەهۆی مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی PDVSA و هەڕەشەی وازهێنانیان لە کارکردن دێت. ئەم هەڕەشەیە ڕۆژانە زیاتر دەبێت لەبەر ئەوەی ڕەوشی دارایی حکومەت هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە."

ئەگەر کەرتی بەرهەمهێنانی نەوتی ڤەنزوێلا زیانی زیاتری بەربکەوێت، ئەوە ئەنجامی گەورەی بۆ بازاڕەکانی نەوت دەبێ، کە یەکەمیان بەرزبوونەوەی زیاتری نرخی نەوتە.

دووەم: لەدەستدانی پشکەکانی ئەم وڵاتەیە لە بازاڕە جیهانییەکاندا، لە کاتێکدا پێناچێت کاراکاس ئامادە بێت واز لە کڕیارە ئاسیاییەکانی بهێنێت، چاوەڕێ دەکرێت ڤەنزوێلا دەست لە هەندێک لە پشکەکانی لە ئەمریکا و ئەورووپا هەڵبگرێت. ئەمە بۆ مەکسیک و کەنەدا هەواڵێکی دڵخۆشکەرە، لەبەر ئەوەی ئەوان دەتوانن ئەو پشکانە وەربگرن کە پێشتر بەدەست ڤەنزوێلاوە بوون.

بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت لە کاتێکدایە کە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو، وەزیرانی نەوتی وڵاتانی ئۆپێک لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا کۆدەبنەوە. چاوەڕێ ناکرێت هەوڵەکان بۆ ڕێککەوتن لەسەر سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت سەربکەوێ، بگرە چاوەڕێ دەکرێت ریاز هاوشانی تاران ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرزتر بکاتەوە.

# کۆبوونەوەی ئۆپێک ئەنجامی نابێت



بیلال سەعید




وا بڕیارە ڕۆژی 2016/6/2 ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت ناسراو بە (ئۆپێک) بە ئامادەبوونی ئەندامەکانی کە 12 وڵاتانی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، 169یەمین کۆبوونەوەی خۆی لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا بکات. پێشبینی دەکەم ئەوەی لەم کۆبوونەوەیە دەبێتە خاڵی گفتوگۆ، ئاستی هەناردەی نەوت و داهاتووی نرخی نەوتە.

ئێستا زیاتر لە جاران و ڕۆژ بە ڕۆژ باس لە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی ئۆپیک لەسەر بازاڕی وزەی جیهانی دەکرێت، ئەویش لە ئەنجامی دابەزینە بەردەوامەکانی نرخی نەوت لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا و گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بنەمای سەرەکی دروستبوونی ڕێکخراوی ئۆپێک ئەوەیە کە وڵاتانی ئەندام پێکەوە کۆنترۆڵی نرخی نەوت و ئاستی هەناردەی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بکەن، بەڵام لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی جیهاندا ڕۆژ بە ڕۆژ ئۆپێک ئەم ڕۆڵە لەدەست دەدات.

ڕێکخراوی ئۆپێک سەرەتا کە لە ساڵی 1960 دامەزرا، لە پێنج وڵاتی سەرەکی هەناردەکاری نەوت پێکهات، ئەوانیش بریتی بوون لە (عێراق، ئێران، سعودیە، کوێت و ڤەنزوێلا)، لەماوەیەکی دیاریکراودا ئەم ڕێکخراوە بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی تۆکمە توانی کۆنترۆڵی نرخی نەوت و ئاستی هەناردەی نەوتی ئەندامەکانی بکات.

هەرچەندە لە دوای شکستە بەردەوامەکانی نرخی نەوت لە حوزەیرانی ساڵی 2014 بەدواوە، ئۆپیک زیاد لە چەند کۆبوونەوەیەکی کردووە، بەڵام کۆی کۆبوونەوەکان بێ ئەنجام تەواو بوون، بەتایبەت دوایین کۆبوونەوەی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) و دەرەوەی ئۆپێک کە لە 17ی نیسانی ڕابردوو لە دەوحەی پایتەختی قەتەر سازدرا و ئێرانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە بەشداریی تێدا نەکرد و سەرئەنجام دوور لە چاوەڕوانییەکان بەبێ ئەنجام کۆتایی هات.

ئێستا ئۆپێک کە ئامادەکاری بۆ بەستنی 169یەمین کۆبوونەوەی خۆی لە ڤیەنای پایتەختی نەمسا دەکات، پێویستە وەڵامی چەند پرسیارێک بدەینەوە، لەوانەش: ئایا کاریگەریی کۆبوونەوەکە چی دەبێت؟ ئایا نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە؟ ئایا ئاستی هەناردەی نەوت کۆنترۆڵ دەکرێت؟ پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئێران بەکوێ دەگات؟

## کاریگەریی کۆبوونەوەکە

ئەم کۆبوونەوەیەی ئۆپێک دوای کۆبوونەوە بێ ئەنجامەکەی دەوحە لە 17ی نیسانی ڕابردوو دێت، بەڵام گرنگیی خۆی هەیە، چونکە سەرجەم وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێک، بەشداریی کۆبوونەوەکە دەکەن، بەپێچەوانەوەی کۆبوونەوەی 17ی نیسان کە ئێران بەشداریی تێدا نەکرد، بەڵام کاریگەرییەکەی کاتێک زیاتر دەردەکەوێت کە کۆبوونەوەکە بە ڕێککەوتن لەسەر ئاستی هەناردەی نەوت کۆتایی بێت، ئەوەش لەژێر کاریگەریی شیکردنەوەی خاڵەکانی دواتر دەگەینە ئەو بڕوایە کە ئەستەمە.

## نرخی نەوت

بەپێچەوانەی زۆر لە شیکردنەوەکان کە پێیانوابوو لەدوای کۆبوونەوەی 17ی نیسان نرخی نەوت دابەزینی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێ، ئێستا نرخی نەوت لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا بەرزترین ئاستی لەماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا تۆمار کردووە و نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت گەیشتە سەرووی 50 دۆلار. نرخی ئێستای نەوت بەدڵی زۆربەی ئەندامانی ئۆپێکە و پێیانوایە گەڕانەوەی هاوسەنگیی نرخە بۆ بازاڕی نەوت، بۆیە زۆر لە پێشبینییەکان بەو شێوەیەیە کە کۆبوونەوەکە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت.

## ئاستی هەناردەی نەوت

خاڵی سەرەکی هەڵوەشانەوە و بەبێ ئەنجام تەواوبوونی کۆبوونەوەکانی دوای دابەزینی نرخی نەوت لەناو ڕێکخراوی ئۆپێک، دیاریکردنی ئاستی هەناردەی نەوت بووە، بۆیە دەکرێت بڵێین خاڵی کێشە لەسەری نێوان وڵاتانی ئۆپێک بووە، بەڕادەیەک کۆبوونەوەی 17ی نیسان بەهۆی قایلنەبوونی ئێران بە کەمکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوت بەبێ ئەنجام کۆتایی هات.

ڕێکخراوی ئۆپێک لە نوێترین ڕاپۆرتیدا ئاماژەی بەزیادبوونی بەرهەمی نەوت کردووە، لە مانگی نیساندا ڕۆژانە 32 ملیۆن و 640 هەزار بەرمیل نەوتی خستووەتە بازاڕەوە، لەکاتێکدا ئۆپێک لە مانگی ئاداردا ڕۆژانە 32 ملیۆن و 470 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەم هێناوە.

بەپێی شیکردنەوە بۆ داتاکانی هەناردەی نەوتی ئۆپێک لە ماوەی مانگی نیسان، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خواستی کۆنترۆڵکردنی ئاستی هەناردەی نەوت لەلایەن وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک زۆر لاوازە، بەتایبەت لە نێوان سعودیە و ئێران، چونکە هەریەک لەوان بەشێوازی جیاجیا هەڕەشەی زیاترکردنی ئاستی هەناردەی نەوتیان کردووە.

بۆیە ئەگەری ڕێککەوتنی بەرهەمهێنەرانی نەوت لەسەر سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، ئەگەرێکی لاوازە و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە چەند هەفتەی ڕابردوو وای کردووە، بەرهەمهێنەرانی نەوت پەلە نەکەن لە سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنان.

## پەیوەندییەکانی سعودیە و ئێران

زۆربەی ئەندامانی ئۆپێک لە دەستچوونی سەردەمی زێڕینی ئۆپێک دەخەنە ئەستۆی سعودیە، چونکە پشکی شێری هەناردەی نەوتی ئۆپێکی هەیە کە نزیکەی یەک لەسەر سێی نەوتی هەناردەکراوی ئەندامانی ئۆپێک لەلایەن سعودیەوەیە، ئەویش لەژێر کاریگەریی ململانێ سیاسییەکانی جیهان، پشتی ئەمریکای گرتووە و دەیەوێت پشتی ئێران و ڕووسیا لەزەوی بدات.

بەپێی لێدوانە جیاوازەکانی نێوان سعودیە و ئێران لەدوای شکستی کۆبوونەوەی دەوحە، لە ئەنجامی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، تا ئێستا هیچ ئومێدێکی چاکبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە نابینرێت، بۆیە لە کۆبوونەوەی داهاتووشدا بەهیچ شێوەیەک ئەو دوو وڵاتە ئامادە نین لەسەر بەرژەوەندییەکانیان سازش بۆ یەکدی بکەن.

هەموو ئەو ئەگەر و هۆکارانەی لەسەرەوە باسمکردن ئاماژەن بۆ ئەوەی چاوەڕێی ئەنجامێکی باش لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئۆپێک ناکرێت. ئێستا کاتی هاتووە بپرسین ئایا کاتی هەڵوەشانەوەی ئۆپێک نزیک نەبووەتەوە؟

* ڕۆژنامەنووسی ئابووری

# سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە شاری مووسڵ نزیکتر دەبنەوە



ئەیوب نووری
ڕووداو- خازر

ڕۆژی یەکشەممە 2016/5/29 فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە هێرشێکی چەکدارانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە گوندی موفتی شەهید بوو، ماوەیەکی کورت پاش ئەمە هەزاران پێشمەرگە ناوچە مینرێژکراوەکان و خۆکوژەکانیان بڕی و گوندی موفتییان ئازاد کرد و سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان لە شاری مووسڵ نزیکتر کردەوە.

ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی گوندی موفتی ئۆپەراسیۆنێکی گەورەبوو کە بەر لە هەڵهاتنی خۆر دەستپێکرد و تێیدا پێنج هەزار پێشمەرگە و هێزە تایبەتەکانی زێرەڤانی بەشدار بوون. لەم ئۆپەراسیۆنەدا بە گوندی موفتیشەوە 10 گوند ئازادکران کە دانیشتووەکانیان کاکەیی و شەبەکن.

گوندەکان دوو ساڵ لەمەوبەر و دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچەکە چۆڵ کرابوون و دانیشتووانی گوندەکەش ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو.

سەرەتا هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان بنکەکانی داعشیان کردە ئامانج، دواتریش پێشمەرگە بە تۆپ و هاوەن چەکدارانی داعشیان کردە ئامانج، دواجاریش پێشمەرگە توانی بچێتە نێو گوندەکەوە.

تیمی تۆڕی میدیایی ڕووداو لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە چووە نێو قوتابخانەی گوندەکەوە، ئەمەش دوای ئەوەی تەقە وەستا و هیچ نیشانەیەک لە چەکدارانی گرووپەکە دیار نەمابوو. پێشمەرگە لە دوو ئاراستەوە بەرەو گوندەکە پێشڕەوییان دەکرد و دواتر لە ناوەندی گوندەکە یەکیانگرتەوە.

ڕێک لەم کاتەدا بوو خۆکوژێکی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی بە پشتێنەیەکی بۆمبڕێژکراو لە تونێلێکی بچووک دەرچوو. خۆکوژەکە دەستی بە تەقە کرد، لە ئاکامیشدا فەرماندەی لیواکە بەنێوی عەمید ڕزگار محەممەد ئەمین ئاغای سیوەیلی شەهید بوو، پاسەوانەکەشی بریندار بوو. پێشمەرگەکان دەستیان بە تەقە کرد و خۆکوژەکەش پشتێنە بۆمبڕێژکراوەکەی تەقاندەوە.

عەمید ڕزگار، 58 ساڵ، لە بەشی پزیشکی هێزەکانی زێرەڤانی کاری دەکرد. لە یەکەم وەجبەی ئەو پێشمەرگانە بوو کە لە مانگی 10ی 2014 چوونە کۆبانێ. بەمەبەستی یارمەتیدانی یەکینەکانی پاراستنی گەل لەشەڕی دژی داعش.

هەڵمەتی گەڕان و پشکنینی پێشمەرگە بە ناو گوندەکەدا دەستی پێکرد، لەم کاتەدا بوو چەکدارانی داعش بە دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو هێرشیان هێنا، کە تەقینەوەکەیان زەوی ژێر پێمانی لەرزاند.

جودا لە فەرماندەکەی پێشمەرگە کە شەهید و پاسەوانەکەشی کە بریندار بوو، پێشتر سێ پێشمەرگەی دیکە لە کاتی هێرشی بەرەبەیاندا بریندار ببوون و دواتریش پێشمەرگەیەکی دیکە دەستی بریندار بوو.

دوای پاککردنەوەی گوندی موفتی لە چەکدارانی داعش، ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان لە گوندەکە مانەوە بۆ ئەوەی بە شوێن بۆمبی چێنراو یانیش ئاماژەکانی بەرگری چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامیدا بگەڕێن، لە کاتێکدا زۆربەی پێشمەرگەکان لە دەرەوە بە تانک و چەکی قورس دەور تا دەوری گوندەکەیان گرتبوو.

لە کاتی ڕێکردن بەناو گوندەکەدا پێشمەرگەکان دەبوایە بە وریاییەوە هەنگاو بنێن، نەکا پێیان بەر یەکێک لەو کێبڵە دوور و درێژانە بکەوێت کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لەگەڵ مینە چێنراوەکانی سەر جادەکان و شوێنە مینرێژکراوەکانی دیکە پێکەوە بەسترابوونەوە.

خالید جەبار، پێشمەرگەیەکە کە لە ساڵی 2005ەوە لەم ناوچەیە پێشمەرگایەتی کردووە، پێشتریش بەر لە هێرشەکانی داعش و دەستگرتن بەسەر ناوچەکەدا خالید بە مەبەستی پشکنینی سەربازی و ئەمنی هاتووەتە ئەم ناوچەیە، وەکوو خالید باسی کرد، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی هیچیان بە گوندەکەوە نەهێشتووە.

خالید جەبار بە (ڕووداو)ی گوت "ژیان لەم گوندە ئاسایی بوو، خەڵک بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ دەژیان، زۆر جاریش بۆ کرێکاری دەچوونە هەولێر، بەڵام دواتر داعش هات و هەموو شتێکی وێران کرد."

بەم سەرکەوتنەی ڕۆژی یەکشەممەی هێزەکانی پێشمەرگە، بەرزاییەکی زۆر ستراتیژی لە دەستی داعش دەرهێنرا، ئەم بەرزاییە بەسەر بەشێکی زۆر لە گوندێکی گەورە بەنێوی بەدەنە دەڕوانێت.

بە گوتەی یەکێک لە ئەفسەرانی پێشمەرگە گوندی بەدەنە نزیکەی 300 خانووی تێدایە، بەڵام نەیویست باسی ئەوە بکات ئاخۆ ئۆپەراسیۆنەکەی ڕۆژی یەکشەممە کۆنترۆڵکردنەوەی گوندی بەدەنەش لەخۆدەگرێت یان نا.

لە دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکەی ڕۆژی یەکشەممەوە، هێزەکانی پێشمەرگە دەستیان کردووە بە فراوانکردنەوەی سەنگەرەکانیان، بۆ ئەم مەبەستەش هەم پەرژینیان داناوە و هەمیش خاکێکی زۆریان هەڵداوەتەوە.

ئامانجی سەرەکی ئۆپەراسیۆنەکانی ڕۆژی یەکشەممە تەنیا گرتنەوەی گوندەکانی ناوچەکە نییە، بەڵکو کشانی بەرەکانی هێزی پێشمەرگە و نزیکبوونەوەیان لە مووسڵە کە بە ئۆتۆمبێل تەنیا بیست و پێنج خولەک لە گوندی موفتییەوە دوورە.

چەندین مانگ دەبێت هەنگاوەکان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ، دووەم گەورەترین شاری عێراق، دەستیان پێکردووە، سوپای عێراق، میلیشیا عەرەبەکانی هاوپەیمانی حکومەتی عێراق، هێزەکانی پێشمەرگە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە هەماهەنگیدا بوون بۆ ئەوەی درەنگ یان زوو هێرشەکان بۆ گرتنەوەی پایتەختی دیفاکتۆی داعش لە عێراق دەستپێبکات.

## ستراتیژی کورد بۆ مووسڵی پاش داعش..

# ناوچەیەکی ئارام لە نێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی عەرەبی سوننە

ڕووداو- سەنتەری کارنیگی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ کاری لەپێشینەی زۆربەی ئەو لایەنانەیە کە لە شەڕی دژی داعشدا بەشدارن. حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە لایەنێکی سەرەکی ئەم شەڕەن، بەڵام ئەگەری کەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکەکانی پێشمەرگە بنێرێتە نێو سەنتەری شارەکە، لە کاتێکدا زۆربەی دانیشتووانی شارەکە عەرەبی سوننەن و ناوچەیەکی دیاریکراویش لە شارەکەدا نییە کە کورد وەکوو بەشێک لە ناوچەکانی خۆی سەیری بکات، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت کورد بیر لە دروستکردنی ژینگەیەکی سیاسی لە مووسڵی دوای دەرکردنی داعشدا بکاتەوە.

هەر لە ئێستاوە کورد پێشبینی دروستبوونی بۆشاییەکی سیاسی لەم شارەدا دەکات کە دەبێت پلانی بۆ دابنرێت، لەم پلانەشدا کورد بە دوای سێ ئەولەویەتدا دەگەڕێت:

یەکەم: کورد نایەوێت داعش لە هیچ فۆرمێکدا لە نزیک سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە، هەر بۆیە کێشەکە تەنیا شکستهێنان بە داعش نییە، بەڵکو کورد دەیەوێت گەرەنتی ئەوەش بکات کە جارێکی دیکە داعش لە نزیک سنوورەکانی کوردستان سەرهەڵنەداتەوە.

دووەم: کورد نایەوێت حکومەتی ناوەندی، بە تایبەتیش ملیشیا شیعەکانی حەشدی شەعبی، گرتنەوەی مووسڵ وەکوو هەلێک بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لەو پارێزگایە بقۆزنەوە.

سێیەم: نابێت حکومەتی لۆکاڵیی داهاتووی مووسڵ لەو عەرەبە سوننانە پێکهاتبێت کە نێوانیان لەگەڵ کورددا خۆش نییە، لەوانەش کۆنە بەعسییەکان.

## ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی داعش

بۆ ئەم مەبەستە کورد دەبێت هاوکاریی هێزە تایفییەکانی ناوچەکە بکات، واتە ئەو هێزانەی توانای ئەوەیان هەیە لە شاری مووسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری بەرگری بکەن. کۆتایی ساڵی پار، لە دیدارێکی تایبەتدا، سەعدی ئەحمەد پیرە، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پێیڕاگەیاندم، کورد پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو جۆرە هێزانە هەیە، لەوانەش هۆزەکانی شەمەر، تائی، جبوور و حەدید کە هەمووشیان بەشدارن لە ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕی دژی داعش.

پارتی دیموکراتی کوردستانیش پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هێزە تایفییە سوننەکاندا هەیە، بۆ نموونە لە کۆتایی 2014 هێزە کوردییەکان و چەکدارانی هۆزی شەممەر شانبەشانی یەکدی لە ڕەبیعە لە دژی داعش شەڕیان کرد. هێمن هەورامی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ڕایگەیاند، هێزی پێشمەرگە لە ناوەران و مەخموور دوو کەمپی مەشقیان بۆ چەکدارانی هۆزە سوننەکان کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بۆ جەنگی داعش ئامادە ببن. بێجگە لەمانە، هێزی پێشمەرگە هاوکاریی ئەو چەکدارە سوننانەش دەکات کە لە تورکیاوە نزیکن، یەک لەوانیش چەکدارەکانی نزیک لە ئەسیل نوجەیفی، پارێزگای پێشووی مووسڵ. نوجەیفی لە لێدوانێکی تایبەتدا ڕایگەیاند کە چوار هەزار چەکداری لە دەرەوە و هەزاران چەکداریشی لەناو شارەکەدا هەیە. پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت هاوکاری نوجەیفی بکات، نەک هەر بۆ ئەوەی شکست بە داعش بهێنرێت، بەڵکو بۆ ئەوەش کە دامودەزگا ئەمنییەکانی مووسڵ لە پاش داعش پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ کورددا هەبێت.



## کورتکردنەوەی دەستی بەغدا

گرتنەوەی مووسڵ دەشێت جارێکی دیکە کاریگەریی حکومەتی ناوەندی لە ناوچەیەکی هاوسنووری هەرێمی کوردستان زیندوو بکاتەوە، ئەمە ئەو ئەگەرەیە کە کورد دەیەوێت ڕێگری لێبکات. یەکێک لەو ڕێگەیانەی بۆ ئەم مەبەستە کورد بیری لێدەکاتەوە، ئەوەیە کە لە ڕێگەی فراوانکردنەوەی فیدراڵیزم (یانیش کۆنفیدراڵیزم لە عێراقدا) پانتایی حکومەتی نا-ناوەندی لە عێراق فراوانتر بکاتەوە. بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم ئەجێندایە، هەندێک لە بەرپرسانی کورد پشتگیری لە بیرۆکەی گۆڕینی پارێزگای نەینەوا بۆ هەرێم دەکەن. بەپێی مادەی 115ی دەستووری عێراق، پارێزگایەک دەتوانێت بەهۆی واژۆی یەک لەسەر سێی ئەندامانی پارێزگاکە یانیش یەک لەسەر دەی خەڵکانی خاوەن مافی دەنگدان لە پارێزگاکە، داوای بوون بە هەرێم بەرز بکاتەوە.

ئێستا هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمی فیدراڵی عێراقە، ژمارەیەک پارێزگای دیکەی وەکوو دیالە و بەسرەش هەوڵی بە هەرێمبوونیان دا، بەڵام دەسەڵاتی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، ڕێگەی لە سەرکەوتنی هەوڵەکانیان گرت.

لای کورد ئەم ڕێگرییە گومانی سەبارەت بە ماهیەتی فیدراڵی حکومەتی عێراق دروستکردووە.

زۆربەی سەرکردەکانی عەرەبی سوننە، بەوانەشەوە کە پێشتر دژی فیدرالیزم بوون، ئێستا بەو قەناعەتە گەیشتوون کە سیستەمی فیدراڵی باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت. موزەر شەوکەت کە لە 2015دا بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی پێکهێنا، داوای پێکهێنانی حکومەتێکی هەرێمی بۆ سوننەکان دەکات.

ژمارەیەکی دیکە لە سەرکردەکانی سوننەی عەرەبی، وەکوو نوجەیفییەکان، پشتگیری لە پێکهێنانی هەرێمی سوننە ناکەن، بەڵکو لایەنگری لە بیرۆکەی سیستەمی پارێزگا دەکەن.

سەرکردەکانی کورد تەنیا نیگەرانی دەسەڵاتی سیاسی حکومەتی ناوەندی لە مووسڵ نین، بەڵکو دەسەڵاتی سەربازییش هۆکارێکی دیکەی نیگەرانییەکانی کوردە. بۆ ئەم مەبەستەش کورد بیر لە ناوچەیەکی ئارام لە پارێزگای نەینەوا دەکاتەوە کە لەلایەن چەکدارە سوننەکانی نزیک لە کوردەوە بپارێزرێت. سەرکردایەتی کورد نیگەرانی ئەوەیە حەشدی شەعبی لە داهاتوودا هەڕەشە بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد دروست بکات و هێرش بکاتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە. جگە لەمە کورد دەزانێت بوونی حەشدی شەعبی لە مووسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری، جارێکی دیکە مەیلی لایەنگری لە داعش لەلای خەڵکی ناوچەکە دروست دەکاتەوە. هەر بۆیە کورد پێی باشە هێزی خۆجێیی ئەم ناوچانە بپارێزێت.

## خۆشکردنەوەی دۆستایەتی لەگەڵ سوننە

یەکێک لە کارە لەپێشینەکانی کورد ئەوەیە دوای دەرکردنی داعش لە مووسڵ، دەسەڵاتی لۆکاڵی لە مووسڵ پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کورد هەبێت. لای کورد پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ سوننەکان بایەخێکی ستراتیژیی هەیە. بۆ نموونە، هاوپەیمانێتی نێوان کورد و سوننە دەتوانێت دەسەڵاتی شیعەکان بەسەر حکومەتی بەغدا لاواز بکات.

مووسڵ شارێکی فرە-نەتەوەیە کە تێیدا عەرەبی سوننە و کورد و مەسیحی و تورکمان هەن، کورد لە حکومەتی لۆکاڵی پارێزگای مووسڵدا دەسەڵاتیان هەیە، لەوانەش بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوایە کە کوردە. وەکوو کیکی ئاماژەی پێدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگاکەدا هەیە و ئەم پەیوەندییە بەردەوام دەبێت. مێژووی دۆستایەتی کورد و ژمارەیەک لە لایەنە سوننەکانی مووسڵ بۆ پێش هێرشەکانی داعش دەگەڕێتەوە.

پاش هێرشەکانی داعش، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی عەرەبی سوننە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی کورد و عەرەبی سوننەی عێراق پەرەبستێنێ و لەناو کۆمەڵگەی سوننەکاندا جۆرێک لە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی بە کورد داوە. کورد دەتوانێت ئەمە بەکاربهێنێ بۆ بەرەپێشبردنی پرۆژەی دروستکردنی ناوچەی ئارام لە نێوان سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عەرەبە سوننەکان.

ئەگەرچی مێژووی پەیوەندییەکانی کورد و عەرەبی سوننە باش ناڵێت، بەڵام حاڵی حازر ئەم دوو لایەنە دوو دوژمنی هاوبەشیان هەیە، واتە داعش و حکومەتێکی ناوەندی کە شیعە دەستی بەسەردا گرتووە.

## کردنەوەی دەرگای داهاتووی عێراق

مووسڵ بەمزووانە کۆنترۆڵ ناکرێتەوە، کورد و سوننەش کۆکن لەسەر ئەوەی وەدەرنانی داعش لە شارەکە تەنیا کێشەیەکی سەربازیی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک دەستپێشخەری سیاسیش دەخوازێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت کۆمەڵگەی سوننەی عێراقی بگەڕێننەوە نێو سیاسەتی عێراق.

ڕوانگەی نێودەوڵەتیش خەریکە بەرەو لای عێراقێکی نا-مەرکەزی ئاراستە وەردەگرێت، ئەمەش لە مووسڵ دەکرێت بەمانای فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی هێزە لۆکاڵییەکان لە ئیدارەی ناوچەکە بێت، لەبەر ئەوەی ئەمە وەکوو تاکە ڕێگە دەبینرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە داعش لە فۆرمێکی نوێدا دەرنەکەوێتەوە.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (410) دووشەممە 2016/5/30

## لە یۆنان 4000 کۆچبەر هەڵاتوون



**ڕووداو- هەولێر**

دوای داخستنی کەمپەکان هەروەها داخستنی سنووری نێوان یۆنان و مەکەدۆنیا لە لایەن پۆلیسی شارۆچکەی ئیدۆمینیەوە ، زیاتر لە 4000 کۆچبەر خۆیان لە نێو دارستانەکانی نزیک لە سنووری مەکەدۆنیا حەشارداوە و بەشێکی دیکەیان ڕوویان لە شارەکانی دیکەی یۆنان کردووە بۆ ئەوەی هێزە ئەمنییەکان ڕاپێچی کۆگا چۆڵکراوەکانیان نەکەن. چونکە ئەو شوێنە هیچ خزمەتگوزاری سەرەتایی تێدا نییە. کەمپی کۆچبەرانی ئیدۆمینی گەورەترین کەمپە لە ئەورووپاو دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری چۆڵکردن و داخستنی، بەشێکی زۆری کۆچبەران لە دارستانەکانی نزیک لە سنووری مەکەدۆنیا خۆیان حەشارداوە.

فینلاند..

# سەدان کۆچبەری کورد ڕەنگە بدرێنەوە بە ئەفغانستان

ڕوودا- هێلسنکی

سەردار پێشبینیی ئەوەی دەکرد، ژیانی ئەورووپای خۆش نەبێت، یان بەگشتی خەونی بنیاتنانی ژیانێکی نوێ لە ئەوروپا شکست بهێنێ. بەڵام هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو ڕۆژێک بێت، بکەوێتە بەردەم مەترسیی ڕەوانەکردنی بۆ کابولی پایتەختی ئەفغانستان.

سەردار کۆچبەرێکی کوردە، بەڵام لە فینلاند خۆی وەک ئەفغانی ناساندووە و داواکەشی بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی لە فینلاند ڕەتکراوەتەوە. ئێستا حکومەتی فینلاند بڕیاری داوە سەردار دیپۆرت بکات، ئەو لەوە تۆقیوە کە بینێرن بۆ ئەفغانستان.

سەردار یەکێکە لەو کوردانەی کە خۆیان وەکو ئەفغانی ناساندووە و لە حاڵەتی جێبەجێکردنی بڕیاری دیپۆرتکردنەوەیاندا، یان ڕەوانەی کابول دەکرێن، یان ئەوەتا دەبێت دان بەوەدا بنێن کە درۆیان کردووە. ئەمەش وەک پارێزەرێکی شارەزای بواری پەنابەران دەڵێت "سزای خۆی هەیە و زۆر ئاسان نییە".

کۆتایی ساڵی ڕابردوو حکومەتی فینلاند گەیشتە بڕیاری کۆتایی سەبارەت بە ناردنەوەی بەزۆری ئەو کۆچبەرانەی بڕیاری دەرکردنیان هەیە. عێراق وەک یەکەم وڵات داوای لە فینلاند کرد مافی پەنابەری بە هاووڵاتیەکانی نەدات، ئەفغانستانیش ئامادەیی خۆی نیشاندا پێشوازی لەو هاووڵاتیانەی خۆی بکات کە فینلاند دەیاننێرێتەوە.

ئێستا فینلاند لە جێبەجێکردنی بڕیاری ناردنەوەی ئەفغانییەکان نزیک بووەتەوە. ئەمەش کێشە بۆ هەزاران کۆچبەری عێراقی و ئێرانی دروست دەکات کە لە فینلاند خۆیان وەک ئەفغانی ناساندووە، لە نێویاندا ژمارەیەکی زۆر پەناخوازی خەڵکی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەن.

هیچ سەرچاوەیەکی فەرمیی فینلاندی شتێکی لەم شێوەیەی پشتڕاست نەکردەوە، چونکە وەک (جیا سیمیلا) کارمەندی فەرمانگەی کۆچی فینلاند دەڵێت "هیچ کەسێکی لەو شێوەیە خۆی ئاشکرا نەکردووە کە لە کەیسەکەیدا درۆی کردبێت، بەڵام ژمارەیەکی زۆر خەڵک، بەهۆی ڕەوشی خێزانی و تایبەتی خۆیان، داوای گەڕانەوەیان کردووە".




کۆچبەرانی کورد لەفینلاند خۆیان بە ئەفغانی تۆمارکردووە

سوهام جوبەیلی، کارمەند لە گەورەترین کەمپی پەنابەرانی فینلاند بۆ (ڕووداو)ی ئاشکرا کرد، زۆرینەی عێراقییەکان کە دەنێردرێنەوە، ئەوانەن کە خۆیان داوایان کردووە، بەڵام پێدەچێت ئەفغانییەکان بەزۆر بنێردرێنەوە.

بەگوتەی جوبەیلی "ژمارەیەک لەو عێراقییانەی ترسی قبوڵنەکردنیان هەبووە، هەر لە سەرەتاوە خۆیان وەک ئەفغانی ناساندووە و ئێستا چارەنووسیان نادیارە".

بەگوتەی بەرپرسێکی نێو یەکێک لە کەمپەکانی شاری تورکۆ "نزیکەی هەزار کورد کە زۆرینەیان خەڵکی باشووری کوردستان و بەشێکیشیان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، وەک خەڵکی ئەفغانستان و بە کەیسی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی خۆیان تەسلیم کردووە".

زانیار گەرمیانی کە هاوکات وەک پارێزەرێکی نێو پەنابەران ناسراوە، گوتیشی "یان دەبێت بچن بۆ کابول، یان دەبێت ئاشکرای بکەن کە درۆیان کردووە، بەڵام ئەوکات دوور نییە بە توندی سزا بدرێن".

### لە چەمچەماڵەوە بۆ کابول

سەردار ئەحمەد، خەڵکی هەرێمی کوردستانە و کەمتر لە ساڵێکە گەیشتووەتە ئەورووپا. ئەو دوای بێئومێدبوونی لە سوێد و ئەڵمانیا، ڕووی کردە فینلاند، دەڵێت "هاوڕێکانم لە فینلاند هانیان دام، زۆر پەشیمانم، ئەوان کەتنیان بە من دا، ئێمە نزیکەی 20 کەس بووین لەسەر پێشنیازی پارێزەرەکەمان خۆمان وەک ئەفغانی ناساند".

چۆن خۆیان کردووە بە ئەفغانی؟ سەردار دەڵێت "چەند بەڵگەنامەیەکمان تەزویر کرد و لەڕێگەی چەند کەسێکەوە زانیاریمان لەسەر ڕەوشی ئەفغانستان وەرگرت".

زانیار باسی هۆکاری خۆ بەئەفغانی ناساندنی کۆچبەرانی کورد دەکات و دەڵێت "حکومەتی ئێرە ئەزموونێکی درێژی لەگەڵ ئەفغانییەکان نییە و چەند پارێزەرێک بازرگانییان بەم بابەتەوە کرد، دوور نییە ئەوان هۆکار بن".

ئیتا کێسکۆس، بازاڕە گەورەکەی ناوەندی شاری هێلسنکی، بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی گەنجانی کورد و ئەفغانی و کەیسە هاوشێوەکان شەڕ و ململانێی لەبیر ئەوان بردووەتەوە. ئەوێ زیاتر شوێنی گەنجانی ئەفغانی بوو، پێدەچێت ئەو کوردانەی خۆیان کردووەتە ئەفغانی، ئێستا لەوێ زیاتر کات بەسەربەرن.

گەنجێکی کورد کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "پارێزەرێکی ئەفغانی پارەی لێوەرگرتم، بەڵێنی پێدام ئیقامەم بۆ وەربگرێ، کەچی ئێستا خۆی شاردووەتەوە".

سەردار کە بەردەوام بیر لەو هەڵەیەی خۆی دەکاتەوە، دەڵێت "هەروا بە ڕێکەوت خۆم کردە ئەفغانی و ئێستا بۆ من بووەتە گەورەترین کێشە. ئەو ئەگەرەم دانابوو کە شکست بهێنم و بگەڕێمەوە کوردستان، بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نەبووم لە چەمچەماڵەوە بێمە ئێرە و لێرەشەوە ڕەوانەی کابول بکرێم".

لێکچوونی ڕوخسار و هەندێک دابونەریتی کورد و ئەفغانییەکان ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی ژمارەیەک لە پەنابەرانی کورد خۆیان وەک ئەفغانی بناسێنن.

ئۆلیڤیا مانتۆوا، کارمەندی ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ دەڵێت "زۆر نەریتی کورد و ئەفغانی لەیەک دەچن و زمانیان کەمێک لەیەک نزیکە، شتی لەو شێوەیە زۆر بووە کە ئەوانەی کەمێک فارسییان زانیوە گوتوویانە ئەفغانین و زۆر لە ئەفغانەکانیش پێشتر خۆیان کردووەتە کورد. بۆیە لەڕووی کەیس و زمان و هەندێکجار ڕوخساریشەوە، ئێمەی فینلاندی بە زەحمەت لەیەکیان جیا دەکەینەوە".

جیا سیمیلا کە بەرپرسیارێتی باڵای لە دامەزراوەی کۆچی فینلاندی هەیە، پێشتر بۆ مێدیاکان ئاشکرای کردبوو کە بەدەستهێنانی مافی پەنابەرێتی بۆ ئەو عێراقیانەی شەڕ و کوشتار لە ناوچەکانیان نییە، شتێکی ئەستەمە. ئۆلیڤیاش دەڵێت "دوور نییە بڕیاری لەم شێوەیە هانی کۆچبەرانی کوردی دابێت خۆیان وەک ئەفغانی بناسێنن".

حکومەتەکانی سکەندناڤیا پێشتر بە بایەخەوە لە کەیسە کۆمەڵایەتییەکانی ئەفغانییەکانیان دەڕوانی، بەتایبەت ئەوانەی کێشەی لادان و نەخۆشیی سێکسییان هەیە، یان هاوڕەگەزخوازن.

ئۆلیڤیا دەڵێت "ئەو تێڕوانینەی سکەندناڤیا، بۆ کەیسە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەفغانییەکان هانی زۆر کەسانی نەتەوەکانی دیکەی داوە کە خۆیان وەک ئەفغانی بناسێنن".

کۆچبەرێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەناوی خوازراوی سیاوەش خۆی ناساند، گوتی "بەهۆی ئەوەی زمانی فارسیم باش بوو، هانیان دام وەک نەخۆشێکی سێکسی، یان وەک هاوڕەگەزخواز کە گوایە خەڵکی ئەفغانستانم خۆم تەسلیم بکەم و گوتیان دەستبەجێ مافی پەنابەرێتی وەردەگرم، ئێستاش بڕیاری دەرکردنم بۆ ئەفغانستان هەیە".

بەگوێرەی زانیاریی نافەرمی، عێراقییەکان کە بەشێکی زۆریان کوردی هەرێمی کوردستانن، 70%ی کۆچبەرانی فینلاند پێکدێنن.

لە ڕاگەیەندراوی دامەزراوەی کۆچی ئەو وڵاتەدا هاتووە، بۆ ساڵی 2015 لەکۆی 20،500 کەیس تەنیا تەماشای 3،700 کەیس کراوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لەوانە ئەگەری ئەوەیان هەیە مافی پەنابەرێتی وەربگرن.

کارمەندە باڵاکەی دامەزراوەی کۆچ دەڵێت "ژمارەیەکی زۆر لەو عێراقییانە دەگەڕێنەوە، ئەفغانییەکانیش بەزۆر سنووورداش دەکرێن".

## پۆلیس 1500 کۆچبەر لە کەمپێک دەردەکات

# سوێد.. کۆچبەران لە ترسی دیپۆرتکردنەوە بەرەو فینلاند هەڵدێن

ڕووداو- سوێد

یەکەمین ڕۆژی مانگی داهاتوو 2016/6/1 ، لە مێژووی پەنابەریدا لە سوێد بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێ، حکومەتی ئەم وڵاتە بە دەرکردنی ژمارەیەکی زۆری کۆچبەر لە کەمپی (ڕێستارد گۆرد) لە ناوچەی ڤێنسبۆری، یەکەمین و گەورەترین هەنگاو دەنێت، بەڵام کۆچبەرانی کەمپەکە دەڵێن وا بە سانایی کەمپەکە چۆڵ ناکەن.

کەمپی (Restad Gård) لە ناوچەی ڤێنسبۆری کە دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای وڵات و نزیکی یۆتۆبۆری، دووەم گەورە شاری سوێد، بە یەکێک لە کەمپە هەرە گەورەکانی کۆچبەران لەم وڵاتە دادەنرێت. حکومەتی سوێد بڕیاری داوە بە جارێک 1500 کۆچبەری ئەو کەمپە دیپۆرت بکاتەوە.

پەریناز ئەحمەدی، یەکێک لە کۆچبەرانی کەمپی ڕێستارد گۆرد، بە (ڕووداو)ی گوت "کۆچبەران بەنیاز نین چۆڵی بکەن و ئامادەکاریش کراوە". ئەو کە لەگەڵ کۆمەڵێک کۆچبەری دیکە، وەک گرووپێکی خۆبەخش بەشێک لە سەرپەرشتیی کارەکانیان لە ئەستۆ گرتووە، گوتی "زۆربەی ئەو کۆچبەرانەی لەم کەمپەدان، کورد و عەرەب و ئەفغانی و بەشێکیشیان هی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتن. ئەوانە زەحمەتییەکی زۆریان بینیوە و دوای قوربانیدانێکی زۆر گەیشتوونەتە ئێرە، بۆیە دەرکردنیان بڕیارێکی ئاسان نییە".

پێشتر مێدیاکانی سوێد، بڵاویان کردەوە لە حاڵەتی چۆڵنەکردنی کەمپەکەدا، هێزەکانی پۆلیس بەزۆر کۆچبەران دەردەکەن و دەست بەسەر کەلوپەلەکانیاندا دەگرن.

بەڵام پەریناز دەڵێت کۆچبەرانی کەمپەکە وا بەسانایی کۆڵ نادەن "زۆرینەی کۆچبەرەکان، بەتەمای مانگرتنن و چۆڵی ناکەن، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە توندوتیژی لە نێوان پۆلیس و کۆچبەران ڕووبدات".

ڕێبوار ڕەحیم، دانیشتوی سوێد بە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ چەند چالاکڤان و پارێزەرانی خۆبەخشی سوێدی نیازی ئەوەمان هەیە بەرەو کەمپەکە بچین، بۆ ئەوەی ڕێگە لەهەر ڕووداوێکی نەخوازراو بگرین".

ئەو کە یەک لە چالاکڤانە دێرینە ناسراوەکانی بواری پەنابەرانە و لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ چەند سوێدییەکی چالاک ڕێکخراوێکی بواری داکۆکی لە پەنابەرانیان هەیە، گوتی "لەگەڵ هاوڕێکانم، هەموو ڕێگەیەک دەگرینەبەر بۆ ئەوەی ڕووداوی نەخوازراو ڕوونەدات".

زاهیر جەمال، 27 ساڵ، خەڵکی باشووری کوردستانە و لە کەمپی ڕێستاد گۆردە، پێدەچێ ئەو یەکێک بێ لەو کۆچبەرانەی چوارشەممەی داهاتوو دەردەکرێن، چونکە زیاتر لە سێ مانگە ڕەفزی وەرگرتووە و بڕیاری دەرکردنی دەرچووە.

زاهیر بە (ڕووداو)ی گوت "قوربانییەکی زۆرم داوە و پارەیەکی زۆر و تەمەنێکم بەڕێ کردووە تاوەکو گەیشتمە ئەم قۆناغە، بشمکوژن لە کەمپەکە نایەمە دەرەوە".

بە گوتەی زاهیر 500 کورد لەو کەمپە نیشتەجێن و بەشێکیان وەکو ئەو بڕیاری دیپۆرتکردنەوەیان دەرچووە.

زاهیر لەگەڵ هەشت هاوڕێی دیکەی لە نەتەوەی جیاواز، لە ژوورێکدا دەژین و پێشتر 16 کەس بوون. ئەو گوتی "بەشێکمان خزم و کەسیان هەیە و دەمێکە چۆڵیان کردووە، بەڵام من هیچم پێناکرێت و کەسم لێرە نییە".

زریان ناوی خوزراوی کۆچبەرێکی کوردە، دوای ئەوەی مافی پەنابەری نادرێتێ و بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی دەردەچێت، بڕیار دەدات کەمپەکە جێبهێڵێت. زریان باسی پلانی داهاتووی خۆی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "دەچمە فینلاند، ئەگەر ئەوێش نەیگرت، ڕوو لە دانیمارک دەکەم، ئەگەر لەوێش هیچم پێ نەکرا دەگەڕێمەوە".

ئەو ئێستا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە ستۆکهۆڵم نیشتەجێ بووە "بەنیازم زستان، کارەکانی ڕۆیشتنم دەست پێبکەم، چونکە ئەو کات پرسینەوەی ئەمنی و پۆلیسی سەر سنوورەکان کەم دەبێتەوە". نەشیشاردەوە کە دڵەڕاوکێیەکی زۆری هەیە "پەنجە مۆرم هەیە و ئەوەش یەکێکە لە کێشەکانم".

زۆربەی ئەو کۆچبەرە بیانیانەی سوێد کە بڕیاری ڕەتکردنەوەیان هەیە، ڕوو لە وڵاتانی دراوسێ دەکەن و ئەمەش کێشەی بۆ فینلاند و نەرویج دروستکردووە.

بەڵام دامەزراوەی کۆچ لە ڕاگەیاندنی خۆیدا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "بڕیاری دەرکردن لە کەمپەکان و دیپۆرتکردن و بڕینی مووچە، هیچ کەسێکی خوار تەمەن 18 ساڵ ناگرێتەوە".

ئەمە لە کاتێکدایە مانگی ڕابردوو، حکومەت لە بودجەی بەهارەیدا، سەدان ملیۆن کرۆنی بۆ باشکردنی ڕەوشی کۆچبەران و پرسی کۆچ لەو وڵاتە و شیاندنیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕەسەن، تەرخان کرد.



کۆچبەرێک:خۆپیشاندان دەکەین و بە ئاسانی چۆڵی ناکەین




## هونەرمەندێکی کورد نوێنەرایەتی ئەڵمانیا دەکات

**ھیوا سەلاح/ ڕووداو- ھەولێر**

لە خولی 120 هەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی مای فێست شپیلەر لە ئەڵمانیا، ئیحسان عوسمان، دەرهێنەری کورد، بەشانۆگەرییەک نوێنەرایەتی ئەڵمانیا دەکات. ئیحسان عوسمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ماڵی نێودەوڵەتی شانۆی ئەڵمانیا، منیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی مای فێست شپیلە نوێنەرایەتی ئەڵمانیا بکەم، کە شانۆگەرییەک بوو بەناوی گەشت، پێشکەشمان کرد، بڕیارە نمایشی ئەم شانۆگەرییە تاوەکو ساڵی داهاتوو بەردەوام بێت". ئیحسان گوتیشی "تەواوی ئەکتەرەکان ئەڵمانی بوون کە هەموویان لە باشترین شانۆکارانی ئەو وڵاتە پێکهاتبوون، بەڵام بەشێک لە ستافی دەرهێنان و جێبەجێکردن کورد بوون".

### هونەرمەند کاوە حەمەساڵح بۆ (ڕووداو):

# ئەگەر بۆ کۆنسێرت نەبووایە 35 ساڵی دیکەش نەدەهاتمەوە



هونەرمەند کاوە حەمەساڵح دوای 35 ساڵ تاراوگەنشینی، بەسەردان لە سویدەوە گەڕایەوە شاری سلێمانی، بەڵام دەڵێت ئەگەر بۆ کۆنسێرت نەبووایە، 35 ساڵی دیکەش لەوێ بووایە نەدەگەڕایەوە، چونکە هیچ کەس و بەرپرسێک کارئاسانی بۆ گەڕانەوەی نەدەکرد. کاوە حەمەساڵح، ڕۆژانی 2016/5/13-30 لە هۆڵی تەلاری هونەر کۆنسێرت ساز دەکات و ئەلبوومێکی نوێش بڵاودەکاتەوە.
کاوە حەمەساڵح، ساڵی 1960 لە قەزای پێنجوێن لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، بەڵام بەهۆی تێکەڵاوبوونی خێزانەکەیان بە کاری سیاسی تووشی گرتن و گواستنەوە بووە و نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات. دوای گەڕانەوەی لە سوێد، (ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.
هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: لە کوردستان تا چ قۆناغێکت خوێند؟**
**کاوە حەمەساڵح:** لە پەیمانگەی تەکنەلۆژیا وەرگیرام، بەڵام بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە نەمتوانی تەواوی بکەم.
**ڕووداو: ساڵی چەند بوویتە پێشمەرگە؟**
**کاوە حەمەساڵح:** نەمدەویست تێکەڵاوی کاری سیاسی بم، بەڵام خێزانەکەمان لەلایەن دەسەڵاتی ئەو کاتەوە وازیان لێنەدەهێناین و لەنێو شار ترسمان لەسەر بوو، بۆیە کۆتایی ساڵی 1979 پەیوەندیم بە پێشمەرگەوە کرد

> لە نەخۆشخانە لە تاران پاسدار تفیان لێدەکردم

لە ناوچەی شارەزوور لای شەهید فەرەیدوونی برام و تاوەکو کۆتایی ساڵی 1981 پێشمەرگە بووم.

**ڕووداو: چۆن بوو ڕووت کردە کاری هونەری؟**
**کاوە حەمەساڵح:** لە تەمەنی 10 ساڵییەوە کە لە قوتابخانە بووم، هەستم دەکرد دەنگم خۆشە، هەمیشە گۆرانییان پێدەگوتم و مامۆستای هونەرمان دەیگوت دەبیتە گۆرانیبێژێکی باش، ئەو کاتەش هۆگری هونەرمەندان مامڵێ و حەمەساڵح دیلان بووم.
**ڕووداو: پێش ڕۆیشتنت بۆ شاخ، هیچ بەرهەمێکت تۆمار کرد؟**
**کاوە حەمەساڵح:** بەڵێ ساڵی 1976 لەگەڵ تیپی چالاکیی قوتابخانەکان بەشدار بووم کە مامۆستا خالید سەرکار سەرپەرشتیی دەکرد، گۆرانییەکم بە موزیکی تازەوە لە تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمار کرد، بەڵام بڵاونەکرایەوە و ناشزانم هۆکارەکەی چی بوو، پاشان هەر لەگەڵ ئەو تیپە دەچووینە شارەکانی دیکە. کە بوومە پێشمەرگەش حەزم دەکرد تیپێک هەبووایە کاریان لەگەڵ بکەم. ساڵی 1980 بیستم چەند پێشمەرگەیەک خەریکی دروستکردنی تیپێکن بەناوی تیپی شەهید کارزان، لەوانە هونەرمەندان حەمەجەزا، ئازاد خانەقینی، شوان کەریم کابان و چەند موزیسیانێک، بەڵام بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە نەمتوانی کاریان لەگەڵدا بکەم، دواتریش بریندار بووم.
**ڕووداو: کەی چوویت بۆ سوێد؟**
**کاوە حەمەساڵح:** شەوی 1981/10/19 پۆلێک پێشمەرگە لەنزیک گوندی قاجری بووین لە شارەزوور، نەمانزانی چواردەورمان گیراوە، بۆ بەرەبەیان تەقەیەکی زۆر کرا، هەرچۆنێک بوو گەمارۆکەمان شکاند، بەڵام بە فڕۆکە بۆردومانیان کردین، لە کاتی پەڕینەوەم لە ئاوی زەڵم ساچمەیەک بەر پشتم کەوت و لە پەلوپۆ کەوتم. چەند پێشمەرگەیەک گەیاندمیانە سنووری ئێران و لەوێوە بۆ سەردەشت و سەقز و دواتر بە هەڵە ناردیانمە ورمێ. لەوێش کامەرانی برام گیرا و کەسم لەگەڵدا نەما، بەڵام شۆفێرێکی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بە نهێنی گەیاندمییە تاران، لەوێش بەهۆی ئەوەی هیچم پێنەبوو هیچ شوێنێک وەریاننەدەگرتم، تەنیا

> نەمدەویست تێکەڵاوی سیاسەت بم

> تەلەفزیۆنی کەرکووک گۆرانییەکانیان بڵاونەدەکردەوە

> هاوسەنگەرەکانم ئاسانکاریی گەڕانەوەیان بۆ نەکردووم

پەرستارێک هاوکاریی کردم و چوار مانگ لەوێ مامەوە، لەوێ پاسدار تفیان لێدەکردم. ئەگەر هەفتەیەکی دیکە لە ئێران بوومایە دەمردم، بەڵام لە کۆتاییدا هاوڕێیان دۆزییانمەوە. کاک دلێری سەید مەجید نووسراوێکی بۆ کردم و چووم بۆ سووریا، لەوێش دوو مانگ لە نەخۆشخانە مامەوە، پاشان هەر لە سووریاوە چووم بۆ سوێد.
**ڕووداو: کەسوکارت ئاگاداربوون؟**
**کاوە حەمەساڵح:** نەخێر تەنیا ئەوەندەیان دەزانی کە گەیشتوومەتە ئێران، دواتر لە سوید نامەیەکم نووسی و نازانم چۆن پێیان گەیشت و ئاگادار کرانەوە.
**ڕووداو: هەمیشە لەسەر کورسیت، کێشەی تەندروستیت ماوە؟**
**کاوە حەمەساڵح:** نەخێر، تەنانەت لەو 35 ساڵەدا هەستم نەکردووە شوێنێکی جەستەم کەموکورتی تێدایە، 30 ساڵە لە ژمێریاریی کارگەیەک کار دەکەم، تەنیا کێشەی ڕۆیشتنم بە قاچ هەیە، بەڵام دەشرۆم.
**ڕووداو: بۆچی لە ماوەی ئەو 35 ساڵەدا نەگەڕاویتەوە کوردستان؟**
**کاوە حەمەساڵح:** پێویستم بە شوێنێکی تایبەت بۆ حەوانەوە بوو بۆ ئەوەی هەست نەکەم کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەتم، ئەو کەسانەی هاوسەنگەرم بوون ڕۆژێک لە ڕۆژان نەهاتوون ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەم بکەن، تەنیا بەڵێنیان هەبووە نەک کردار. ئەمجارەش تەنیا لەبەر کۆنسێرتەکە هاتمەوە. کاک فەرهاد حەمەساڵحی موزیسیان و کاک تەحسین قادر برا و هاوڕێی خۆشەویستم کە خزمین و هونەردۆستە، ئاسانکاری و شوێنی نیشتەجێبوون و سپۆنسەری کۆنسێرت و ئەلبوومەکەی کردم و گەڕامەوە، ئەگەرنا 35 ساڵی دیکەش لەوێ بوومایە نەدەهاتمەوە.
**ڕووداو: لە سوید کەی دەستت بە کاری هونەری کردەوە؟**
**کاوە حەمەساڵح:** ساڵی 1984 کە لە نەخۆشخانە هاتمە دەرەوە، هەندێک لە هاوڕێیانی چالاکی قوتابخانەکان یەکدیمان بینییەوە و دەستبەکار بووینەوە و چەندین کۆنسێرتمان سازکرد.
**ڕووداو: بۆچی بەرهەمەکانت زیاتر نەتەوەیین؟**

> پێویستم بە شوێنی تایبەتی حەوانەوەیە بۆیە ناگەڕێمەوە کوردستان

**کاوە حەمەساڵح:** وا پێویستی دەکرد، چونکە لەو کاتەدا کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال ڕوویاندا و دەبوو بەو شێوەیە بەشدار بین.
**ڕووداو: لەو 35 ساڵەدا تەنیا بەرهەمێکت بڵاوکردەوە، کەم نییە؟**
**کاوە حەمەساڵح:** هونەر کاری بەکۆمەڵە و پێویستی بە پشتگیرییە، منیش بە تەنیام و هاوکاری و ئاسانکاریم نەبووە و هەمووی لە ئەستۆی خۆم بووە.
**ڕووداو: پێشتر کارت لەسەر شێوازی سوننەتی دەکرد، بەڵام دەگوترێت ئەمەیان زیاتر ئۆرکسترایییە، ئەم گۆڕانکارییە چۆن بوو؟**
**کاوە حەمەساڵح:** پێشتر فەرهاد حەمەساڵح ئەلبوومێکی لەو شێوەیەی بۆ شەش هونەرمەند کرد کە یەکێکیان من بووم، دوای پەسەندکردنی گۆرانییەکە، وای لێکردم زیاتر لەسەر ئەو شێوازە کار بکەین، پاشان بیرۆکەی ئەلبووم و کۆنسێرتەکە هاتە ئاراوە، بێگومان گۆڕانکارییەکی گەورەمان لە کارەکانی پێشتردا کردووە و بەلامەوە زۆر جوانە..
**ڕووداو: بەنیازنیت بە یەکجاری بگەڕێیتەوە؟**
**کاوە حەمەساڵح:** من قوربانیم بۆ کوردستان داوە و جێی شانازیمە، بەڵام ئەگەر بە هاتنەوەم جەستەم کێشەی تێبکەوێت، پێموابێت کارێکی باش نییە.
**ڕووداو: دوای 35 ساڵ غەریبی، کاتێک گەیشتیتەوە کوردستان، هەستت چۆن بوو؟**
**کاوە حەمەساڵح:** پێمخۆش بوو بۆ کۆنسێرتەکە هاتمەوە، چونکە ئامانجی سەرەکیمە و بەو بەرهەمەوە زۆر زەحمەتیمان کێشا، بەڵام زۆرم بەلاوە ئاسایی بوو، ئەوەش بەلای خۆمەوە سەیر بوو کە هەستم بەو شێوەیە بوو.
**ڕووداو: دوای هاتنەوەت هیچ بەرپرسێک لێی نەپرسی؟**
**کاوە حەمەساڵح:** جگە لە کاک سەروەر بەرزنجی کە خزمی خۆمە و کاک بابەکر دڕەیی، هیچ بەرپرسێک پەیوەندیی پێوە نەکردووم.

# یونسکۆ هەوڵی پاراستنی موزیکی کوردی لە سووریا دەدات

**ئالێکساندرا دی ستیفانۆ پیرۆنتی**
**ڕووداو- بارسیلۆنا**

کۆچی بە لێشاوی کوردی سووریا بۆ دەرەوەی وڵات، زیانێکی گەورەی بە موزیکی کوردی لەو بەشەی کوردستان گەیاندووە، زیانەکەش بە ئاستێک مەترسیدارە کە تەنانەت یونسکۆش هەوڵەکانی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی ڕێ لە فەوتانی بگرێ.

غانی میرزۆ، موزیکژانی کورد کە لە کۆبوونەوەکەی یونسکۆدا بۆ پاراستنی موزیکی فۆلکلۆر و میللی لە سووریا بەشدار بوو، دەڵێت هەر زیانێک بە موزیکی کوردی بگات، زیان بە دۆزی کوردیش گەیشتووە.

میرزۆ کە چەندین ساڵە لە شاری بارسیلۆنای ئیسپانیا دەژی، بە (ڕووداو)ی گوت "موزیک لە خەباتی گەلی کورددا بۆ سەربەخۆیی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت".

میرزۆ سەبارەت بە قەیرانی کۆچبەری و کاریگەریی لەسەر موزیکژان و هونەرمەندان گوتی "نیوەی دانیشتووانی سووریا پەنایان بۆ وڵاتانی دیکە بردووە، لە نێو ئەوانیشدا موزیکژان و هونەرمەندانی بوارەکانی دیکە هەن. ئەوەی پەیوەندی بە موزیکژانانی کوردەوە هەبێت من دەزانم نزیکەی 70%یان لە سووریا نەماون."

کۆبوونەوەکەی یونسکۆ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بەڕێوەچوو. میرزۆ سەبارەت بە ئامانجی کۆبوونەوەکە گوتی "ئێمە لەگەڵ موزیکژانانی دیکەی سووریا لە چوارچێوەی پشتگیرییە سەرەتاییەکانی یونسکۆ سەبارەت بە موزیکی سووریا و چۆنێتی پاراستنی ئەم موزیکە کۆبووینەوە."

یەکێک لە گرنگترین ئەو بڕیارانەی لە کۆبوونەوەکەدا درا، پێکهێنانی بانکێکی زانیاری بوو کە هەم ناوی هەموو ئەو موزیکژانانەی تێدا بێت هەتا ئێستا لە سووریا ماون و هەمیش ئەوانەی سووریایان جێهێشتووە.

موزیکژانە سوورییەکانی دیکە کە لە کۆبوونەوەکەی پاریسدا بەشدار بوون، بریتی بوون لە خالید ئەلجەرامەنی، نووری ئەسکەندەر، عابد ئەزری، فەواز بەکر، لینا شەماميان و ئیبراهیم کەیفۆ. حەسەن عەبباس کە چەندین ئەنجوومەن و پڕۆژەی کەلتووریی بەڕێوەبردووە، یەکێکی دیکە لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بوو.

غانی میرزۆ دەڵێت "دەبێ مۆسیقای کلاسیکی سووری لە ئەرشیفەکاندا بپارێزین، بۆ ئەوەی دواتر بتوانین فێری نەوەکانی داهاتووی بکەین". ئەو هەروەها داوای لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کرد هەوڵەکانیان لە یونسکۆدا چڕتر بکەنەوە بۆ ئەوەی یارمەتی پاراستنی موزیکی کوردیی ڕۆژئاوا بدەن، لە کاتێکدا بە بۆچوونی میرزۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای ئابووری و ستروکتۆری حوکمڕانیەکی بەهێزتر لە پارچەکانی دیکەی کوردستانی هەیە.

میرزۆ گوتی "من داوا لە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە دەنگ و هەوڵەکانیان لە یونسکۆدا بەهێزتر بێت، هەروەها بۆ هێنانەوە و پاراستنی میراتی کەلتووری و موزیکی کوردی سووریا ڕۆڵێکی کاراتر بگێڕن". ئاشکراشی کرد کە بڕیارە کۆبوونەوەیەکی سێ ڕۆژەی دیکە لە یەکەم ڕۆژی مانگی داهاتوودا لە بەرلین بەڕێوەبچێت.

میرزۆ حەز دەکات هەوڵەکانی ئێستایان لەسەر کردنەوەی قوتابخانەی موزیک لە شارە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان چڕ بکرێتەوە، لە پاڵ ئەمەدا ئامێرسازەکان هەوڵی زیندووکردنەوە و گەڕاندنەوەی ئامێرە موزیکیە کوردییەکان بدەن. بە بۆچوونی ئەو موزیکژانە کوردە "سەرەڕای هەموو پشێوییەکانی نێوخۆی وڵات، موزیک دەتوانێت هیوایەک بێت بۆ زیندوو ڕاگرتنی کولتوور. گەلی کورد گەلێکی موزیکاڵە. هەتا ئێستاش سێ قوتابخانەی موزیک لە شارەکانی کۆبانێ، عامووده و قامیشلۆ هەن."

سەبارەت بە گرنگیی موزیک بۆ کوردی ڕۆژئاوا میرزۆ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "موزیک ڕێگەیەک بووە بۆ گوزارشتکردن لە خۆمان. لەو کاتەی بۆ ماوەیەکی زۆر زمانی ئێمە قەدەغە بووە، بە شێکی زۆری مێژووی ئێمە لە ڕێگەی موزیکەوە گوازراوەتەوە."

بەشێک لە کۆبوونەوەکەی یونسکۆ لە پاریس بۆ باسکردن لە پاراستنی موزیکی کوردی ئێزدی تەرخان کرا. بەڕای میرزۆ کۆمەڵگەی ئێزدییەکان لەڕووی کولتوورییەوە زۆرترین زیانیان پێگەیشتووە، لەبەر ئەوەی تەنانەت بەر لە دەستپێکردنی جەنگیش کوردە ئێزدییەکانی سووریا نەیاندەتوانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن کە زۆربەی لە موزیک پێکهاتووە، هەر بۆیە میرزۆ حەز دەکات قوتابخانەیەک بۆ موزیکی کوردی ئێزیدی بکاتەوە و چالاکی موزیکیی کوردیی ئێزدی لە شنگال و لە هانۆڤەری ئەڵمانیا ڕێکبخات".

ئەمە یەکەمجارە یونسکۆ هەوڵێکی ئاوها گەورە بۆ پاراستنی میراتی کەلتووری وڵاتێک بدات، لەوانەش موزیک، گرنگیی ئەمجۆرە هەوڵە لە کاتێکدا دەردەکەوێت کە داعش هەموو هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی میراتی کولتووری و موزیکی سووریا لەناوبەرێت.

میرزۆ جەختی لەسەر بایەخ و پێگەی موزیک لە نێوان کوردی ئێزدی کردەوە و گوتی "کوردی ئێزدی کە بەهۆی داعشەوە زۆرترین نەهامەتییان چەشت، دەرخەری جوانین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئاینی ئێزدی تاکە ئاینە کە تێیدا لە کاتی چوونە نێو پەرستگاکان دەستی موزیکژانەکان ماچ دەکرێت.

لە کولتووری ئێزدیدا موزیک پێگەیەکی بەرزی هەیە." بەگوێرەی یونسکۆ موزیکی میللی و فۆلکلۆری سووریا لە موزیکە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی مەسیحی و موزیکی سۆفیگەریی ئیسلامی پێکدێت، لە پاڵ ئەمەدا موزیکی گەلە جیاوازەکانی دیکەش، وەکوو کورد، عەرەب، تورکمان، چەرکەس، ئەرمەنی و ئاشووری هەن.




جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەشێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
رز محمود
ممتاز
أرز ١١٢١ سيلة هند
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLK
powder
حليب



### ژنێک لەلایەن براکەیەوە دەکوژرێت

**ڕووداو-هەولێر**

نەقیب ڕێباز زێوەر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پاشنیوەڕۆی 2016/5/28 لە گەڕەکی برایەتی شاری هەولێر ژنێکی تەمەن 28 ساڵ لەلایەن براکەیەوە کوژراوە. ناوبراو گوتی "تۆمەتبارەکە دانی بە تاوانەکەدا ناوە و گوتویەتی کاتێک خوشکەکەم بە سەردان هاتووەتەوە ماڵی باوکم دوو فیشەکم پێوەناوە و کوشتومە و دەشمویست خێزانەکەم هەموویان بکوژم، چونکە لەمێشکم شتێک دروست دەبوو، هانی دەدام بیانکوژم" ڕێباز گوتیشی "تۆمەتبارەکە دەڵێت باری دەروونی ناجێگیربووە، بەڵام بۆ ڕاستی قسەکانی، ڕەوانەی لێژنەی پزیشکی دەکرێ".

# بە چەکی مێردەکەی، خۆی کوشت



## مێردی ژنەکە: هەوڵمدا خۆی نەکوژێت
## باوکی ژنەکە: لە زاواکەم دەبوورم

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- ڕزگاری**

مێردەکەی دەڵێت زۆر هەوڵی لەگەڵ داوە خۆی نەکوژێت، بەڵام سنوور میلی چەکەکەی هێنابووەوە و وەک ئەوەی پێی عەیب بووبێ پەشیمان بێتەوە، لوولەی تفەنگەکە لە سینگی دەکات و دەیتەقێنێ. ئێستا مێردی سنوور بە تۆمەتی هاندانی ژنەکەی بۆ خۆکوشتن، دەستگیرکراوە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی 2016/5/19 ژنێکی تەمەن 26 ساڵ بەنێوی سنوور قادر، دانیشتووی ناحیەی ڕزگاریی سەر بە ئیدارەی گەرمیان لە ژووری میوانەکەیان و بە چەکی کلاشینکۆفی مێردەکەی خۆی کوشت. سنوور و مێردەکەی پوورزای یەکدین و خاوەنی چوار منداڵن و مێردی سنوور پۆلیسە.

ئەو ڕووداوە لەلایەن نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە ڕزگاری لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت، (ج.ج)، مێردی سنوور، دوای ڕووداوەکە بەبڕیاری دادوەر و بەتۆمەتی هاندانی ژنەکەی بۆ خۆکوشتن بەندکرا. لە ئیفادەی سەرەتاییدا لە نەخۆشخانە باسی کاتی ڕووداوەکەی کردووە و گوتوویەتی "دەبووایە ئەو ڕۆژە بڕۆمەوە بۆ دەوام، سنوور کەلوپەلی بۆ ئامادە کردبووم، بەڵام سەرلەبەیانییەکەی چووم بۆ ماڵێک بۆ وەرگرتنەوەی قەرز، دواتر بڕێک لەو پارەیەم برد بۆ ماڵی دایکم، کە سنوور پێیگوتم بۆچی پارەت بۆ ماڵی باوکت بردووە؟ گوتم هەق و حساب لەنێوانماندایە".

هەر بە گوتەی ئەو تۆمەتبارە "دواتر سنوور یەکێک لە منداڵەکانی برد بیشوات، بەڵام لەناکاو لە گەرماوەکە هاتە دەرەوە و چووە ژووری میوانەکە و دەرگای داخست و گوێم لێبوو میلی چەکەکەی ڕاکێشا و دەگریا، زۆر لێی پاڕامەوە خۆی نەکوژێت، بەڵام بێسوود بوو".

(ج) لە ئیفادەکەیدا نەیشاردووەتەوە کە کێشە لە نێوانیاندا هەبووە و گوتبووی "چەند جارێک تووشی کێشە بووین، بەڵام سنوور شێوازێک لە توورەبوونی هەبوو تەنانەت ئەگەر خواردنی دروستبکرایە و خراپ بووایە هەڵدەچوو، پێشتریش هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام نەمانهێشتووە و بۆ ئەو قسەیەشم باوک و دایکی شایەتن".

ماڵی سنوور و ماڵی باوکی نزیکەی کیلۆمەترێک لە یەکەوە دوورن، قادر ساڵح باوکی ئەو ژنە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوان باری داراییان باش بوو، بەڵام نزیکەی دوو ساڵە جار جار کێشەیان دەبوو، جارێک سنوور ویستبووی بە کارەبا خۆی بکوژێت، لێمپرسی بۆچی دەتەوێ خۆت بکوژی؟ دەیگوت (ج) زووخاو دەکاتە سکمەوە، منیش بە زاواکەم دەگوت بۆچی وای لێدەکەیت، دەیگوت وا نییە".

وەک قادر باسی کرد، بەهۆی ئەو کێشانەوە جارێک کچەکەی ماڵی جێهێشتووە و تۆراوە، بەڵام دواتر لەڕێگەی خزمێکیانەوە ئاشتکراونەتەوە.

قادر نەیشاردەوە کە کچەکەی زوو زوو هەڵدەچوو، بەڵام گلەیی لە مێردی سنوور کرد کە خەمی لێ نەدەخوارد و نەیدەبردە لای پزیشک "ڕەنگە خەتای (ج) ئەوە بووبێت نەیبردبێتە لای پزیشک، خەتای کچەکەشم ئەوە بوو زوو زوو هەڵدەچوو، کاتێکیش بە کچەکەم دەگوت با بتبەینە لای پزیشک، ئەو قسەیەی پێناخۆش بوو دەیگوت عەیبم نییە".

سەبارەت بە گوتەی زاواکەشی کە دەڵێت ژنەکەی لەسەر ئەوە مشتومڕی لەگەڵ کردووە گوایە پارەی بۆ ماڵی باوکی بردووە، قادر ساڵح گوتی "ماڵی باوکی خەریکی دروستکردنی خانوون و (ج) سەرپەرشتی دەکات و پارەی ئەوانی لایە و ڕەنگە لە نێوان خۆیاندا حیساب هەبووبێت".

(ج) بەپێی ماددەی 408 بە تۆمەتی هاندان بۆ خۆکوشتنی ژنەکەی بەندکراوە، بەڵام قادر سکاڵای لە دژی (ج) و هیچ کەسێکی دیکە نییە و گوتی "لێی خۆش دەبم". گوتیشی "پیاوەکە بۆی خراپ نەبووە و هەر شتێکی ویستبێت بۆی کردووە". بۆیە قادر سەری لەوە سوڕماوە کچەکەی بۆچی خۆی کوشتووە!

بە گوتەی قادر، لەو دۆسیەدا ماڵی باوکی زاواکەی هیچ خەتایەکیان نییە و گوتی "خەتای ئەوانی تێدا نەبووە، پەیوەندیمان زۆر باشە و هاتوچۆی یەکدی دەکەین".

بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان، نابێت هیچ کچێکی خوار تەمەنی 16 ساڵ شوو بکات، بەڵام وەکو باوکی سنوور گوتی "لە قوتابخانە هێنامانە دەرەوە و غەدرمان لێکرد و زوو بە شوومان دا".

عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کێشەی یەکەمی سنوور ئەوە بووە لە تەمەنێکی زوودا بە شوو دراوە، بۆیە لە ژیانی خێزانیدا تووشی هەڵەتێگەیشتن بووە.

عەقید لەمیعە گوتیشی "جێی سەرنجە تاوەکو ئێستا لەلایەن کەسوکاری ئەو ژنەوە سکاڵا لەسەر مێردەکەی تۆمار نەکراوە". کە سکاڵا نییە، ئەی بۆچی مێردەکەی دەستگیرکراوە. عەقید لەمیعە گوتی "لەبەرئەوەی ڕووداوەکە خۆکوشتنە و لەو کاتەشدا مێردەکەی لە ماڵەوە بووە و چەکەکەش هی ئەو بووە و بەپێی ئیفادەکانیش کێشەیان هەبووە، بۆیە ژنەکە پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە، ئێمەش بەدواداچوونی بۆ دەکەین".

لە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان سەنتەری ڕاوێژکاری خێزان بۆ چارەسەری کێشەکان هەیە، بەڵام سنوور بۆ چارەسەری کێشەی خۆی و مێردەکەی ڕووی تێنەکردوون، عەقید لەمیعە گوتی "ئەگەر ئەو ژنە سەردانی بکردینایە هەوڵمان دەدا لە کێشەکەی بکۆڵینەوە، بۆیە داواکارین لەو ژنانەی کێشەیان هەیە لەبری ئەوەی پەنا بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندن ببەن، با سکاڵا تۆمار بکەن، یان سەردانی سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزان بکەن بۆ ئەوەی کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەین".

## لە چوار ساڵی ڕابردوودا:
# 636 ژن لە کەرکووک دەستگیرکراون



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکوک**

ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای کەرکووک دەریدەخات لە چوار ساڵی ڕابردوودا 638 ژن بە تۆمەتی جۆراوجۆر دەستگیرکراون، تەنیا ساڵی ڕابردووش شەش ژن بە تۆمەتی کوشتن دەستگیرکراون، بەرپرسی ڕێکخراوێکی ژنان لە کەرکووک دەڵێت "ئامارەکە تووشی شۆکی کردووین".

ئەو ئامارە لەلایەن پۆلیسی کەرکووکەوە دراوەتە لیژنەی کاروباری ژنان لە ئەنجوومەنی پارێزگا، لە ئامارەکەدا دەردەکەوێت تاوانکردن لە نێو ژناندا زیادی کردووە، بە جۆرێک لە ساڵی 2012دا 108 ژن دەستگیرکراون، بەڵام لەساڵی 2013دا 143 ژن و لە ساڵی 2014دا 153 ژن و لە ساڵی ڕابردووشدا 234 ژن دەستگیرکراون.

بەرپرسانی حکومی و چالاکوانانی ژنان هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ئەو توندوتیژییانە بۆ هاتنی ئاوارەی ناوچەکانی شەڕ و خراپیی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی پارێزگاکە دەگێڕنەوە.

جوان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی ژنان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت هەرچەندە ئەو تاوانانەی پیاوان بەرامبەر ژنانی دەکەن زۆر زیاترە لەو تاوانانەی ژنان بەرامبەر پیاوانی دەکەن، بەڵام هێشتا ئەو ئامارەی پێ زۆرە.

بەگوتەی جوان، مەرج نییە هەر ژنێک دەسگیرکرابێ تاوانی کردبێ و دەڵێت هەندێک لەو ژنانە بەهۆی سەرپێچییەوە دەستگیرکراون.

کۆمەڵەی هیوای عێراقی لە 2005ەوە ئۆفیسیان لە شاری کەرکووک بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان کردووەتەوە، سروود محەممەد بەرپرسی ئۆفیسەکە جگە لەوەی ژمارەکەی بەلاوە زۆرە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کاتێک ئامارەکەم بینی تووشی شۆک بووم و ئینجا زانیم کۆمەڵگە بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات!".

بەڵام سروود پێیوایە ئەو تاوانانەی ژنان بەرامبەر پیاوانیان کردووە لەگەڵ ئەو تاوانانەی پیاوان بەرامبەر ژنانیان کردووە بەراورد ناکرێن و دەڵێت "پێموایە زۆربەی ئەو تاوانانەی ژنان کردوویانن لەکاردانەوەی ئەو توندوتیژییانە بووە کە بەرامبەریان کراون، چونکە بارودۆخ کاریگەریی لەسەر دروست دەکەن".

موجیب عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری نووسینگەی مافی مرۆڤ لە کەرکووک ئامارەکانی بەلاوە مەترسیدارە و بەشێکیشی بۆ هاتنی ئاوارەکان گەڕاندەوە، ئەو گوتی "لە عێراقدا مافی ژن نەچەسپێندراوە، لەوانە مافی دامەزراندن و دەربڕینی ڕای خۆیان و هەڵسوکەوتی نادروستی پیاوان بەرامبەر ژنان، چونکە زۆرجار ژن لە دژی ئەو توندویژییانەی لەلایەن کەسوکار و مێردیانەوە بەرامبەریان دەکرێت، ناوێرن سکاڵا تۆمار بکەن، بۆیە پەنا بۆ تاوان دەبەن".

### 6 ژن بە بەتۆمەتی کوشتن گیراون

ساڵی ڕابردوو شەش ژن بە تۆمەتی کوشتن دەستگیرکراون، جوان نیگەرانە لەو کوشتنانە و گوتی "ژمارەیەکی زۆر و مەترسیداریشە، چونکە ژن بە کەسێکی هێمن دادەنرێت، بەڵام ڕەنگە هەندێک لەو کوشتنانەش ژنەکە بۆ بەرگریکردن لە خۆی کردبێتی یان بەهۆی کاردانەوەی بەکارهێنانی توندوتیژی بووبێت بەرامبەری".

هەر لەوبارەوە موجیب عەبدوڵڵا گوتی "ئەگەر ڕووداوی کوشتنەکان بەو شێوەیە بن، دوور نییە لە حاڵەتەوە ببێتە دیاردە و هەر کاتێک ژن لەگەڵ مێرد یان کەسوکاری نەگەیشتنە چارەسەری کێشەیەک، پەنا بۆ کوشتن ببات".

مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوو پیرەژنێک لە کەرکووک لە ماڵەکەی خۆیدا بە بلۆک کوژرا و دواتریش سووتێنرا، بەو هۆیەشەوە کچەکەی خۆی و پیاوێک بەتۆمەتی کوشتنی دەستگیرکران، پۆلیس ئەوکات ڕایگەیاند کە "کچەکەی لە لێکۆڵینەوەدا گوتوویەتی حەزی لەو پیاوە کردووە، بەڵام دایکی ڕێگریی لێکردووە، بۆیە پێکەوە کوشتوویانە".

بەپێی ئامارەکە لەو ماوەیەدا 42 ژن بە تۆمەتی لێدان و ئازاردانی کەسانی دیکە دەستگیرکراون. جوان حەسەن باسی چیرۆکی ژنێکی کرد کە ساڵی ڕابردوو بەهۆی لێدان لە منداڵێکی کە تەمەنی تەنیا 10 ڕۆژ بووە، دەستگیرکراوە.

بەپێی ئامارەکە لەو چوار ساڵەدا 19 ژن بەتۆمەتی دەستدرێژی دەستگیرکراون، بەگوتەی جوان پێدەچێت ئەو ژنانە بەتۆمەتی لەشفرۆشی دەستگیر کرابن، یان خەڵکیان بۆ ئەو کارە هانداوە.

جوان کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتن و لەشفرۆشی بەلاوە قورسە و گوتی "هەموو ڕووداوەکان کاریگەریی خراپیان هەیە، بەڵام ئەو سێ جۆرەیان کاریگەریان لە هەموویان خراپترە".

### هیوا، پلانی نوێ دادەنێت

جوان حەسەن دەڵێت زۆرجار هۆشیارکردنەوەی ژنانیش لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە بۆ ئەوەی ژنان بزانن کە چەند مافیان هەیە ئەوەندەش ئەرکیان هەیە.

بەڵام سروود جەختیکردەوە کە بەردەوام سەرقاڵی هۆشیارکردنەوەی ژنانن و گوتی "ئێمەش بە تەنیا دەرەقەتی کۆمەڵگەکە نایەین، زۆر جاریش لەلایەن دەزگا فەرمییەکانەوە بوارمان نادرێت بە فەرمی زانیاری وەربگرین". گوتیشی "دوای زانینی ئەو ئامارە بۆ ئەمساڵ دەبێت هەوڵی زیاتر بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان بدەین، چونکە ژن نیشانەی ئاشتی و مرۆڤایەتییە، نەک توندوتیژی".

### ئاماری توندوتیژی لەلایەن ژنانەوە لە کەرکووک (2012 – 2015)

| جۆری ڕووداوەکان | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| کوشتنی بە ئەنقەست | 1 | 1 | – | 6 | 8 |
| هەوڵدان بۆ کوشتن | 1 | – | 1 | 1 | 3 |
| ئازاردان و بریندارکردن | 1 | 15 | 12 | 14 | 42 |
| هەڕەشەکردن | 13 | 11 | 22 | 17 | 63 |
| دزی | 1 | 18 | 17 | 25 | 66 |
| فێڵکردن | 6 | 2 | 3 | 4 | 15 |
| دەستدرێژی | 5 | 7 | 5 | 2 | 19 |
| کۆی گشتی | 27 | 54 | 60 | 69 | |



## منداڵێک چوارساڵان دەکوژرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

نەقیب دانا محەممەد گوتەبێژی پۆلیسی دەربەندیخان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2016/5/28 منداڵێکی تەمەن چوار ساڵ بەنێوی (س.م) بە فیشەکێکی دەمانچەکە کوژراوە و گوتی "ئەو منداڵە لە ماڵی پووری بووە و بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان بەهۆی دەستکاریکردنی دەمانچەوە گوللە بەر منداڵەکە کەوتووە، بەڵام تائێستا ڕوون نەبووەتەوە ئاخۆ منداڵە خۆی دەستکاری دەمانچەکەی کردووە یاخود لەلایەن منداڵێکی دیکەوە دەستکاری کراوە و فیشەکی بەر کەوتووە"، ناوبراو گوتیشی "بە بڕیاری دادوەر خاوەنی دەمانچەکە کە مێردی پووری منداڵەکەیە دەستگیرکراوە".



موقەدەمی مافپەروەر

ژیلەمۆ عەبدولقادر

## ڕەفتارێکی هەرزەکارانە

زۆربەی بەیانیان کە دەهاتە دەرەوە، بوتڵێکی بەتاڵی مەشروبی دەبینی، لەبەردەگای ماڵەکەی یان لەسەر دیواری ماڵەکەی دانراوە. بۆ ئەو جێی سەرسوڕمان و پرسیار بوو، بۆچی ئەو بوتڵانە لەبەردەم ماڵەکەی ئەو دادەنرێن؟! کێ دایاندەنێ؟ دراوسێکانی بە چ چاوێک سەیری دەکەن؟ نەخاسمە ئەو کە ئافرەتێکە لە مێردەکەی جیابووەتەوە.

ماوەیەک لەمەوبەر ئافرەتێک بە سکاڵایەکی سەیرەوە ڕووی لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کرد، سکاڵاکەشی ئەوە بوو کە کەسێک زۆربەی شەوان بوتڵی بەتاڵی مەی لەبەردەگا و لەسەر دیواری ماڵەکەی دادەنێت.

کاتێک پرسیاری لێکرا کە ئاخۆ نازانێ ئەو کەسە کێیە؟ گوتی بەڵێ چاک دەزانم، ئەوە هاوژینی پێشوومە و ئێستا جیابووینەتەوە. ڕاستییەکەی ئێمە بە یەکەوە نەدەگونجاین، بۆیە داوای جیابوونەوەم کرد، بەڵام مێردەکەم نەیدەویست لێی جیاببمەوە و دەیویست تاوەکو لە ژیاندا ماوم کۆیلەی بەردەستی ئەو بم. دواتر لە دادگا سکاڵام تۆمار کرد و توانیم لێی جیاببمەوە. هەروەها دادگا بڕیاری دا منداڵەکانیش لەلای من بمێننەوە.

ئافرەتەکە دەڵێت لە ماڵەکەیدا بەبێ کێشە لەگەڵ منداڵەکانی دەژیا، بەڵام تووشی شۆک بوو کاتێک چەند بەیانییەک بینیویەتی بوتڵی بەتاڵی مەی لەبەردەرگا و سەر دیواری ماڵەکەی دادەنرێن، بۆیە بابەتەکە لەلای یەکێک لە دراوسێکانی باس دەکات و دواتر هەر بە ئاگاداریی دراوسێکەی، کامێرایەک بەرامبەر ماڵەکەی دادەنێت، دوای ئەوەی کارەکە دووبارە دەبێتەوە، سەیری کامێراکە دەکات و دەبینێت باوکی منداڵەکانیەتی. دیارە مەبەستی مێردەکەی ئەوە بووە کە سومعەی ئەو ئافرەتە لەکەدار بکات.

دۆسیەی ژنەکە بەپێی ماددە حەوت لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی مامەڵەی لەگەڵ کراو ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە کرا، دادوەریش بڕیاری دا مێردەکەی پێشووی دەستبەسەر بکات.

کاتێک بانگی مێردی پێشووی ئەو ئافرەتە کرا، سەرەتا نکۆڵی لەوە کرد ئەو کارەی کردبێ، بەڵام کاتێک گرتە ڤیدیۆکانی نیشان درا، هیچی بۆ نەمایە، تەنیا پەشیمانی نەبێت.

دادوەر بڕیاری دا پیاوەکە بەپێی ماددە حەوت لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەستگیر بکرێ، بەڵام ژنەکە لەبەر خاتری منداڵەکانی لێی خۆش بوو، بۆیە پیاوەکە ئازادکرا و پەڕاوەکەشی داخرا.

لەو دۆسیەیەدا دەردەکەوێت کە هەندێک ژن و مێرد دوای جیابوونەوەش کار لەسەر لەکەدارکردنی یەکدی دەکەن و دەیانەوێ تۆڵە لە یەکدی بکەنەوە.

ئەگەر ژنەکە لەو پیاوە خۆش نەبووایە ئەوە بەپێی ماددە 2ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی سزا دەدرا، ماددەکەش دەڵێت "ڕیسواکردن، جنێودان، جنێودان بە کەسوکار، بەکەم تەماشاکردن، ئازاردان، گوشاری دەروونی، پێشێلکردنی ماف و سەرجێیی بەزۆر، بە توندوتیژی دادەنرێت.

سزای ئەم جۆرە توندوتیژیانەش لە ماددە حەوتی هەمان یاسادا دیاری کراوە کە بریتییە لە "حەپسکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ. هەروەها بژاردن کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# مێردمنداڵێک برا گەورەکەی خۆی دەکوژێت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێک بە دەمانچەی باوکی خۆی دەکوژرێت، بەڵام گێڕانەوەی جیاواز لەبارەی ڕووداوەکە بڵاودەبنەوە. باوکیان دەڵێت "کوڕەکەم بە هەڵە فیشەکی لەدەست دەرچووە". بەڵام پۆلیس دەڵێت لەگەڵ برایەکی خۆی شەڕیان بووە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی 2016/5/20 لەنێو بازاڕی قەزای بنەسڵاوەی سەر بە شاری هەولێر، گەنجێکی تەمەن 22 ساڵ بەنێوی حوسێن ڕەجەب کە پێشمەرگە بوو، کوژرا و پەنجەی تۆمەتیش بۆ برایەکی خۆی درێژ دەکرێ.

(م.ڕەجەب) کە تۆمەتبارە بە کوشتنی براکەی خۆی، تەمەنی تەنیا 14 ساڵە و وەک دەگوترێ، بە دەمانچەی باوکی تاوانەکەی کردووە و دوای ڕووداوەکەش خۆی حەشارداوە و تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوە.

خێزانی ئەو دوو برایە دووکانێکی مریشکفرۆشییان لە نێو بازاڕی بنەسڵاوە هەیە و ڕووداوەکەش هەر لەبەردەم دووکانەکەدا ڕوویداوە.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو دوو برایە لە دووکانەکەیاندا پێکەوە کاریان کردووە، لەسەر پاککردنی مریشک بەشەڕ هاتوون، برا گەورەکە داوای لە برا بچووکەکەی کردووە کە مریشک پاک بکاتەوە، ئەویش بە قسەی نەکردووە، بەو هۆیەوە بووەتە دەمەقاڵێیان، دواتر برا بچووکەکە دەمانچەی لە ئۆتۆمبێلەکەی باوکی دەرکردووە و دیارە لە حاڵەتی هەڵچووندا بووە و برا گەورەکەی خۆی کوشتووە".

بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار دەڵێت شەڕەکەیان لەسەر شتێکی دیکە بووە نەک مریشک پاککردنەوە. ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "تۆمەتبارەکە قژی زۆر بووە، براکەی چەند جارێک داوای لێکردووە قژی کورت بکاتەوە، بەڵام بە قسەی نەکردووە، ئەو ڕۆژە دیسان ئەو داوایەی لێکردووەتەوە، بەڵام هەر بە گوێی نەکردووە و لەسەر ئەوەش بووەتە شەڕیان، حوسێن زللەیەکی لە (م) داوە، ئەویش دەمانچەی باوکی لە نێو ئۆتۆمبێلی باوکی دەرهێناوە و تەقەی لە براکەی کردووە، گوللەیەک بەر سینگی کەوتووە و هەر لەبەردەم دووکانەکەیاندا گیانی دەرچووە".

بەڵام کەسوکاری کوژراوەکە ئەو قسانەیان ڕەتکردەوە کە حوسێن بە دەستی براکەی کوژرابێت. ڕەجەب جەبار باوکی حوسێن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کوڕەکەم نەکوژراوە، بەڵکو لەنێو ئۆتۆمبێلەکەمدا دەستکاری دەمانچەکەی کردووە و بە هەڵە فیشەکی لەدەست دەرچووە".

ڕەجەب ئەوەشی ڕەتکردەوە کە حوسێنی کوڕی لە دووکانەکەیاندا کاری کردبێ و گوتی "کوڕەکەم لەگەڵ خۆم پێشمەرگە بوو، سێ ساڵیش دەبێت نەچووەتە دووکانەکەمان" ڕەجەب گوتیشی "ئەو ڕۆژە لە کاژێر چواری بەرەبەیانی هاوڕێیەکی پەیوەندی پێوەکردین کە خێزانەکەی منداڵی دەبێت و دەیەوێت بیگەیەنێتە نەخۆشخانە، ئەویش گەیاندبووی و لە کاژێر نۆی بەیانی سەردانی دووکانی کرد، من و دوو برای دیکەشی پێشتر چووبووینە دووکان".

بە گوتەی باوکیان، کاتێک ئەو کوڕەی لە دووکان سەیری قژی براکانی کردووە کە درێژ بووە، داوای لێکردوون چاکی بکەن و یەکێکیان بە قسەی کردووە، بەڵام ئەوەی دیکەیان نا.

وەکو ڕەجەب دەڵێت، هەندێک پێداویستی بۆ ماڵەوە کڕیوە و بە کوڕە بچووکەکەیاندا و بە ئۆتۆمبێل ڕەوانەی کردووەتەوە و گوتی "دواتر کوڕە بچووکەکەم هاتەوە و ئۆتۆمبێلەکەی لە پشت دووکان ڕاگرتبوو، پاشان حوسێن چووبووە نێو ئۆتۆمبێلەکەوە و ڕەنگە بە دەمانچەش لە کوڕە بچووکەکەمانی دابێت، بەڵام دواتر دەستکاری دەمانچەکەی کردووە و بە هەڵە فیشەکی بەخۆیەوە ناوە".

سەبارەت بەزانیارییەکەی پۆلیس کە دەڵێن کوژراو لەسەر پاککردنی مریشک کوژراوە، باوکیان گوتی "ئەوە دوورە لەڕاستییەوە"، دەربارەی زانیاری سەرچاوەکەی (ڕووداو)یش کە دەڵێ لەسەر قژ تاشین بووە، گوتی "نەخێر ئەوەش ڕاست نییە".

ڕەجەب ئەو قسەیەی پۆلیسیشی ڕەتکردەوە کە کوڕە تۆمەتبارەکەی خۆی حەشاردابێ و گوتی "کوڕەکەم لای خۆمە، لەبەرئەوەی کوڕەکەی دیکەم خۆی کوشتووە و ئێستا سەرقاڵی پرسەین، ئامادەم دوای تەواوبوونی پرسەکە ڕادەستی یاسای بکەم، بەڵام دەزانم بێ تاوانە".

# زۆربەیان بە تاوانی دزیکردن بووە
# ئەمساڵ 77 مێرمنداڵ سزادراون

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی چاکسازییەکانی ژنان و منداڵانی هەرێمی کوردستان، لە پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 77 مێرمنداڵ بە تاوانی جۆراوجۆر سزادراون کە زۆرترینیان لەسەر دزی بووە. بەرپرسانی چاکسازییەکانیش پێشنیازی گۆڕانکاری لە سزادانی مێرمنداڵان دەکەن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازیی ژنان و منداڵانی هەرێمی کوردستان کە دراونەتە (ڕووداو)، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو 22ی ئەم مانگە 77 مێرمنداڵ بە تاوانی جۆراوجۆر سزادراون، زۆرترین سزادراویش لە دهۆک بووە کە 57 مێردمنداڵە، لە هەولێر 12 مێرمنداڵ و سلێمانیش هەشت مێرمنداڵ.

بەپێی هەمان ئامار ساڵی ڕابردوو 144 مێرمنداڵ سزادرابوون (109 لە دهۆک، 26 لە هەولێر، نۆ منداڵیش لە سلێمانی).

هەر بەپێی ئامارەکان دەردەکەوێت ژمارەی ڕاگیراوانیش بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتووە، بەجۆرێک ئەمساڵ 505 مێرمنداڵ ڕاگیراون (دهۆک 200، هەولێر 178 و سلێمانی 127 مێرمنداڵ)، بەڵام لە پێنج مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 729 مێرمنداڵ ڕاگیرابوون (لە دهۆک 332 مێرمنداڵ، سلێمانی 223 و هەولێریش 174 مێرمنداڵ).

### بۆچی دهۆک زۆرترینە؟

بەهۆی شەڕی داعشەوە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە سەدان هەزار ئاوارەی شارەکانی عێراق و پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویانکردە هەرێمی کوردستان و پشکی شێریش بەر پارێزگای دهۆک کەوت، بەبۆچوونی زەکی ساڵح بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنان و منداڵانی دهۆک، بەشێکی زۆری ئەو مێرمنداڵانە خەڵکانی ئاوارە و پەنابەرن و کەمترینیان خەڵکی پارێزگاکەن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، لەو پارێزگایە هیچ مێینەیەک وەکو سزادراو و ڕاگیراو نین. زەکی گوتی "لەبەر دابونەریت و کولتووری خەڵکی دهۆک، کچان کەمتر دێنە دەرەوە، بۆیە کەمتر تووشی تاوان دەبن".

ئومێدە محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنان و منداڵانی سلێمانی پێیوایە ژمارەی سزادراو و ڕاگیراوی پارێزگاکەیان کەمە و گوتی "بە بەراورد بەو بارودۆخە ناهەموارەی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە و هەندێک لە خێزانەکانیش هەڵوەشاونەتەوە، ژمارەکە کەمە، بەڵام ڕەنگە مێرمنداڵی دیکەش هەبووبێت تاوانی کردبێت و دەستگیر نەکرابێت، یان بە کەفالەت ئازادکراون".

بە گوتەی ناوبراو، هەندێجاریش دادوەرەکان ڕۆڵیان لە کەمتر سزادانی مێرمنداڵاندا هەیە "هەندێکیان ڕەحمیان لەدڵدایە و حیسابی ئەوە دەکەن کە ڕەنگە بەهۆی بارودۆخی خێزانییەوە ئەو مێرمنداڵە ئەو هەڵەیەی کردبێت و ڕەنگە سزای نەدات".

دیمەن محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنان و منداڵان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت، زۆربەی تۆمەت و تاوانەکانی ئەمساڵیان دەستدرێژی بووە "ئەمساڵ کەیسی دەستدرێژیی نێرینە بۆ سەر نێرینە لە نێو مێرمنداڵان زۆرتر بووە".

### قەیرانی دارایی و زیادبوونی دزی


ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانێکی قورسی دارایی بووەتەوە کە ئەوەش کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکان دروستکردووە و بەپێی جۆری تۆمەت و تاوانی ئەو مێرمنداڵانەش، دزی لە پلەی یەکەمدایە، بۆیە بەرپرسانی چاکسازییەکان دەربارەی زیادبوونی ئەو تاوانە هۆشداری دەدەن.

زەکی گوتی "بەهۆی قەیرانی داراییەوە دزیکردن زیادی کردووە و ئەگەر قەیرانەکە بەردەوام بێت پێشبینی دەکەین کەیسی زیاتر ڕوومان تێبکات".

### پێداچوونەوە بە سزای مێرمنداڵان

لە هەرێمی کوردستان مێرمنداڵانی تەمەن 11 تا 18 ساڵ سزا دەدرێن، بەڵام بەرپرسانی چاکسازییەکان داوای گۆڕانکاری لە سزادانی مێرمنداڵان دەکەن. زەکی پێشنیاز دەکات کە "جگە لە تاوانە قورس و گەورەکان، ئەو مێرمنداڵانەی تاوانێکی بچووک دەکەن لە بری سزادانیان لە چاکسازی، لە شوێنێکدا کاریان پێبکرێ یان سزای دارایی بدرێن، چونکە هەندێجار لەسەر دزییەکی زۆر بچووک، چەندین مانگ سزا دەدرێن".

ئومێدە پێشنیازی سیستەمی سویدی بۆ سزادانی مێرمنداڵان دەکات و دەڵێت "زۆرجار ئەو مێرمنداڵانە شارەزای یاساکان نین، یاخود گەورەکان هەڵیان دەخەڵەتێنن، بۆ نموونە لە سوید کە خۆم بینیومە، لە بری سزادان لە چاکسازی، تەوقێکی ئەلیکترۆنی بە دەست و قاچی مێرمنداڵەکانەوە دەبەستن و تەنیا بۆ هەندێک شوێنیش ڕێپێدراون بڕۆن، ئەگەر لەوە زیاتر بڕۆن حکومەت ئاگادار دەبێت، هەرچەندە ئەوە زۆری تێدەچێت، یاخود ئەگەر بزانن خێزانەکە هۆکاری تاوانەکەیە ئەوا دەیخەنە لای خێزانێکی جێگرەوە تا کاتی تەواوبوونی سزاکەی".



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

# وەهابیزم کۆسۆڤۆ داگیر دەکات

## 30%ی مزگەوتەکانی کۆسۆڤۆ لەماوەی 17 ساڵی ڕابردوودا دروستکراون و بوونەتە بنکەی بڵاوکردنەوەی وەهابیزم

## تەنیا لە نیودلهی پایتەختی هیندستان، 140 مەلا هەن کە مووچە لە کونسوڵخانەی سعودیە لەو شارە وەردەگرن



ڕووداو– New York Times

هەموو هەینییەک سەدان کەس لە گەنجانی پریشتینای پایتەختی کۆسۆڤۆ، بە ڕیشی درێژ و سمێڵی کورتەوە لە مزگەوتێک کە بە پارەی سعودیە دروستکراوە، نوێژ دەکەن. مزگەوتەکە تەنیا چەند مەترێک لە پەیکەری بێڵ کلینتن، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا و بڕیاردەری دەستتێوەردانی ئەمریکا و ناتۆ لە جەنگی ناوخۆیی یۆگوسلاڤیا، دوورە. ئەم مزگەوتە یەکێکە لەو مزگەوتانەی بیری وەهابیزمی تێدا بڵاودەکرێتەوە.

لە ماوەی 17 ساڵی ڕابردوودا، واتە دوای دەرچوونی سوپای یۆگوسلاڤیا لە کۆسۆڤۆ، سعودیە پارەیەکی زۆری لە بڵاوکردنەوەی بیری وەهابیزم لەو وڵاتەدا خەرج کردووە. هەر ئەمەش وایکردووە ئەم وڵاتە تەمەنکورتە لە وڵاتێکی میانڕەووەوە ببێتە بنکەیەکی سەرەکی بۆ پەرەپێدانی بیری ئیسلامیی توندڕەو و دروستکردنی چەکدار بۆ گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

بەگوێرەی پۆلیسی کۆسۆڤۆ، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 314 کۆسۆڤۆیی چوونەتە ڕیزەکانی داعش کە لە نێویاندا دوو خۆکوژ، 44 ئافرەت و 28 مێرمنداڵ هەبوون. بەپێی ژمارەی دانیشتووان، کۆسۆڤۆ زۆرترین ژمارەی لایەنگر و چەکداری داعشی هەیە.

لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسی کۆسۆڤۆ دەریانخستووە گەنجەکانی کۆسۆڤۆ لە ڕێگەی ژمارەیەکی زۆر مەلای توندئاژۆ و گرووپی نهێنییەوە بەرەو بیرکردنەوەی ڕادیکاڵ هاندەدرێن کە سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو پشتیوانی داراییان پێشکەش دەکەن.

فاتۆس مەکولی، بەڕێوەبەری بەشی دژە-تیرۆری پۆلیسی کۆسۆڤۆ دەڵێت "ئەوان (سعودیەکان) پەرەیان بە ئیسلامی سیاسی داوە. ئەوان پارەیەکی زۆریان خەرج کردووە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پرۆگرامی جۆراوجۆرەوە لە ناو گەنجان پەرە بە گوتاری وەهابیزم و سەلەفیزم بدەن".

پاش دوو ساڵ لێکۆڵینەوە، پۆلیسی کۆسۆڤۆ بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی کینە و کۆکردنەوەی چەکدار بۆ "تیرۆریزم"، دۆسیەی لە دژی 67 کەس کردووەتەوە، 14 ئیمامی دەستگیر کردووە و 19 ڕێکخراوی ئیسلامییشی داخستووە.

دوای تەواوبوونی جەنگی ناوخۆیی یۆگوسلاڤیای پێشوو، نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدارەکردنی کۆسۆڤۆیان گرتەدەست، هێزەکانی ئەمریکاش ئەرکی پاراستنی ئاشتییان گرتە ئەستۆ، سعودیەش ملیۆنان دۆلار پارەی بەسەر وڵاتێکی هەژار و وێراندا هەڵڕشت. بەڵام هەر لەو کاتەوە ڕوئیای ئەمریکا و سعودیە بۆ کۆسۆڤۆ جیاواز بووە، واتە لەو شوێنەی ئەمریکا بەدوای دەرفەتێکی نوێدا دەگەڕا بۆ دروستکردنی دیموکراسییەکی نوێ، سعودیە بە شوێن هەلێکی لەباردا دەگەڕا بۆ بڵاوکردنەوەی بیری وەهابیزم.

کۆسۆڤۆ 800 مزگەوتی لێیە، لەم ژمارەیەش 240 مزگەوتیان (واتە 30%ی هەموو مزگەوتەکانی ئێستا) لە ماوەی 17 ساڵی ڕابردوودا دروستکراون و بە ناوەندی بڵاوکردنەوەی وەهابیزم لەقەڵەم دەدرێن، ئیمامە میانڕەوەکان و بەرپرسانی کاروباری ئاینیی کۆسۆڤۆ ئەمە بە ستراتیژێکی درێژخایەن و ئەنقەستی سعودیە دەزانن بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو وێنایەی خۆیان بۆ ئیسلامیان هەیە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی ویکیلیکس لە 2015 بڵاوی کردوونەتەوە، سعودیە سیستەمێکی دابینکردنی هاوکاریی دارایی هەبووە کە مەبەست لێی دروستکردنی مزگەوت، ناوەندی ئیسلامی و پێگەیاندنی مەلای وەهابی لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەوروپا بووە. تەنیا لە نیودلهی پایتەختی هیندستان، 140 مەلا هەن کە مووچەی مانگانەی خۆیان لە کونسوڵخانەی سعودیە لەو شارە وەردەگرن.

شارۆچکەی پۆدوجیڤۆ، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی کۆسۆڤۆ. پاش تەواوبوونی جەنگ لە 1999دا، ئیدریس بیلال، مەلای مزگەوتی ناوەندیی شارۆچکەکە داوای هاوکاریی کرد بۆ ئەوەی مزگەوتە وێرانبووەکان چاک بکرێنەوە. لەو کاتەدا فازڵ موسلو و فازڵ سۆگۆجیڤۆ کە هەردووکیان قوتابی خوێندنی ماستەری توێژینەوە ئیسلامییەکان بوون لە سعودیە، دەرکەوتن و پارەی ڕێکخستنی کۆرسی ئاینییان دابین کرد. بیلالی بە پێشنیازەکەی ئەوان ڕازی بوو. لەو کاتەدا 200 کەسی دیکە زەمالەی خوێندنی دیراساتی ئیسلامییان لە سعودیە وەرگرتبوو کە دواتر بەشی زۆریان وەکوو بڵاوکەرەوەی بیری وەهابیزم گەڕانەوە کۆسۆڤۆ.

هەر زوو بیلالی هەستی بەوە کردبوو کە وانەکانی موسلو خەریکە گەنجان بەرەو توندئاژۆیی هان دەدات، وەکوو خۆی دەڵێت "زانیم وەهابیزم خەریکە دێتە نێو وڵاتەکەمان. یەکەم شت کە وەهابیزم دەیکات ئەوەیە ئەندامانی گرووپەکەی ئێمە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت کە زۆربەیان بەپێی نەریتە کۆن و میللییەکەی خۆمان موسڵمانن، ئەوان هەوڵی دوورخستنەوەی خەڵک لەو تێگەیشتنە ئاینییە میللییە دەدەن".

بەگوتەی بیلالی کە خۆیشی لە مەدینە خوێندوویەتی، ئامانجی سەرەکی وەهابیزم دروستکردنی ناکۆکییە لەنێوان خەڵکدا، دواتریش ئەمە "دەشێت هەمان ئەو ڕەوشەی لێبکەوێتەوە کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە و تێیدا خەڵک بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە لەشەڕدان".

پاش تەواوبوونی شەڕی نێوخۆیی، کۆسۆڤۆ بە قۆناغێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕی، ئەمەش هەلی ئەوەی بۆ سعودییەکان ڕەخساندبوو کە ڕێکخراوی خێرخوازیی ئیسلامی بکەنەوە، ئەم ڕێکخراوانە لە پاڵ کۆرسەکانی ئایین، کۆمپیوتەر و ئینگلیزی، پارەشیان بە خەڵک دەدا، بەڵام مەرجی پێدانی پارەکە بەشداریکردن لە گوتارە ئاینییەکان و پۆشینی حیجاب بوو لەلایەن ئافرەتانەوە. بەگوتەی خەڵک، کەم کەس هەبوو لەو کاتەدا ناچار نەبێت بەو مەرجانە ڕازی بێت.

یەکێک لەو ڕێکخراوانە ناوی "دیڤۆت شمێریا" بوو کە موسلو دوای گەڕانەوەی لە سعودیە لە پۆدوجیڤو دایمەزراندبوو، پارەی ئەم ڕێکخراوە لەلایەن "وەقفی ئیسلامی"ی سعودییەوە دابین دەکرا. بیلال هەستی بەوە کردبوو کە وەهابیزم خەریکە بڵاودەبێتەوە. هەوڵەکانیشی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەوژمە هەڕەشەی کوشتنی بەدوادا هات.

بە چەند ساڵێکی کەم وەهابیزم لە کۆسۆڤۆ پەلوپۆی هاویشت و مەلا کۆنەکان ڕووبەڕووی دژایەتی گەنجە وەهابییەکان بوونەوە، وەکوو ئەنوەر ڕەکسەبی، یەکێک لە مەلا میانڕەوەکانی شارۆچکەی جیلان لە ڕۆژهەڵاتی کۆسۆڤۆ دەڵێت "ئەوان (واتە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان) یەکەمجار بە ناوی یارمەتیدانەوە هاتن، بەڵام لە پشتەوە نیازێکی دیکەیان هەبوو". بیلالی پێیوایە لەو کاتەوە ناکۆکیی ئاینیی توند لە کۆسۆڤۆ پەیدابوو.

ئەو لە ساڵی 2004دا لەلایەن گەنجێکی وەهابی بە ناوی زەکەریا قاسمی هەڕەشەی لێکراوە، هۆکاری هەڕەشەکەش هەڵکردنی ئاڵای ئەلبانیا بووە لەسەر مزگەوت، واتە هەمان ئەو ئاڵایەی کۆسۆڤۆییەکان بە سیمبوڵی ئازادیخوازیی خۆیان دەزانی. پاش چەند ڕۆژێک چەند کەسێک ڕەکسەبیان ڕفاند و دوای لێدانێکی زۆر لە دارستانێک جێیانهێشت.

دە ساڵ دوای ئەم ڕووداوە، قاسمی لەلایەن پۆلیسی کۆسۆڤۆوە لە هەمان دارستان دەستگیرکرا، ئەمەش دوای ئەوەی دوو خۆکوژی کۆسۆڤۆیی خۆیان لە عێراق و تورکیا تەقاندبووەوە. لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس دەریخستووە قاسمی لەگەڵ گرووپێکی توندڕەوەکانی میسر لە پەیوەندیدا بووە کە هاوکاریی دارایی لە سعودیە وەردەگرن.

لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی ناوخۆیی سووریا و دەرکەوتنی داعش، پرۆسەی ڕادیکاڵیزم لە کۆسۆڤۆ گەیشتە ئەوپەڕی، بانگهێشتی "جیهاد" یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی قاسمی و هاوبیرەکانی بوو لە مزگەوتی وەهابییەکان. پاش تەقینەوەکانی عێراق و تورکیا لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس چڕتر بوونەوە و دەرکەوت وەقفی ئیسلامی لە پشت هەموو ئەو ڕێکخراوانەیە کە گوتارخوێنی وەکوو قاسمی کاریان تێدا دەکەن.

وەقفی ئیسلامی لەساڵی 1989 لە وڵاتانی باڵکان دامەزراوە و پشتیوانی دارایی لە سعودیە، قەتەر، کوێت و بەحرێن وەردەگرێ.

تەنیا لەنێوان ساڵانی 2002 بۆ 2012 ئەم ڕێکخراوە لە کۆسۆڤۆ زیاتر لە 10 ملیۆن یۆرۆی خەرج کردووە. تەنیا یەک ملیۆنی دیارە بۆ مزگەوت دروستکردن چووە و 7%یشی بۆ چاودێریی منداڵە بێ دایک و باوکەکان بووە، بەشەکەی دیکەی پارەکە دیار نییە لەچیدا خەرجکراوە. وەقف کە لە ژێر چەتری کۆمیتەی هاوبەشی هاوڕێیەکانی سعودیە بۆ کۆسۆڤۆ کاردەکات، لە پاڵ 12 ڕێکخراوی خێرخوازی ئیسلامی دیکە لە ساڵی 2014 داخران.

کۆسۆڤۆییەکان پێیانوایە هەوڵەکانی ئەمدواییە درەنگ کەوتوون، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر خێزانی ئەم وڵاتە بەسەر وەهابی و میانڕەودا دابەشبوون و خەڵکانێکیش ئاگایان لە چارەنووسی کوڕ و کچەکانیان لە سووریا نییە. ساڵی 2004، بەیرەم ڕەکسەپی، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی کۆماری کۆسۆڤۆ، بە نیاز بووە بڕیارێک بۆ قەدەغەکردنی گرووپە توندڕەوەکان دەربکات، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، سەرکردەی وڵاتانی ئەوروپی بە نیوی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ئاینی ڕێگرییان لێ کردووە.

## ئەمیرە نوێیەکە بناسە

# بۆچی تاڵیبان هەیبەتوڵڵای کردە ئەمیری خۆی؟



ڕووداو – Foreign Policy و The Guardian

چوار ڕۆژ پاش کوژرانی مەلا ئەختەر محەممەد مەنسوور، ئەمیری پێشووی بزووتنەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان، مەولەوی هەیبەتوڵڵا ئاخوندزادە کە جێگری مەلا ئەختەر بوو، وەکوو ئەمیری نوێی تاڵیبان دەستنیشان کرا. بەپێی سەرچاوەکانی ئاژانسی ڕۆیتەرز، دەستنیشانکردنی ئاخوندزادە لە ڕێی سازشەوە بووە، لە کاتێکدا لە نێوان سەرکردە گەنجەکانی تاڵیباندا ڕکابەرییەکی بەهێز هەبوو بۆ جێگرتنەوەی مەلا مەنسوور کە ڕۆژی شەممە لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمریکی لە پارێزگای بەلوچستانی پاکستان کوژرا.

پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوژرانی مەلا ئەختەر، دوو سەرکردەی تاڵیبان وەکوو جێگرەوە ناویان هات: یەکەمیان سیراجەدین حەققانی، سەرکردەی گرووپێکی چەکداری توندڕەوی سەر بە تاڵیبان و دووەمیان محەممەد یەعقوب، کوڕی مەلا محەممەد عومەر، دامەزرێنەری تاڵیبان کە ساڵی پار هەواڵی کوژرانی ئاشکرا کرا. بەڵام هیچکامیان بۆ ئەم پۆستە دەستنیشان نەکران، لەبەر ئەوەی ئەمە دەکرا ناکۆکییەکانی نێو تاڵیبان تۆختر بکاتەوە کە دوای کوژرانی مەلا عومەر و دانانی مەلا ئەختەر وەکوو جێگرەوە سەریهەڵدابوو. بۆیە تاڵیبان ئاخوندزادەی کردە ئەمیر و حەققانی و یەعقووبییشی وەکوو بریکاری ئەمیرە نوێیەکە دانا.

ئاخوندزادە کە تەمەنی نزیکەی 50 ساڵە، بۆ کەسانی دەرەوەی تاڵیبان کەسێکی ناسراو نییە، بەڵام لەنێو بزووتنەوەکەدا خاوەن پێگەیە، لەکاتێکدا لە ساڵانی دەسەڵاتی تاڵیباندا لە ئەفغانستان لە 1996 هەتا 2001 بەرپرسی ئەنجوومەنی دادوەری و ڕاوێژکاری ئاینیی مەلا عومەر بووە. ئاخوندزادە کە بە خوێندەوار و مامۆستا ناوی دەرکردووە، فەرماندەیی هیچ چالاکییەکی سەربازیی نەکردووە و پۆستێکی سەرکردایەتی ئەوتۆشی نەبووە، بەڵام لە ماوەی دەسەڵاتی مەلا عومەردا بەردەوام فەتوای دەرکردووە و یەکێک لە داڕێژەرانی سیستەمی دادوەریی توندوتیژی بزووتنەوەکە بووە.

مایکڵ کوگڵمان، توێژەر لە ناوەندی ویدرۆ ویڵسن، پێیوایە ئەگەر لە ڕوانگەی تاڵیبان و بارودۆخی ئێستای گرووپەکەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، هەڵبژاردنی ئاخوندزادە شتێکی سەیر نییە، لەبەرئەوەی "پێگەی ئاینیی ئەو لە نێو تاڵیباندا وادەکات کوتلە جیاجیاکانی تاڵیبان یەکبگرنەوە". بە بۆچوونی ویڵسن چاوەڕێ ناکرێت ئەمیرە نوێیەکەی تاڵیبان شتێکی ئەوتۆ لە هەڵوێستی ئێستای بزووتنەوەکە بگۆڕێت، بە تایبەتیش پێناچێت "یەکسەر خۆی بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ئەفغانستاندا ئامادە بکات".

پارساڵ دەستنیشانکردنی ئەختەر مەنسوور وەکوو ئەمیری نوێی تاڵیبان ناکۆکییەکی زۆری دروستکرد، هۆکاری بەشێک لەم ناکۆکی و دژایەتییەش بۆ شاردنەوەی مەرگی مەلا عومەر بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ دەگەڕایەوە. بۆ نموونە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی تاڵیبان لە هۆزی نوورزای لە ناوچەی قەندەهار ئامادە نەبوون بەیعەت بە مەنسوور بدەن، بەڵام ئاخوندزادە خۆی سەر بە نوورزایە، بۆیە دەتوانێت ئەو گرووپە ڕازی بکات بەوەی بگەڕێنەوە نێو تاڵیبان.

سێس جۆنز، ڕاوێژکاری پێشووی سوپای ئەمریکا لە ئەفغانستان، لە بارەی دانانی ئاخوندزادە بە ئەمیری نوێی تاڵیبان بە فۆرین پۆڵیسی ڕاگەیاند "هەموو گرووپێکی چەکداری یەکەمجار گرووپێکی سیاسییە کە ڕوئیایەکی سیاسیشی هەیە، هێزی چەکدار ئامرازی وەدیهێنانی ئەو ڕوئیا سیاسییەیە، بۆیە بە مەعقولی دەزانم تاڵیبان کەسایەتییەکی ئاینی وەکوو ئەمیری خۆی دەستنیشان کردبێ".

شارەزایان پێیانوایە ئاخوندزادە لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی خۆیدا دوو هەوڵی سەرەکی لەبەردەمە، یەکەمیان یەکخستنەوەی ڕیزەکانی تاڵیبان کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ناکۆکیی تێکەوتبوو، دووەمیان بۆ سەلماندنی دەسەڵاتی خۆی بڕیاری کۆمەڵێک چالاکی چەکداری و هێرشی تیرۆریستی دەردەکات.

بارنێت ڕوبن، دیپلۆماتێکی باڵای ئەمریکی دەڵێت "یەکەمجار ئاخوندزادە هەوڵی تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی مەنسوور دەدات، واتە هەتا تۆڵەی مەرگی مەنسوور نەستێنێتەوە باسی دەستپێکردنەوەی دانوستاندنەکانی ئاشتی ناکات".

تەنیا چەند کاژێرێک پاش ڕاگەیاندنی نێوی سەرکردە نوێیەکەی تاڵیبان، تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە نزیک پاسێک لە ڕۆژئاوای کابول، پایتەختی ئەفغانستان ڕوویدا کە بە هۆیەوە 10 کەس لە کارمەندانی دادگایەکی کابول کوژران و چواری دیکەش بریندار بوون. تاڵیبان دەمودەست بەرپرسیارێتی هێرشەکەی لە ئەستۆ گرت.

وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا هۆکاری سەرەکی کوشتنی مەنسوور بۆ دژایەتی نێوبراو لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی نێوان تاڵیبان و حکومەتی ئەفغانستان دەگەڕێننەوە کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بە کردەوە وەستێنراوە. بەگوێرەی سەرچاوەکان یەکێک لە ئەرکەکانی ئاخوندزادە نێوبژیوانی لەنێوان لایەنە ناکۆکانی تاڵیبان بووە، سروشتی ناوبژیوانیکارانەی ئاخوندزادە دەکرێت لە درێژماوەدا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئەو پرۆسەیە دابنێ.

بێت دام، توێژەر لەبارەی مێژوو و سیاسەتی تاڵیبان، پێیوایە سیاسەتی پێنتاگۆن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تاڵیبان و پرۆسەی ئاشتیی ئەفغانستان زۆر سادەبینانە بووە. بەبۆچوونی دام کورتکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە یەک کەسدا وای کردووە کۆمەڵێک ڕەهەندی دیکەی پرسەکە نەبینرێن کە هەم لە ڕوانگەی ئەفغانییەکان و هەمیش لە ڕوانگەی تاڵیبانەوە کێشەی بۆ پرۆسەی ئاشتی دروستکردووە.

دام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مەنسوور خۆی دژی پرۆسەی ئاشتی نەبووە، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە "ڕێگەیەک بۆ پرسەکە دیاری کراوە کە تاڵیبان تێیدا هەست بە ئاسوودەیی ناکات، بۆیەش کێشە دروست دەبێت".

لە ماوەی پانزدە ساڵی ڕابردوودا پاکستان ڕۆڵێکی سەرەکی لە دانوستاندنەکانی ئاشتی نێوان کابول و بزووتنەوەی تاڵیباندا هەبووە، بەڵام وەک دام ئاماژەی پێدەدات "ژمارەیەکی زۆر لە ئەفغانەکان و سەرکردەکانی تاڵیبان متمانەیەکی ئەوتۆیان بە ئیسلام ئاباد نەماوە، یەکەم هەنگاو بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەربگرێت ئەوەیە ئەم پرۆسەیە چیدی بە پاکستاندا تێنەپەڕێت، بەڵام وەکوو دەبینین پانزدە ساڵە هەموو گفتوگۆکان لەو وڵاتەوە ئاراستە دەکرێن".

# دێرەزوور وەک جێگرەوەی ڕەققە



پۆڵ ئیدن

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جارێکی دیکە پێشنیازی ڕووسیای بۆ هەماهەنگی و هاوکاری لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ڕەتکردەوە. پێشتریش واشنتن پێشنیازی هەماهەنگیی لەگەڵ مۆسکۆ ڕەتکردبووەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ڕووسیا لە بۆردومانەکانیدا دەست لە هیچ لایەنێکی سووری ناپارێزێت، هەر بۆیە بەهۆی بوردومانەکانی ڕووسیاوە سەدان کەسی سڤیل کوژراون، ئەمە جگە لەوەی مۆسکۆ لە هاوکاریکردنی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا، بەردەوامە.

لە دوایین پێشنیازی ڕووسیادا بۆ هاوکاریی سەربازی، سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا پێشنیازی کرد هێزی ئاسمانیی ڕووسیا و ئەمریکا بۆ پشتگیریی هێزەکانی سووریای دیموکرات کە کورد تێیدا زۆرینەیە، جۆرێک لە هەماهەنگی دروست بکرێت. هێزەکانی سووریای دیموکرات ماوەی چەند ڕۆژێکە ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە، پایتەختی دیفاکتۆی داعش، دەستپێکردووە.

لەڕووی توانای پێکانی بارەگا و ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانی داعشەوە، هێزی ئاسمانیی ئەمریکا هەموو کات لە هێزی ئاسمانیی ڕووسیا وردتر بووە. هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لە ڕەققە کۆمەڵێک ئامانجی سەربازیی زۆر دیاریکراوی پێکاوە و قوربانیانی مەدەنی لە کەمترین ئاستدا بوون، بەڵام بۆردومانەکانی ڕووسیا ناوچەی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیانی وێران کردووە، چونکە پێدەچێت ڕووسیا بۆی گرنگ نەبێت چی بۆردومان دەکات.

بەشداریی ڕووسیا لە ئۆپەراسیۆنی ڕەققەدا دەکرێت ئاکامی پێچەوانەی هەبێت و ژمارەی کوژراوانی مەدەنیش بەرز بکاتەوە، بەڵام شوێنێک لە سووریا هەیە کە تێیدا لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی داعش، ئەمریکا دەتوانێت لە پێناو کۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراو بیر لە هەماهەنگییەکی سنووردار لەگەڵ ڕووسیا بکاتەوە. ئەو شوێنە دێرەزوورە.

شاری دێرەزوور لەلای باشووری ڕۆژئاواوە 140 کیلۆمەتر لە ڕەققە دوورە و ناوەندی پارێزگایەکە بە هەمان ناو. داعش دەستی بەسەر بەشی هەرە زۆری ئەم شارەدا گرتووە، تاکە بەربەستیش لەبەردەم ئەوان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو شارەکە هێزێکی سوپای سووریایە کە ماوەی دوو ساڵە بەرگری لە فڕۆکەخانە و ژمارەیەک بەشی دیکەی شارەکە دەکەن. ئەگەر داعش بتوانێت هەموو شاری دێرەزوور کۆنترۆڵ بکات، ئەوە بە تەواوەتی دەستی بەسەر دوو پارێزگای سووریادا گرتووە.

ڕەوشی مرۆیی لە دێرەزوور یەکجار سەختە، کۆمەڵێک هۆکاریش لە پشت ئەمەوە هەن کە یەکێکیان ئامادەیی بەردەوامی داعشە لەو ناوچەیە. نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکانی دیکەش توانای ئەوەیان نەماوە هاوکارییە مرۆییەکانیان بەدەستی ئەو خەڵکە بگەیەنن کە لە ناوچە جەنگییەکاندا گیریان کردووە، نەتەوە یەکگرتووەکان توانیویەتی تەنیا یەک جار و لە ڕێگەی فڕۆکەوە هاوکارییەکانی خۆی بەسەر خەڵکی ئەم شارەدا بڵاوبکاتەوە. فڕۆکەکانی ڕووسیاش یارمەتیی مرۆیی و پێداویستییە سەربازییەکانیان بە هێزەکانی سوپای سووریا لە دێرەزوور گەیاندووە.

ئەگەر هێزەکانی سووریای دیموکرات لە باکوور، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە بتوانن سەرکەوتووانە گەمارۆی شاری ڕەققە بدەن، ئەوە دەشێت داعش بەرەو دێرەزوور پاشەکشێ بکات، بەبێ ئەوەی لە پایتەختەکەی ئێستای خۆیان جەنگ هەڵگیرسێنن. ئەگەر داعش بەرەو دێرەزوور لە باشووری ڕۆژئاوا پاشەکشێ بکات، بەمە چەکدارانی داعش لە دێرەزوور بەهێزتر دەبن و ڕەنگە بتوانن دەست بەسەر هەموو پارێزگاکەدا بگرن و ئەوێ بکەنە بارەگای نوێی خۆیان. پاش گرتنەوەی ڕەققە، پێناچێت هێزەکانی سووریای دیموکرات مەیلی پێشڕەویی زیاتریان بەرەو باشوور هەبێت، ئەمەش وادەکات داعش شوێنی خۆی لە دێرەزوور قایمتر بکات، واتە شارەکە بۆ خۆیان بپارێزن و لەوێ چاوەڕێی هێرش و جەنگێکی دیکە بکەن.

پاشەکشێی داعش بۆ دێرەزوور و قایمکردنی شوێنی خۆیان لەم شارەدا لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکدا نییە، ئەم ڕاستییەش زەرووڕەتی هاوکاری و هەماهەنگیی سنووورداری نێوان هێزە ئاسمانییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا لە دێرەزوور دەسەلمێنێ. بۆ ئەم مەبەستە هێزی ئاسمانیی ئەمریکا دەتوانێت لە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگی یانیش فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بۆردومانی بنکە و بارەگاکانی داعش بکات، ڕووسەکانیش دەتوانن لەڕووی لۆجستیکییەوە یارمەتی چەکدارانی سوپای سووریا بدەن و بە گەیاندنی چەک و تەقەمەنیی قورس توانای سەربازیی ئەو هێزە بەرزتر بکەنەوە. لەوانەیە مۆسکۆ بیر لە ناردنی کۆمەڵێک کۆماندۆ، ڕاوێژکار و ڕاهێنەری سەربازیش بکاتەوە بۆ ئەوەی لە دێرەزوور یارمەتی هێزە چەکدارەکان بدەن، بۆ ئەوەی پاشەکشێ بە چەکدارانی داعش بکەن یانیش بۆ پاراستنی ئەو ناوچانەی هەتا ئێستا ڕایانگرتوون بەهێزتر بن. یەکێکی دیکە لە بژارەکان بۆ هەماهەنگی، دەکرێت لە بواری ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگری لە نێوان کۆماندۆکانی ڕووسیا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا بێت، بۆ ئەوەی ئامانجەکان بۆ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان دیاری بکرێن، ئەم هاوکارییە لە هەندێک لە ناوچەکان دەشێت پەرشبوونەوە و سەرلێشێوانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لێبکەوێتەوە.

بەشداری سەربازانی ئەمریکا لە شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی دەوروبەری شاری ڕەققە (فۆتۆ: AFP)



گومانی تێدا نییە ئەمریکا کارێکی دروستی کردووە کە هاوکاری و هەماهەنگی نە لەگەڵ حکومەتی سووریا و نە لەگەڵ ڕووسەکانیش نەکردووە، بەڵام ئەمە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا نییە کە هێزەکانی سوپای سووریا بە یەکجاری تێکبشکێن و داعشیش دێرەزوور وەکوو ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ڕەققە بکات بە پێگەی بەهێزی خۆی و شوێنی خۆی لەم پارێزگایەدا قایم بکات.

*** پۆڵ ئیدن لە دەستەی نووسەرانی بەشی ئینگلیزیی ماڵپەڕی ڕووداوە**

---

# بۆ ئێرانییەکان داعش دوژمن نییە... ئەمریکایە

ئارینا موورادی
ڕووداو- هەولێر

دەرکەوتنی گرووپی چەکداری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش)، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوژمنی نوێی هێنایە ئاراوە، بەڵام لە ئێران، دوژمنە کۆنەکەی چل ساڵ لەمەوبەر کە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، هێشتا هەر وەکوو دوژمنی سەرەکی ماوەتەوە.

کاتێک بەناو شارە کوردییەکانی ڕۆژئاوای ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)دا دەڕۆیت، هەموو وێنە و پۆستەرەکان هەمان دروشمیان لەسەرە: "دوژمن لە بۆسەدایە"، "ئامانجی دوژمن تێکشکاندنی ئوممەتی ئیسلامییە" و "تا دوا دڵۆپی خوێنمان پارێزگاری لە ئیسلام دەکەین". ئەم دروشمانە وەکوو زەنگی ئاگادارکردنەوەی خەڵک وایە لەلایەن دەوڵەتەوە کە تێیدا هانی خەڵک دەدرێت لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئەمریکا "لەم ساتەوەختە قەیراناوییەدا" هۆشیار بن.

بەڵام ئەم دوژمنە کێیە؟ زۆرینەی ئێرانییەکان بەبێ دوودڵی وەڵامی ئەم پرسیارەی (ڕووداو) یان دەدایەوە. عەبدوڵڵا، شوفێری تاکسی لە هێڵی نێوان مەهاباد و پیرانشار، یەکسەر گوتی "ئەمریکا و ئیسرائیل".

عەبدوڵڵا سەرقاڵی لێخوڕینی تەکسییە کۆنەکەی بوو، بێژەرە ئافرەتەکەی ڕادیۆش باسی دوایین مانۆڕی سەربازیی ئێرانی دەکرد کە ماوە ماوە لە ئێران دەکرێت، بە بۆچوونی عەبدوڵڵا "داعش ناتوانێت هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر وڵاتێکی بەهێزی وەکوو ئێران دروستبکات"، بەڵکو تەنیا ئەمریکا و ئیسرائیل توانای ئەوەیان هەیە زیان بە ئێران بگەیەنن.

لە عێراق و سووریا هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە داعشەوە زوو زوو لە قسەکردندا بەرگوێ دەکەوێت، بەڵام ئێرانییەکان نیگەرانییەکی ئەوتۆیان لەم گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییە نییە.

عەلی ئەحمەدی، گەنجێکی بێکار کە چاوەڕێی دۆزینەوەی یەکەم پیشە دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕەنگە هەفتەی جارێک یان تەنانەت مانگی دوو جاران سەرنجی هەواڵەکانی داعش بدەم، ئەمەش هەندێکجار لە کاتی قسەکردن لەگەڵ هاوڕێکانم ڕوودەدات، بە تایبەتیش ئەگەر گرووپەکە کارێکی زۆر گەمژانەی کردبێت". بەڕای ئەحمەدی "ئەمریکا دەتوانێت هێرش بکاتە سەر ئێران، وەکوو چۆن لە 2003 هێرشیان کردە سەر عێراق، بەڵام داعش ناتوانێت پەنجە بۆ ئێران بەرێت".

ڕەحمان شێخی، قوتابی بەشی کۆمەڵناسی، پێیوایە داعش تەنیا لە "وڵاتە شکستخواردووەکانی وەکوو عێراق و سووریا" دەتوانێت چالاکی بکات، بە بۆچوونی شێخی، "داعش ناتوانێت دەست بۆ ئێران درێژ بکات، لەبەر ئەوەی ئێران بە پێچەوانەی عێراق و سووریا وڵاتێکی بەهێزە و سوپایەکی بەهێزیشی هەیە. من ڕقم لە خەڵکی ئەمریکا و تەنانەت حکومەتی ئەمریکاش نییە، بەڕای من ئیسرائیل دوژمنی ئێمەیە".

قسەکانی شێخی لە کاتێکدایە کە ژمارەیەک لە گەنجانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و لە هێرشەکەی ئەمدواییەی داعشدا لە تەلسقۆف دوو لەو چەکدارانە بە دەستی پێشمەرگە کوژران. دوور نییە لە ئەگەری دروستبوونی کەلێنێکی ئەمنیدا، ئەم کوردانەی ناو داعش بگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کێشە بخولقێنن.




ڕێکەوتنە ئەتۆمیەکەی ئێران دروشمی " مرگ بر امریکا"ی لە خەیاڵی ئێرانیەکان نەسڕیوەتەوە

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف، لە نووسینێکدا لە فەیسبووک بە گومانەوە لە چوونی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ نێو داعش دەڕوانێت و دەڵێت "خەریکە گومان پەیدا دەکەم و هەست دەکەم دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەمتەرخەمن، ئەگەر نەڵێم کارئاسانی و چاوپۆشی بۆ ڕۆیشتنی کوردانی ڕۆژهەڵات بۆ ناو ئەو گرووپە تیرۆرستییە دەکەن".

پێناچێت داعش سنوورەکانی ئێران بکاتە ئامانج، بەڵام سوپای ئێران و ڕاوێژکارە سەربازییەکانی ئێران لە عێراق و سووریان، لە عێراق پشتگیری لە حکومەت دەکەن و لە سووریاش شانبەشانی هێزەکانی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا دەجەنگن.

ئەمریکا و ئیسرائیل یەکەمجار لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی، دامەزرێنەر و یەکەم ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە وەکوو دوژمنی سەرەکیی ئێران ناسێنران. پاش مردنی خومەینیش، کۆماری ئیسلامی لەسەر هەمان ڕێچکە مایەوە. مانگی پێشوو ئەحمەد ڕەزا پورداستان، فەرماندەی هێزی پیادەی ئێران ڕایگەیاند "دوژمنی سەرەکیی ئێمە ئەمریکایە و ئێمە خۆمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان ئامادە کردووە".

خالید عەزیزی، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) هاوڕایە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی "شانە نوستووەکانی داعش لە ئێران چالاک نین و داعش هەڕەشەیەکی ئەوتۆ بۆ سەر سنوورەکانی ئێران دروست ناکات". ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی ئێران زۆر بەهێزە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پلان و ئامانجەکانی داعش لە عێراق و سووریا چڕبوونەتەوە.

سەبارەت بە سیاسەتی ئێران بۆ پیشاندانی ئیسرائیل و ئەمریکا وەکوو دوژمنە سەرەکییەکانی ئێران، عەزیزی پێیوایە "ئەمە هەر لەسەرەتای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە هەبووە، ئەوان (دەسەڵاتدارە ئاینییەکانی ئێران) درێژەیان بەم سیاسەتە داوە و ئەم هەستی دژایەتی ڕۆژئاواییەیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە".

دروشمی وەکوو "مردن بۆ ئەمریکا" و "مەرگ و نەمان بۆ ئیسرائیل" لە ڕێپێوانە ساڵانەکانی ئێراندا بوون بە دروشمی شۆڕشی ئیسلامی، تەنانەت ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ساڵی پاریش نەیتوانی هەستی دوژمنایەتی دەسەڵاتی ئێران بەرامبەر ئەمریکا کز بکات.

عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەردەوام بەرگری لەو ئەدەبیاتە کردووە کە وڵاتەکەی لە دژی ئەمریکا بەگەڕی خستووە. خامنەیی تەمەن 76 ساڵ لە پەیامێکدا لەسەر ماڵپەڕەکەی خۆی ڕایگەیاند "دروشمی مردن بۆ ئەمریکا عەقڵ و حیکمەتی لە پشتە".

پارساڵ دروشمی "مردن بۆ ئەمریکا" بۆ یەکەمجار لە دیواری باڵیۆزخانەی پێشووی ئەمریکا لە ئێران سڕدرایەوە، کەناڵ و ناوەندە میدیاییەکانی جیهان بایەخێکی زۆریان بەم هەواڵە دا.

دوو ڕۆژ دواتر جارێکی دی دروشمەکە نووسرایەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە فۆنتێکی جیاواز. ڕێکخراوی بەسیجی خوێندکارانی ئێران هەمانڕۆژ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دروشمەکە بە هیچ شێوەیەک لانەدرابوو.

لە هەمان بەیاننامەدا، بەسیجی خوێندکارانی ئێران بەڵێنیان دابوو دروشمی "مردن بۆ ئەمریکا" بۆ هەمیشە دیواری ئەم شوێنە (واتە دیواری باڵەخانەی باڵیۆزخانەی پێشووی ئەمریکا) دەڕازێنێتەوە.

40 دکتۆر وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەنەوە

# ڕووداو خزمەتگوزاریی "دکتۆر ئۆنلاین" پێشکەش دەکات




سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

تۆڕی میدیایی ڕووداو پڕۆژەیەکی نوێ ڕادەگەیەنێ کە یەکەمینجارە لە باشووری کوردستان پەیڕەو دەکرێت، ئەویش پێکەوە بەستنی نەخۆش و پزیشکانی کوردستانە لەڕێی سیستمێکی ئەلیکترۆنییەوە بەنێوی "دکتۆر ئۆنلاین".

پرۆژەکە بیرۆکەی دیسکی تەندروستیی تۆڕی میدیایی ڕووداوە و جێبەجێکردنەکەی و بەرجەستەکردنیشی لەلایەن ستافێکی تەکنیکی هەمان تۆڕەوە دەکرێت و پۆرتاڵی ڕووداو ئەرکی بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆ گرتووە.

پرۆژەی دکتۆر ئۆنلاین لە مانگی یەکی ئەمساڵەوە بیرۆکەکەی داڕێژراوە و کاری تەکنیکی دەستی پێکردووە و سەرەتای ئەم هەفتەیە تەواوکرا و بەمزووانەش بە کردەیی دەستپێدەکات.

## دکتۆر ئۆنلاین چییە؟

دکتۆر ئۆنلاین سیستمێکی سۆشیال میدیاییە بۆ پەیوەندیی نێوان خەڵک و پزیشک لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت: یەکەم پانێلێک بۆ بەکارهێنەران (خەڵک) و پانێلێک بۆ پزیشکان.

بیرۆکەکە بەو شێوەیە کە هەموو کەسێک دەتوانێت ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە کەرتی تەندروستی، لێرەدا بیانکات و ناوی کەسەکە پارێزراو دەبێت و ئەو پزیشکانەی لە سیستەمەکەدا تۆمارکراون، وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.

## بۆ هەر پرسیارێک چەند وەڵام؟

بۆ هەر پرسیارێک، هەر پزیشکێک دەتوانێ یەک جار وەڵام بداتەوە و وەڵامەکە لەلایەن بەکارهێنەرانەوە بە دانانی ئەستێرە دەنگی لەسەر دەدرێت و ئەو پزیشکانەی کە چالاکترن، ناوەکانیان دێتە پەڕەی یەکەمی سیستەمەکە و پرۆفایلەکانیان دەردەکەوێت لە پەڕەی یەکەمدا.

لەکاتی ناردنی پرسیار، داوای ئیمەیل لە بەکارهێنەر دەکرێت. ئەو ئیمەیلە پارێزراو دەبێت و هیچ کەسێک (تەنانەت پزیشکەکان و ئادمینەکانی سیستەم) ناتوانن ئەو ئیمەیلە ببینن، کاتێک پزیشکێک وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، بەشێوەی ئۆتۆماتیک لە ڕێگەی ئیمەیلەکەوە بەکارهێنەر ئاگادار دەکرێتەوە، هەموو پرسیار و وەڵامەکانیش لە بەشی خوارەوەی لاپەڕەی سەرەکیی سیستەم، بە شێوەی پۆلێنکراو دەردەکەون بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە بتوانن سوودی لێوەربگرن.

ڕەوەند حەمەشەریف، شارەزای بواری ئای تی و کارمەندی پۆرتاڵی ڕووداو ئەرکی بەرجەستەکردنی پرۆژەکەی وەرگرتووە. لەبارەی وردەکارییە تەکنیکییەکانەوە بە (ڕووداو)ی گوت "زمانی پرۆگرامی سیستەمەکە PHP یەو بەستراوەتەوە بە داتابەیسی MySQL، بۆ دیزاینی سیستەمەکە بوتستراپ بەکارهێنراوە کە گونجاوە لەگەڵ ئامێرە جۆراوجۆرەکان و لە بەرنامەدایە پرۆگرامی ئەندرۆید و iOS ی بۆ دروست بکرێت لە داهاتووی نزیکدا".

ڕەوەند دەڵێ زۆربەی وڵاتان لەڕووی سۆشیالی تەندروستییەوە زۆر پێشکەوتوون و وەک وەرگرتنی بیرۆکە سۆشیالی تەندروستی وڵاتانمان تەماشا کردووە و بەکارمان هێناوە و بە گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی کوردستان بیرۆکەکانمان بەکارهێناونەوە.

بەڕێوەبەری پۆرتاڵی ڕووداو دەڵێ دکتۆر ئۆنلاین یەکەمین پرۆژەی تەندروستیی ئەوان نییە، بەڵام نوێترین و پێشکەوتووترینیانە. هێمن لهۆنی، بە هەفتەنامەی (ڕووداو)ی گوت "بەشی تەندروستی بەشێکی سەرەکی پۆرتاڵی ڕووداوە و ڕۆژانە بەردەوام هەواڵ و زانیاری نوێ لە ڕێگەی ئەو بەشەوە دەگەنە خوێنەرانی ڕووداو، هەروەک لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک پەیجێکی تایبەتی تەندروستیمان هەیە. ئێستاش دەبینە یەکەمین میدیای کوردستان کە چەندین پزیشکی پسپۆڕ دەهێنینە سەرهێڵ تاوەکو ڕاستەوخۆ هۆشیاری تەندروستی بدەنە هاووڵاتیانی کوردستان".

دیسکی تەندروستیی ڕووداو ستافێکی پرۆفێشناڵن کە کۆلێژەکانی پزیشکی و پزیشکی ددانیان تەواو کردووە و لە پسپۆڕییە جیاوازەکاندا پزیشکییان کردووە.

د.ئاراس برادۆستی، بەڕێوەبەری دیسکەکە دەڵێ بابەتەکانی ئەوان بە چەندین فیلتەردا دەڕۆن، بەر لەوەی بگەنە پێشچاوی بینەر، خوێنەر و گوێی گوێگران "بابەتەکان پاش ئامادەکردنیان جارێکی دیکە لەلایەن پزیشکانی ڕووداو چێک دەکرێنەوە، پاش ئەوەی لەڕووی زانستییەوە ئۆکەی وەردەگرن، ئەوکات بڵاودەکرێنەوە، بۆیە دەکرێ بە متمانەیەکی زیاترەوە تەماشای بابەتە تەندروستییەکانی ڕووداو بکرێن".

وەک دکتۆر ئاراس باسی دەکات، ئەوان جارێ لە سەرەتای ڕێگەدان و پرۆژەی پێشکەوتووتر و نوێتریان بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەیە.

## چەندین پزیشک لە پسپۆڕیی جیاواز

تاوەکو ئێستا نزیکەی 40 پزیشک لە پسپۆڕییە جیاوازەکان لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کۆیە و گەرمیانەوە تۆمارکراون بۆ نێو سیستەمەکە و لە داهاتوودا پزیشکی زیاتریش دەچنە نێو سیستەمەکە.

ئەو پسپۆڕییانەی تاوەکو ئێستا لە سیستەمەکەدا هەن و لە شارە جیاوازەکانی کوردستانەوە پزیشکان تێیاندا بەشدارن ئەمانەن: هەناوی، منداڵان، مێشک و دەمار، میزو میزەڕۆ، دەروونی، شێرپەنجە و خوێن، نەشتەرگەری گشتی، خانمان و منداڵبوون، چاو، پێست، قوڕگ و لووت و گوێ، ددان و هۆرمۆن و شەکرە.

## گرنگیی پرۆژەکە

پزیشکانی بەشداربووی نێو سیستەمەکە، وای دەبینن کە دکتۆر ئۆنلاین بۆ ئێستای کوردستان گرنگە. د.زانیار نووری، پزیشکی پسپۆڕی هەناوی و یەکێک لە بەشدارانی سیستەمی دکتۆر ئۆنلاین، بە (ڕووداو)ی گوت پڕۆژەکە لەم ڕووانەوە گرنگە:

**یەکەم:** دەتوانێت ببێتە ڕێنیشاندەرێکی زانستی بۆ نەخۆش، واتە ئەو کەلێنە گەورەیە بگرێت کە لە نەبوونی پزیشکی خێزانیدا هەیە.

**دووەم:** دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی پزیشکی بۆ نەخۆش لەم کاتەدا کە میدیا و سۆشیاڵەکان پڕن لە سەرچاوەی نازانستی و ناڕاست.

**سێیەم:** دەکرێت لە داهاتوودا باشتر بەدواداچوون بۆ نەخۆش بکرێت.

# لەبارەی سووتانەوەی پێستی منداڵ



د.شادمان حەمەئەمین*

زۆر لە دایکان گرفتارن بەدەست سووربوونەوەی شوێنی دایبیی منداڵەکانیانەوە، بۆیە پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی ڕێگای جیاواز بۆ نەهێشتنی ئەو سووربوونەوەیە. بەڵام مەرج نییە هەموو سووربوونەوەیەک (کە هەندێکجار سووتانەوەشی پێدەگوترێ) پەیوەندی بە دایبییەوە هەبێت.

ئەو سووتانەوانەی پەیوەندییان بە دایبیەوە هەیە:

### 1 - سووربوونەوەی بەرکەوتە (هەستیاری):

**-ناسینەوە:** سووربوونەوەی بریقەداری بەرزاییەکانی سمت، نێوانی ڕان، بەشی خوارەوەی سک، بەشی سەرەوەی ڕان، لۆچەکانی نێوان ڕان بەهیچ شێوەیەک تووش نابن (سپین!)، ئەگەر چارەسەر نەکرێت وەکو برینی قووڵی لێدێت (ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی خراپ مامەڵەکردن و پشتگوێخستنی منداڵ)

**- هۆکارەکەی:** درەنگ گۆڕینی دایبی، سکچوون.. لەوانەشە هەر ڕووبدات ئەگەرچی زوو زووش دایبی بگۆڕدرێت! بەرکەوتنی میز و گۆڕینی تفتی ئەو شوێنە هۆکاری سووربوونەوەکەیە..

**- چارەسەر:** زوو پاککردنەوە، منداڵەکە ماوەیەک بێ دایبی دابنرێ، بەکارهێنانی هەندێ پارێزەر، بەزۆری سێ ڕۆژ دەخایەنێ..

ئەگەر هەر زیادی کرد بەکارهێنانی مەرهەمی هایدرۆکۆرتیزۆن، ڕۆژی دوو جار.

### 2 - هەوکردنی کەڕوویی:

**- ناسینەوە:** لەو سووربوونەوەیەی سەرەوە دەچێت، بەرزبوونەوە و کۆبوونەوەی کێمی بچووک، لۆچەکانی نێوان ڕانیش سوور دەبێتەوە، هەروەها پەڵەی سووری ورد دەوری سووربوونەوە گەورەکەی داوە، سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێ، بە ئازارە (منداڵەکە لەکاتی پیسایی و میزکردن و گۆڕینی دایبی زۆر دەگریەت.

**- هۆکار:** کەڕووی کاندیدا.

**-چارەسەر:** بەکارهێنانی مەرهەمی نیستاتیین، یان کلۆتریمازۆل ڕۆژی دوو جار.

### 3 - سووربوونەوەی شوێنی دایبی و بەشی دیکەی لەش:

**ا- وشکە بیرۆ :**

**- ناسینەوە:** لەدوای تەمەنی دوو مانگی دەست پێدەکات، پێستیان وشکە، منداڵەکە یان خێزانەکە هەستیارییان هەیە (هەستیاریی بەهارە، ڕەبۆ)، سووربوونەوەی کوڵم، پشتەمل، بەردەم ئانیشک، پشت ئەژنۆ، شوینی دایبی زۆر کەم تووش دەبێت، خorووی زۆر!

**- هۆکار:** هەستیاریی پێست.

**- چارەسەر:**

* دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی سابوون و جلی نایلۆن-خوری، بەکارهێنانی جلی لۆکە.

* چەورکردنی پێست ڕۆژی چەند جارێک.

* بەکارهێنانی مەرهەمی هایدرۆکۆرتیزۆن 1%. ڕۆژانە دووجار.

* زوو چارەسەرکردنی هەوکردنەکانی پێست.

* دوورکەوتنەوە لەو خواردنانەی پێی **هەستیارە:** هێلکە، عەلی بابا و شیری قوتوو (مانگا).

**داهاتووی نەخۆش:** زۆربەیان چاک دەبنەوە، 30%یان تووشی ڕەبۆ دەبن. ئەگەری تووشبوونیان بە بەکتریای ستاف و ڤایرۆسی هیرپس.

**ب- سووربوونەوەی پێستی چەور- سیبۆریا :**

**ناسینەوە:** لە نێوان دوو هەفتەدا تاوەکو مانگێک ڕوودەدات. پێستیان چەورە، دەرکەوتنی پەڵەی سووری چەور، توێخدار، ڕەقبوو لە پێستی سەر، دەموچاو، پشتەگوێ، بەشی خوارەوەی مل، بنباڵ، شوێنی دایبی (لۆچەکان بەسەختی تووش دەبن)، خورووی نییە.

**هۆکار:** نادیارە.

**چارەسەر:** چەورکردنی سەر بە مەرهەمی (سەلفەر-سالیسایلیک ئەسید)، بیتامیسازۆن و کیتۆکۆنازۆل بۆ لەش.

بەڵام هەندێک لە سووربوونەوەکان هیچ پەیوەندیان بە دایبی منداڵەوە نییە، ئەوانیش زۆر دەگمەن و مەترسیدارن، لەوانەش کەمیی زینکی بۆماوەیی، نەخۆشیی لانگەرهانس و نەخۆشیی ویسکۆت.

*** پزیشکی گشتی**

# هەموو شتێک لەبارەی پڕۆتینەوە

ڕووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی

پڕۆتین یەکێکە لە سێ ڕەگەزە سەرەکییەکەی خۆراکی کە جەستە بە بڕێکی زۆر پێویستی پێیە، ئەوانیش: کاربۆهێدرات، چەوری و پڕۆتین.

پڕۆتین لە یەکەی بچووکتر پێکهاتووە کە پێیاندەگوترێ ترشی ئەمینی، جەستەی مرۆڤ سوود لە 22 جۆر ترشی ئەمینی وەردەگرێ. لەو 22 دانەیەش جەستە دەتوانێ 13 دانەیان دروست بکات، نۆ دانەکەی دیکە هەر دەبێ لە خۆراکەوە وەربگیرێن و جەستە ناتوانێ دروستیان بکات.

بەرهەمە ئاژەڵییەکانی وەک گۆشت، هێلکە و شیر هەر نۆ جۆرەکەیان تێدایە کە دەبێ لە خۆراکەوە وەربگیرێن.

بەرهەمە ڕووەکییەکانی وەک پاقلەمەنییەکان، دانەوێڵەکان، چەرەس و سۆیا هەندێک جۆری ئەو 9 ماددەیەیان تێدایە و هەندێکی دیکەیان تێدا نییە.

## ئیشی پڕۆتین چییە؟

پڕۆتین پێکهێنەری سەرەکیی جەستەیە و کاری ئەوەیە شانەکانی جەستە پێکبهێنێ. لە هەندێک کەسدا بڕێکی زۆرتر پڕۆتین پێویستن بەهۆی گەشەی خێراوە، وەکوو: منداڵان، نەوجەوانان و خانمانی دووگیان.

هەندێکی دیکەش بەهۆی باری تایبەتییانەوە بڕێکی زۆرتری پڕۆتینیان پێویستە، لەوانە: ئەوانەی بریندار دەبن، ئەوانەی نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێ، ئەوانەی چالاکن و وەرزش زۆر دەکەن.

## چۆن پڕۆتین بخۆین؟

ئەوەندەی خواردنی پڕۆتین لە هەموو کاتەکانی ڕۆژ گرنگە، ئەوەندە کۆی بڕەکە گرنگ نییە. بۆ نموونە دەکرێ بەیانیان 10 گرام، نیوەڕوان 25 گرام، پێنج گرام وەک بەرکوڵ و ئێوارانیش 40 گرام بخورێن.

جەستە دەتوانێ تەنیا بڕێکی سنووردار لە پڕۆتین هەڵمبژێت و سوودی لێوەبگرێ، بۆیە لەبری ئەوەی بە یەکجار 60 گرام پڕۆتین بخۆی، بە سێ ژەم 15-25 گرام بخۆ.

## چەندە پڕۆتین بخۆین؟

ئەو بڕە پڕۆتینەی ڕۆژانە کەسێک پێویستی پێیەتی، پەیوەندی هەیە بە سروشتی جەستەی و ڕاددەی چالاکییەکەی.

بۆ نموونە جەستەی پیاوێکی باڵا 180 سانتیمەتری کە هەفتانە پێنج ڕۆژ وەرزش دەکات، بڕێکی زۆرتر پڕۆتین هەڵدەمژێ لە خانمێکی 150 سانتیمەتری کە وەرزش ناکات. بەڵام بەگشتی وەها دیاری کراوە کە باشترە هەر ژەمێک 20-30 گرام پڕۆتین بخۆی.

کەمترین بڕی پڕۆتینی پێویست بریتییە لە 0.8 ئەوەندەی کێشی لەشت، بەڵام ئەوانەی وەرزشی مامناوەند دەکەن دەبێ 1.2-1.4 ئەوەندەی کێشی لەشیان پڕۆتین بخۆن، هەرچی ئەوانەشن کە وەرزشی توند دەکەن، ئەوە دەبێ 1.2-1.7 ئەوەندەی کێشیان پڕۆتین بخۆن.

## پێکهاتەی پڕۆتینی خۆراکەکان

ئەمانە نموونەی پێکهاتەی پڕۆتینی هەندێک خۆراکن کە وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمریکا بڵاوی کردووەتەوە:

* 85 گرام گۆشتی مریشک 20 گرام پڕۆتینی تێدایە.
* 85 گرام گۆشتی بەرخ 21 گرام پڕۆتینی تێدایە.
* 37 میللیلتر شیر 9 گرام پڕۆتینی تێدایە
* یەک هێلکە 6 گرام پڕۆتینی تێدایە
* 45 گرام فاسۆلیا 11 گرام پڕۆتینی تێدایە


## چەندە بخۆین زیانی هەیە؟

زۆربەی توێژینەوەکان دەڵێن کەسێکی تەندروست دەتوانێ بۆ هەر کیلۆگرامێکی جەستە 2 گرام پڕۆتین بخوا بێئەوەی تووشی زیان ببێ. ئەگەر زیاتر لە 2.5 گرام بۆ هەر کیلۆگرامێکی جەستەت بخۆی، ئەوە ئەگەری تووشبوون بەمانە زیاد دەکات. وشکبوونەوە. ماندوێتی و لەشداهێزران. وەرگرتنی وزەیەکی زۆر و زیادبوونی ئەگەری قەڵەوبوون. کردنە دەرەوەی ڕەگەزی گرنگی کالیسیۆم لە میزەوە.

خۆ ئەگەر ڕۆژانە 200-400 گرام پڕۆتین بخۆی، ئەوە جەستەت ناتوانێ پاشماوە نایترۆجینییەکانی پڕۆتینەکە بگۆڕێ بۆ یۆریا و ئەوەش دەبێتە هۆی ئێڵنج، ڕشانەوە و کاردانەوەی نەخوازراوی دیکە.



## دیدارێکی سینەمایی بۆ منداڵان



**میوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

یەکەمین دیداری سینەمایی منداڵان لەهەولێر بەڕێوەدەچێت و تایبەت دەکرێت بە منداڵانی ئاوارە، بێسەرپەرشتان و منداڵانی شەهیدان، (ڕووداو)یش یەکێکە لە سپۆنسەرەکانی. پشتیوان عەبدوڵڵا، یەکێک لە سەرپەرشتیارانی دیدارەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئامانج لەو کارە دڵخۆشکردنی منداڵانی ئاوارە و بێسەرپەرشت و منداڵە شەهید و پێشمەرگەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناساندنی کولتووری سینەمایە بە نەوەیەک بۆ ئەوەی هەر لە ئێستاوە چاویان بە دنیای جوانی سینەما شاد بێت".

بڕیارە ئەم دیدارە لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان واتە لە 2016/6/1 لەلایەن گرووپی گۆڵدن ئارت و مێگامۆڵ لە هۆڵەکانی سێڤن ئارت لە هەولێر ساز بکرێ. نمایشی فیلمەکانی لە کاژێر 11ی بەیانی تاوەکو 8ی شەو بەردەوام دەبێت. پشتیوان گوتیشی "دیدارەکە بریتییە لە پێشاندانی 5 فیلمی ئەنیمەیشنی تازەی جیهانی کە ئەو فیلمانە ناوەڕۆکێکی گەشبین و پڕ هیوایان تێدایە و دڵ... کەن".

## ئادێڵ ون دەبێت



**دلێر تێلی**
**ڕووداو- کان**

خانمە ئەکتەری فەرەنسی ئادێڵ هاینێل، ڕۆڵی خۆی لەو فیلمەدا ئاشکرا دەکات کە لە فێستیڤاڵی سینەمایی کان، کێبڕکێی وەرگرتنی خەڵاتی چڵە دارخورمای دەکرد.

فیلمی کچی نەناسراو (the un known girl) کە فیلمێکی بەلجیکییە، بۆ یەکەمجار لە 69یەمین فێستیڤاڵی سینەمایی کان لە فەرەنسا نمایش کرا. فیلمەکە لە دەرهێنانی جان پییێر داردێنە و ئەکتەری فەرەنسی ئادێل هاینێل ڕۆڵی سەرەکی لەو فیلمەدا پێدراوە.

ئادێل هاینێل کە یەکێک بوو لە بەشداربوونی فێستیڤاڵی کان، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) باسی ڕۆڵی خۆی لەو فیلمەدا کرد و گوتی "من لە فیلمی کچی نەناسراو ڕۆڵی پزیشکێکی ونبوو دەگێڕم، ئەو پزیشکە بەدوای ژیانی نوێدا دەگەڕێت، بەڵام ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەبێتەوە تا ئەو ژیانە نوێیە دەدۆزێتەوە".

## منداڵێک فریای دایکی ئاندی دەکەوێت



**دلێر تێلی**
**ڕووداو- کان**

ئاندی ئێگمان، ئەکتەری سەرەکی فیلمی مارۆسا کە فیلمێکی فلیپینییە، خەڵاتی باشترین ئەکتەری فێستیڤاڵی سینەمایی کان وەردەگرێ. فیلمی مارۆسا کە بۆ یەکەمجار لە فێستیڤاڵی سینەمایی کان نمایش کرا، ماوەکەی 110 خولەکە.

ئاندی ئێگمان کە ڕۆڵی سەرەکی لەو فیلمەدا گێڕاوە و خەڵاتی باشترین ئەکتەری فێستیڤاڵەکەی بەدەستهێنا، دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "من لەو فیلمەدا ڕۆڵی ڕۆک لێن دەبینم کە خوشکی مارۆسایە، لە فیلمەکەدا دایکم تووشی کێشەیەک دەبێت و منداڵێک ڕێگەیەک دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی یارمەتی دایکم بدات".

ئاندی ئێگمان زۆر خۆشحاڵ بوو کە لەسەر فەرشی سووری فێستیڤاڵی کان دەهات و دەچوو، ئەو گوتی "زۆر خۆشحاڵم کە لێرەم ئەوە یەکەمجارە بێم بۆ کان".

## عەشقی ڕەش و سپی قەدەغەیە



**دلێر تێلی**
**ڕووداو- کان**

پیاوێکی سپی پێست بەهۆی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی ڕەشپێست زیندانی دەکرێت، ئەمە ناوەڕۆکی فیلمێکی هاوبەشی ئەمریکی – بەریتانی بوو کە بۆ یەکەمجار لە فێستیڤاڵی سینەمایی کان نمایش کرا.

فیلمی (Loving) یەکێک بوو لە فیلمە بەشداربووەکانی 69یەمین فێستیڤاڵی سینەمایی کان و لە دەرهێنانی جێف نیکۆڵاسە و باسی چیرۆکی خۆشەویستی پیاوێکی سپی پێست و ژنێکی ڕەشپێست دەکات، بەڵام کاتێک بڕیار دەدەن خێزان پێکەوە بنێن، خۆیان لە زیندانێکی ویلایەتی ڤێرجینیا دەبیننەوە، چونکە بەپێی یاساکانی ئەو ویلایەتە هاوسەرگیری لە نێوان ڕەش و سپییەکان قەدەغەیە.

ڕوت نیگا ئەکتەری سەرەکیی فیلمەکە بە (ڕووداو)ی گوت "لەو فیلمەدا من ڕۆڵی خۆشەویستەکەی ڕیچارد دەبینم، ئێمە لە تەمەنێکی زوودا یەکدیمان خۆشدەوێ، ئێمە لە فیلمەکەدا نەریتی هاوسەرگیری لە ویلایەتەکەمان دەگۆڕین".

فیلمی خۆشویستن فیلمێکی هاوبەشی ئەمریکی – بەریتانییە، لەلایەن کۆمپانیای ڕەین دووگی ئەمریکی بەرهەمهێنراوە و بڕیارە لە ڕۆژی چواری نۆڤەمبەری ئەمساڵ لە ئەمریکا نمایش بکرێ.

## ئەمیر حەسەن جەژنانەی پێیە



**ڕووداو- سلێمانی**

ئەمیر حەسەن بڕیاریداوە چیدی چاوەڕێ نەکات و بۆ جەژنی ڕەمەزانی ئەمساڵ ئەلبوومە نوێیەکەی بڵاوبکاتەوە.

گۆرانیبێژ ئەمیر حەسەن لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەلبوومێکی نوێی گۆرانی ئامادەیە کە لە هەشت تراک پێکدێ و سێ لە گۆرانییەکانی بە ڕیتمی خێرا تۆمارکراون.

ئەمیر حەسەن دەمێکە ئەو ئەلبوومەی ئامادەیە و بڵاوی نەکردووەتەوە، ئەو گوتی "هەرچەندە هێشتا ناوم بۆ ئەلبوومەکە دانەناوە، بەڵام چیدی دوای ناخەم و بەدڵنیاییەوە بۆ جەژنی ڕەمەزان بڵاوی دەکەمەوە. کۆمپانیای بابیلۆن بەڵێنیان پێداوم ئەلبوومەکەم بۆ بڵاوبکەنەوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەش یەکێک لە گۆرانییەکان کلیپ دەکەم".

## حوسێن بەدوای ڕووناکیدا دەگەڕێت



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

حوسێن ئەحمەد، دەرهێنەر و نووسەری کورد، نوێترین کاری سینەمایی خۆی بەناوی گەڕان بەدوای ڕووناکیدا بڵاوکردەوە کە ناوەڕۆکەکەی باس لە ئازاردانی خێزانێکی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەکات.

حوسێن ئەحمەد، دەرهێنەر و ئەکتەری سەرەکی فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم فیلمە ڕووداوێکی ساڵی 1980 دەگێڕێتەوە. خێزانێکی کورد دەیانەوێت لەدەست زوڵم و زۆری سەددام ڕابکەن، بەڵام لەلایەن پیاوانی سەددامەوە دەستگیردەکرێن و ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدرێن". حوسێن ئەحمەد ئەم فیلمەی لە بیابانەکانی ویلایەتی نیومەکسیک وێنەگرتووە و چەند ئەکتەرێکی مەکسیکی و کەنەدی و فارس بەشدارییان تێدا کردووە.

لەبارەی پرۆژەی نوێی، حوسێن گوتی" سەرقاڵی ئامادەکاریم بۆ فیلمێکی درێژ کە باس لە کارەساتی هەڵەبجە دەکات، سیناریۆم بۆ نووسیوە و بەنیازم لە کالیفۆرنیا وێنەی بگرم، چونکە ئەم ناوچەیە کەمێک لە سروشتی کوردستان نزیکە. لەبەرنەبوونی ئەکتەری کوردیش چەند ئەکتەرێکی مەکسیکی لە فیلمەکەدا بەشداری دەکەن کە ئەوانیش شێوەیان لە کورد نزیکە".

## تارا گۆرانی بۆ کوردستان دەڵێت



**میوا سەلاح**
**ڕووداو-هەولێر**

نوێترین کاری هونەری تارا ڕەسوڵ، هونەرمەندی کورد، بریتییە لە گۆرانییەکی نیشتمانی بەناوی بۆ کوردستان کە بەشێوازی دوێت لەگەڵ هونەرمەند کامەران عەبدولڕەحمان تۆماریان کردووە و ڕووداویش سپۆنسەری کردووە. تارا ڕەسوڵ بە (ڕووداو)ی گوت "گۆرانیی بۆ پێشمەرگە هەستێکی نیشتمانییە و خۆشەویستی منە بۆ خاکی پیرۆزی کوردستان، ئەم گۆرانییە لە ئاوازی کامەران عەبدولڕەحمانە و لە تێکستی کاوە خەسرۆ کاوانییە، من و کامەران پێکەوە دەیڵێین".

ئەم گۆرانییە لەلایەن سەفین ئەحمەد و جاسم محەممەد کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە و لە ستۆدیۆی سەندیکای هونەرمەندان تۆمار کراوە.

تارا ڕەسوڵ گوتیشی، بەرهەمێکی دیکەی ئامادەیە کە نوێکردنەوەی گۆرانییەکی هونەرمەند تایەر تۆفیقە، بەڵام هونەرمەندی باکووری کوردستان سەرکان تەنک بەشێوازێکی تازە کاری دابەشکردنی موزیکی بۆ کردووە.

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ

بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش دۆخەکە دەگۆڕێت و دەتوانی هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشی و کەمێک پشوو بدەی. کاتێکی گونجاوە بۆ زیادکردنی سەرچاوەی دارایی. دەخوازیت لە کەسێکی تایبەت نزیک ببیتەوە.

### گا

ئەمجارەیان توندی و کەڵلەڕەقی کارەکەت دەوەستێنێ و چارەسەریشی کاتێکی زیاتر دەخایەنێت. دیدار لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەیت کە توانایەکی باشی بیرکردنەوەیان هەیە و دەتوانی پرس ڕایان پێ بکەیت.

### دووانە

هاتنی تیشکی هەتاو بۆ کەلوەکەت گۆڕانکاریی تەواو بەسەر ژیانتدا دەهێنێ و دەتوانی دەست بە ئەنجامدانی کاری گرنگ بکەیت بەبێ هیچ ڕێگرییەک. لەلایەن کەسە نزیکەکانتەوە پشتیوانی دەکرێیت.

### قرژاڵ

: هەرچەندە ئەو کارانەی تەواوت نەکردوون پێویستیان بە گوروتینە، بەڵام ئێستا چەند کارێکی دیکەش سەرقاڵت دەکەن، بە خەیاڵ و لێکدانەوە ڕامەمێنە، سەرکەوتوو دەبیت ئەگەر خێرا دەست بە جێبەجێکردنی کارەکانت بکەی.

### شێر

: لەم مانگە نوێیەدا هەواڵەکان دڵخۆشت دەکەن و ئاواتێک بەدی دەهێنێ کە ڕەنگە ببێتە سەرەتای دەستکردن بە کارێکی نوێ. هەر کارێکی دارایی بکەیت بەخت هاوکاریت دەکات.

### فەریک

ئەرکەکانت لەسەر کار و لە ماڵدا پێکەوە زیاد دەبن. گوێ لە ڕەخنە و قسەی خەڵک مەگرە کە بەربەست بۆ هەنگاوەکانی داهاتووت دروست دەکەن. لەم مانگەدا هەوڵ بدە هێمن بیت و پشووی تەواو بدە.

### تەرازوو

هیچ فرسەتێکی کارکردن لەدەست مەدە بەتایبەت ئەو کارانەی بۆ ماوەی درێژخایەنن، چونکە باشبوونی باری دارایی دەتوانێت چارەسەری گرفتە سەرەکییەکانت بکات. ماندووبوونی زۆر دڵ ئاسوودە دەکات.

### دووپشک

گفتوگۆیەکی جیدی لەسەر ئەو بابەتانە بکە کە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، تێنەگەیشتن لە بەرامبەر ڕاڕاییەکی زۆری بۆ دروست کردوویت.

### کەوان

هاوڕێ و نزیکەکانت ناتوانن لە ئامانجەکەت تێبگەن، هەر ماوەیەک گرنگی بە کەسێک دەدەیت و پاشان فەرامۆشی دەکەیت، ئەمەش گومانێکی لە دڵی خەڵکدا دروست کردووە، بەڵام هاوکاریشت دەکەن.

### گیسک

زۆرترین گرنگی بە باری تەندروستیت بدە، لەم مانگە نوێیەدا لە دوودڵی ڕزگارت دەبێت. هەر هەوڵێکی جدی بدەیت سەرکەوتوو دەبیت، دوای تەواوکردنی هەر قۆناغێک پێداچوونەوە بە کەموکورییەکاندا بکە.

### سەتڵ

بالانسی نێوان کار و سۆزداری ڕابگرە، کاتێک گرنگی لایەکیان کەم دەکەیتەوە لایەکەی دیکە تێکدەچێت. سەبر کلیلی بەختەوەرییە، لەم ماوەیەدا بیروبۆچوونەکانت ڕێگەیەکی دیکەت بۆ دەکەنەوە.

### نەهەنگ

پێش ئەوەی دەست بە هەر کارێک بکەیت، بیروڕا لەگەڵ خێزانەکەت بگۆڕەوە بێگە لەوەی هاوکاریت دەکەن بەختێکی باش یاوەرت دەبێت لە کارەکانتدا. خۆت لە هەڵچوونی کتوپڕ بەدوور بگرە.

# گەڕان بە دوای مانای جیاوازدا



کامەران سوبحان

**یەکێ لەم لاوە ڕوو دەکاتە عەجەم**
**دوو لەو لاوە دەبنە دوژمنی هەم**
**دوو هەزار ژن فەساد کرا لەم لا**
**بوونە قاتیل ئەوانی تر لەو لا**
**(حاجی قادری کۆیی)**

## دۆزینەوە لەناو دەستنووسێکی کۆندا

مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغای کۆیە، تا مرد ئەو گەنجینە دەستنووسەی پاراست کە ساڵانێکی زۆر وەک خولیای هەمیشەیی خۆی، شیعر و ئەدەبیاتی کۆنی کوردیی تێدا دەنووسییەوە. دەیان شیعری شاعیرانی کورد و بابەتی فۆلکلۆری، بە تایبەتیش ئەوانەی دەماودەم لەسەر زاری خەڵکەوە دەگێڕدرانەوە، ئەو لە کەشکۆڵەکەیدا بە خەتی خۆی دەینووسییەوە. گەر ئەم کەشکۆڵە بزر بووایە، بەشێکی گرنگی شیعری کوردی یان دەفەوتان یان وەک خۆیان نەدەنووسرانەوە.

بەشێکی زۆری شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی، لەم کەشکۆڵە دەستنووسەدا و لە گەنجینە و کتێبخانەکەی مەلا ڕەئووفدا وەک کتێبە پیرۆزەکانی خۆی پارێزران و نەیهێشت لەناو بچن، تا ئەو کاتەی بە ڕووداوێکی نادیار و ئاڵۆز، ئەم گەنجینە دەستنووسە دەکەوێتە لای نووسەرێکی کورد و، پاش ماوەیەکی کەم، ئەم نووسەرە بەشێکی زۆری شیعرەکانی لە دیوانێکدا چاپ دەکات و پاشتر بابەت و شیعرەکانی دیکەی دەستنووسەکە، دەستاودەست دەکات و بەڕێگە و شێوەی جیاواز چاپ دەکرێت.


ئاشکرابوونی دەستاودەستکردنی ئەم کتێبە دەستنووسە، ئەو کاتە بوو کە محەممەد تۆفیق وەردی لە گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (9)ی ساڵی 1944 دا وتارێک بەناونیشانی (دۆزینەوەی گەنجینەیەک) بڵاودەکاتەوە و تێیدا باس لەوە دەکات کە کتێبێکی دەستنووسی دانسقەی شیعریی دەستکەوتووە، شیعرەکانی هی 50 ساڵ لەوەوبەرن و لەنێویاندا نزیکەی (42) شیعری دەستنووسی حاجی قادری کۆیی هەن. یەکێک لەوانە شیعرە بەناوبانگەکەی (لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم)ی تێدایە. لەو وتارەدا بەشێک لەم شیعرە و چەند پارچە شیعرێکی تری حاجی قادری کۆیی بڵاودەکاتەوە.


**لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم کەسێکی هائیم و حەیران**
**بە هەیئەت تێکەییم کوردە بەشێوەی ئەهلی کوردستان**
**کە چوومە خدمەتی پرسیم: برادەر خەڵکی کام جێگای؟**
**لە کام لا هاتووی؟ گریا گوتی: بابان! گوتم بابان؟**
**دڵم داوە گوتم باوکە هەموومان بێ کەسین لێرە**
**چ قەوماوە؟ گەلێ حەیفە، مەگرییە وەکو باران**
**گوتی: بۆ غوربەت و ڕووتی نییە ئەفغان و هاوارم**
**لە داغی حاکمی خۆمە، لە شان و شەوکەتی کوردان**
**گەلێکم بیستووە پەستی و بڵندیی دەوڵەتان، ئەمما**
**جیهان نەیدیوە پەستی و وا میسالی حاکمی کوردان**

دوای چەند ساڵێک لە بڵاوکردنەوەی ئەم وتارەی محەممەد تۆفیق وەردی، گیو موکریانی دیوانی (حاجی قادری کۆیی) چاپ و بڵاودەکاتەوە. بەڵام لە هەندێ دێڕ و وشەیدا جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو شیعرانەی کە محەممەد تۆفیق وەردی لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی کردوونەتەوە و لە بنەڕەتدا هی دەستنووسە کۆنەکەی مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغایە. ئەمەش گومان لەسەر هەندێ لایەنی ئەو دیوانەی حاجی دروست دەکات کە دیارە پەیوەستە بە چۆنیەتی نووسینەوە و ساغکردنەوەی دێڕ و وشەکانی نێو کەشکۆڵەکە. پاش چەندین ساڵی دی، محەممەدی مەلا کەریم کتێبی (هەنگاوێکی تر بە ڕێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی) چاپ دەکات و هەندێ ڕەخنە و سەرنج و تێبینی لەسەر هەردوو دیوانەکەی حاجی قادر دەنووسێت. ئەوەی کە (گیو موکریانی) چاپی کردووە، لەگەڵ دیوانەکەی (سەردار میران و کەریم شارەزا) کە لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی (دیوانی حاجی قادری کۆیی) چاپیان کردووە، پشت بەم دەستنووسە دەبەستن و زۆر بە وردی مانا و ساغکردنەوەی زۆر وشە و دێڕە شیعر و ڕاستکردنەوە بۆ شیعری هەردوو دیوانەکە دەکات.

کاکە حەمەی مەلا کەریم لەکاتی چاپکردن و ساغکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی، دەڵێت: (کاتێک دەستمکرد بە ساغکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی، کەشکۆڵێکی کۆنی کوردیم لابوو کە چەند پارچە شیعرێکی حاجی قادری تێدا بوو. نزیکەی 122 دانە بوون، بەڵام شیعری دووبارەی تێدابوو، کە تەواوم کرد 112 شیعری مایەوە.) دەبێت ئاماژە بەو کەشکۆڵ و دەستنووسە گرنگانەش بدەین کە مامۆستا نەجمەدین مەلا بە خەتی خۆی بەشێکی زۆری شیعری حاجی قادری کۆیی تێدا نووسیوەتەوە، بەشێک لە دەستنووسی ئەو شیعرانەش بۆ زیاتر لە 110 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە.







## دەستێکی ماندوو لە نووسین

نیو سەدە زیاترە دەست و پەنجەیەک بەردەوام شیعر و غەزەلی شاعیرانی کورد دەنووسێتەوە، هەندێجار مان دەگرێت و دەیەوێت هیچ بۆ خاوەنە نووسیارەکەی نەنووسێت، بەڵام کە دەبینێت دێڕ و وشەی غەزەلیاتە، نەک پەنجەکان بەڵکو لاپەڕەکانیش مەدهۆش دەکات. بەردەوام نووسین تا ئەو ساتانەی خاوەنەکەی بەلادا دێت و لاپەڕەکان بە نووسراوی لە شوێنێکدا دەوەستێنێ و سەرجەم ئەو لاپەڕانەی نووسیونی دەچنە گەنجینەی کتێبە دەستنووسە پیرۆزەکانەوە.

دیمەنی ئەو دەستنووسانەش بەشێوەیەکن، بە مەرەکەبی ڕەشی کاڵ، لەسەر لاپەڕەی زەردی کۆن کە مێژووەکانیان بۆ بەر لە نیو سەدە لەو سەردەمەی کەشکۆڵەکەی تێدا نووسراوە، دەگەڕێتەوە. لە هەندێ شوێنی لاپەڕەکەدا شوێنی کوژانەوە و ڕاستکردنەوەی وشە و دێڕە شیعرەکان دەبینرێت. لە سوچێکی کۆتایی ئەم کەشکۆڵەدا لە بەشی خوارەوە بە عەرەبی نووسراوە (کتبت فی ١٣٤٤کۆچی) واتە ساڵی 1925ی زاینی. ئەم کەشکۆڵە گەورەیە شیعر و بەیتی زۆر شاعیری ناودار و نەناسراوی دیکەی کوردی تێدایە. لە لاپەڕە (109 بۆ لاپەڕە 186) تایبەت کراوە بە شیعری حاجی قادری کۆیی. دیارە کەشکۆڵەکە لەسەردەمی پیریی خاوەنەکەیدا و بە دەستێکی لەرزۆک نووسراوەتەوە، چونکە لە هەندێ شوێنی لاپەڕەکەدا شوێنی پێنووسی مەرەکەبەکە لە هێڵی ڕێکی لاپەڕەکان دەرچووە و ڕوخساری دەرەوەی لاپەڕەکەی ڕەنگ کردووە، ئەمە ئاماژەیە بۆ دەست و پەنجەیەکی بە ئەزموون لەگەڵ قەڵەم و لاپەڕەدا کە چۆن ئێستا هیلاکی و ماندووبوونی چەند ساڵەی پێوە دیارە و قەڵەم ناتوانێت وەک سەرەتای گوڕوتینی تەمەن بە جوانی بنووسێت.


کەشکۆڵی دەستنووس، یەکێکە لە کتێبە دانسقەکان. لای میللەتانی دونیا بایەخی خۆی هەیە. زۆربەی شیعری کلاسیکی کوردی لەم کەشکۆڵانەدا لەلایەن مەلا و فەقێی مزگەوت و سۆفییەکانەوە کۆکراونەتەوە. بەشێکی زۆری سەروەتی زارەکی و ئەدەبی کلاسیکی کوردی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، لەم کەشکۆڵانەدا پارێزراون.

## حاجی لە سێ ڕوخساری جیاوازدا

لەگەڵ ئەوەی تا ڕادەیەک جیاوازی لە مانا و دێڕ و وشەی هەندێ لە شیعرەکانی دیوانەکانی حاجی قادری کۆییدا هەیە، بە تایبەتیش دیوانەکەی (کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی لەلایەن عەبدولڕەحمان سەعید ساڵی 1925) پێموابێت ئەمە یەکەم دیوانی ئەو شاعیرەیە لەپاش مردنی چاپ کرابێت. پاشان (دیوانی حاجی قادری کۆیی-گیو موکریانی ساڵی 1953) دواتر دیوانی (حاجی قادر شاعیری قۆناغێکی نوێیە- محەممەدی مەلا کەریم ساڵی 1960) دواتریش کتێبی (حاجی قادری کۆیی-مەسعود محەممەد 1974) چاپ دەبێت. هەروەها (دیوانی حاجی قادری کۆیی- سەردار میران و کەریم شارەزا1984-) و (هەنگاوێکی تر بە ڕێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی- محەممەدی مەلا کەریم 1989) و لەم ساڵانەی دواییشدا چەند هەوڵ و خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئەم شاعیرە و دیوانە شیعرییەکەی هەبوون.

لەم ماوەیەدا بەشێکی زۆری ئەو نووسین و لێکۆڵینەوە جیاوازانەم خوێندنەوە کە لەسەر ئەم شاعیرە نووسراون. زۆر نووسیار و توێژەری کورد لە ڕوانگەی جیاوازەوە لەم شاعیرەیان ڕوانیوە و خوێندنەوەیان بۆ کردووە، بەتایبەتیش هەریەک لە مەسعود محەممەد، حەمەی مەلا کەریم و مەریوان وریا قانع.

ئەم سێ بینینە جیاوازە بۆ حاجی قادری کۆیی، خوێنەر دەوەستێنێ لەبەردەم بەرهەمهێنانی جۆرێک لە مانای جیاواز بۆ دونیای ئەو شاعیرە کە جیاوازە لەو لێکدانەوانەی پێشتر بۆ شیعری حاجی قادری کۆیی کراون. ئەو کاتانەی کاکە حەمەی مەلا کەریم لە ماڵی خۆیان بە جەستەیەکی ماندووەوە سەرقاڵی ساغکردنەوە و تەواوکردنی دیوانەکەی (سالم) بوو، زۆر ڕۆژ دەچووم بۆ لای و کاتێکی زۆر لای دادەنیشتم، بەدەر لە هەڵەبڕیی شیعرەکانی سالم، زۆر ڕۆژ تا درەنگانێ باسی پەیوەندی خۆی و (گۆران)ی شاعیر و دونیابینیی (گۆران)ی بۆ شیعر دەکرد. دواتر دەکەوتینە باسکردنی حاجی قادری کۆیی. لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری شیعرەکانی لەبەر بوو، زۆر شتی گرنگیشی لەسەر شیعر و ژیانی حاجی لە ئەستەنبوڵ بۆ باس دەکردم. ئەوەی بەلای منەوە لە قسەکانیدا زۆر گرنگ بوو، بەراوردکاریی هەموو ئەو شیعرانەی حاجی قادری کۆیی بوو بە یەکتری لە دیوانە جیاوازەکاندا. زۆر وشە و دێڕ و مانای ڕاست دەکردەوە و هەڵەکانی بۆ دەستنیشان دەکردم. ئەمە زیاتر دەرگای بۆ کردمەوە بۆ خوێندنەوەیەکی جیاوازی ئەو شاعیرە. پێشتر گوتوومە هەموومان قەرزاری خێزانی (مودەڕیس)ین کە بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییان پێ ئاشنا کردین و لە فەوتان پاراستیان.




تێڕوانینی دووەم بۆ حاجی قادر لەو کتێبەی (مەسعود محەممەد)دایە. ئەم کتێبە یەکێکە لە گەورەترین و بەرفراوانترین ئەو نووسین و تێڕوانینانەی لەسەر حاجی قادری کۆیی نووسراون. کتێبەکە لە دووتوێی سێ بەرگ و نزیکەی 800 لاپەڕەدا زۆر لایەنی ژیان و بەرهەم و فەلسەفەی شیعری حاجی قادری کۆیی خستووەتە ڕوو. لەگەڵ ئەوەی وەک هاوشاری و شارەزای تەواوی لایەنە شاراوەکانی ژیان و بەرهەمی حاجی قادر کە هاوەڵی باوکیشی (واتە مەلا محەممەدی گەورە) بووە، بەڵام مەسعود محەممەد زیاد لە پێویست لەسەر هەندێ لایەنی لاوەکیی ژیانی حاجی قادر وەستاوە، لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا و لە باسی هاتنی لەگەڵ فاتێی دایکی لە گۆڕ قەرەچەوە بۆ کۆیە و ژیانی منداڵی، زیاد لە پێویست درێژەی دەداتێ، درێژەدانێکی بێزارکەر. ئەم بەرگەی کتێبەکە هێندەی نووسینە لەسەر شوێن و پێگەی کۆیە بۆ حاجی قادر، هێندە وەستان نییە لەسەر دونیابینیی شیعرەکانی، بەلای منەوە ئەمە دیارترین ڕەخنەیە لەم کتێبەی مامۆستا مەسعود محەممەد بگیرێت. تەنیا خاڵێک لەم بەشەدا کە بۆ من گرنگ بوو، ئەو شیکارەیەتی کە بۆ ئەو دێڕە شیعرە دەیکات:

**هەر منم ئێستە وارسی عیسا**
**بێ کوڕ و ماڵ و بێ ژن و مەئوا**

مەسعود محەممەد وا شیکاری ئەم شیعرەی حاجی کردووە: "نەبوونی کوڕ و ماڵ و ژن و مەئوای گۆڕیوەتەوە بە خۆشەویستیی نیشتیمان، تا وای لێهاتووە بە غەیری سورەتی کاڵا و باڵای کوردەواری لە سەفحەی گیان لەپەڕەی دڵی لە پەردەی وەهم و خەیاڵی هیچ شتێکی تری نەبێت بۆ خۆی، ئەوەی هەیبێت تەنها بۆ کوردستان و خەمی میلەتەکەی و ئازادیی نەتەوەکەی بووە".

هەرچەندە ئەو هیچ هەستێکیشی نەبووە بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتیمان، بەپێچەوانەی مەلا خدری نالی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) نانووسێت، بەڵام بە چامەی درێژی (وتم بە بەختی خەواڵو) هەستی خۆی بۆ نیشتیمان و نەتەوەکەی دەردەبڕێت.

مەسعود محەممەد بیریار و نووسەرێکی گەورەیە و پێویستە لە هەموو کەس زیاتر لەم سەردەمەدا نووسین و کتێبەکانی بخوێنرێنەوە، بەڵام ئەم کتێبەی لەسەر حاجی، لەگەڵ ئەوەی زانیاریی گرنگی تێدایە، شایانی ڕەخنە و هەڵوێستە لەسەر کردنیشە، بە تایبەتی درێژ نووسینەکەی و درێژەدانی زیاد لە پێویست بە شتی بچووک و کەم بایەخ لەژیانی حاجی قادردا.

مەریوان وریا قانع لە چەند نووسینێکدا هەڵوێستەی لەسەر حاجی قادر کردووە. جگە لەوەی زیاتر لە سەد لاپەڕەی نامەی دکتۆراکەی لەسەر ئەم شاعیرەیە، لە چەند نووسینێکی دیکەدا لەسەر ئەم شاعیرەی نووسیوە، یەکێک لەو نووسینانەی (مەنفای کوردی لە نێوان سێ نەوە و سێ ئەزموونی مانا جیاوازدا)یە کە لە گۆڤاری ڕەهەند ژمارە (12-13 ساڵی 2001) بڵاوبووەوە و تێیدا بەراوردێکی نێوان هەر سێ شیعری (دەربەندی پەپولە)ی شێرکۆ بێکەس و (قوربانی تۆزی ڕێگەتم)ی نالی و (وتم بە بەختی خەواڵوو)ی حاجی قادری کۆیی دەکات.

دیارترین خاڵی جیاوازی خوێندنەوەی مەریوان بۆ دونیای شیعری حاجی قادر، لەم شیعرەوە قسە لەسەر مەنفا و نیشتیمان و پەیوەندیی ئەو بە شوێنەوە دەکات. بە دیدی مەریوان، غەریبی و مەنفا لای حاجی قادر یەک مانای هەیە و پێیوایە مەنفا بە دۆست و هاوڕێوە، باشترە لە نیشتیمانێک بێ دۆست و هاوڕێ. ئەم دیدەی حاجی قادر لە تێڕوانینی بۆ شوێن زۆر جیاوازە بۆ دیدی کەسایەتی ئاینی بۆ شوێن و لێرەدا دیدێکی پڕاگماتییانە هەیە، پێچەوانەی دیدی نالی کە مەنفا یەکسانە بە ناشیرینی و بێزاری، بەڵام لای حاجی قادر مەنفا لە نیشتیمان زیاتر دەکرێت جێگەی ئاسوودەیی و ئارامیی ژیان بێت:

**ڕەفیقی کۆنە نەماون، جوانەکان پیرن**
**بە شەق دەڕۆن و لە داری دیارە شەققی عەسا**
**لە دوو سەدی یەکەکی زەحمەتە بناسییەوە**
**مەگەر بەناونیشان و بە خزم و باب و برا**

پێچەوانەی هەندێ لەو خوێندنەوانەی بۆ حاجی قادر کراون، مەریوان پێیوایە ئەم شاعیرە زۆر پەیوەست بووە بە ئەستەنبوڵ و لە هزر و بیرکردنەوەیدا ئاواتی خواستووە نیشتمانەکەی ئەمیش لەسەر ئەو شێوازە گەشە بکات. پەیوەندی حاجی قادر و شوێن، پەیوەندییەکی سەنتراڵییە و قورسایی کارکردنی (مەریوان وریا قانع)ە لەسەر ئەم شاعیرە.

**سەرنجێک:**

* (ئەم نووسینە بەشێکە لە کتێبێکم لەسەر حاجی قادری کۆیی. بە بۆنەی یادی دووسەد ساڵەی لەدایکبوونی، پێم خۆش بوو بەشێکی کەمی کتێبەکە لەم یادەدا بڵاوبکەمەوە).

# کتێبەکان بسووتێنن

ناسر باباخانی

مێژووی سووتاندنی کتێب دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە مرۆڤ بۆ یەکەمجار دەستی بە نووسین و وەشانی پەڕتووک کرد. دیارە سووتاندنی کتێب بەرلەوەی وەک کردەوەیەکی فیزیکی سەیر بکرێ، لەڕاستیدا بیانوویەکە بۆ سەرکوتی بێ بەزەییانەی هەر چەشنە بیر و هزرێکی جیاواز و دەرئەنجام کوشتنی مرۆڤەکان. دەکرێ بڵێین سووتاندنی کتێب وەک هێمایەک، وەک ئیمارژێک بودریار گوتەنی بووەتە بیانوویەک کە مەبەستی واقیعی و سەرەکی واتە فەوتاندنی بیر و هزر و لە هەمان کاتیشدا کوشتنی لەخۆدا حەشارداوە. ئەوەی فەرمانی سووتاندنی کتێب دەردەکا، مەبەستی تەنیا سانسۆر نییە، مەبەستی تەنیا پێشگیری لە دەربڕینی بیروڕای جیاواز نییە، بەڵکوو ڕێک مەبەستی کوشتن و فەوتاندنی ئەو مرۆڤانەیە کە جیاواز بیردەکەنەوە. هاینریش هاینێ، شاعیری ئاڵمانیی سەدەی هەژدە ڕاستی دەگوت: لەو شوێنەی کتێبەکان دەسووتێنن، دواجار مرۆڤەکانیش دەسووتێنن. مێژووش ئەوەی سەلماندووە کە سووتاندنی کتێب سەرەتایەکە بۆ کوشتنی مرۆڤ.

هێرشی سیستماتیکی داگیرکەران وەک هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی، مەغۆلەکان، عەرەب، سوڵتانی غەزنەوی و...هتد بۆ سەر وڵاتانی دیکە، لەگەڵ ئەوەدا کە کتێبخانەکانی ئەم وڵاتانەی دەکردە ئامانجی خۆی، ڕێخۆشکەر بوو بۆ هۆمۆجینسازی (Homogenization) و داسەپاندنی فەرهەنگی لەشکری داگیرکەر. ڕەنگە نموونەی بەرچاو سووتاندنی کۆگاکانی کتێب لە ساڵی 1933 بێ کە لەلایەن ئاڵمانیای نازییەوە زیاتر لە 25000 کتێبیان کردە دەستەچیلەی ئاگر بە بیانووی ئەوەی ئەم کتێبانە فاسیدن و بیری لاوانی ئاڵمانی بە لاڕێدا دەبەن!



بەگشتی دەکرێ بڵێین لەناوبردنی بەرهەمە فەرهەنگییەکان بەشێوەیەکی کۆنترۆڵنەکراو وەک سووتاندنی کتێب دەچێتە خانەی ڤەندالیزم (Vandalism) ەوە. بەڵام ئەم ڤەندالیزمە کاتێک خۆی بە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتەوە تەیار دەکا، ئەوەندەی دیکە مەترسیدار دەبێ.

بەم دواییە وتاربێژی نوێژی هەینیی تاران لەڕێی ئەو مینبەرە فەرمییەی حکوومەتەوە هۆشداریی دایە بەڕێوەبەرانی پێشانگای نێونەتەوەیی کتێبی تاران و گوتی: ئەگەر گەنجێک کتێبێکی (فاسید) بکڕێ و بیباتەوە ماڵێ و بەهۆی ئەوەوە خوشک و برا و دایک و بابی بە لاڕێدا بەرێ، ئێوە بەرپرسان تا ڕۆژی قیامەت لەژێر غەزەبی ئیلاهیدا دەبن! ئەمە ڕێک لە وتەکانی گۆبێڵز، وەزیری پرۆپاگەندەی ئاڵمانی نازی دەچێ کە لە ڕێوڕەسمی سووتاندنی کتێبدا، باس لە کتێبی فاسید دەکا. ئەم دوو ڤەندالیزمە ئەگەرچی بە دوو ئاراستەی ئایدیۆلۆژیکی جیاوازدا دەڕۆن، بەڵام دواجار یەک بەرهەم بەدووی خۆیاندا دێنن، سووتاندنی کتێب و سووتاندن و ئیعدامی مرۆڤەکان. هەر لەم ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بوو کە لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی بە ماڵان وەردەبوون و هەر ماڵێک کتێبی کوردی یان چەپی هەبووایە، خاوەنەکانیان ئیعدام دەکرد. لەم پنتەدا مەلا و نازی یەکدەگرنەوە: کابرای نازی بە سووتاندنی کتێب و دواتر سووتاندنی مرۆڤ، مەلاش بە قەدەغەی کتێب و دواتر ئیعدامی مرۆڤ! نموونەی لەم چەشنە لە کۆماری ئیسلامیدا زۆرن، کۆتایی ساڵی 1384ی هەتاوی لە زەمانی دەوڵەتی نۆهەمدا بوو کە بڕیار درا کتێبە پەیوەندیدارەکان بە ژن و پرسی ژن لەناوببرێن! ترسی ئەم حکوومەتە ئایدیۆلۆژیکانە لە کتێب خەوی لە چاوی سیستم زڕاندووە. ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی هەرە زۆری چاوپێکەوتنەکانیدا هۆشداری داوەتە بەرپرسانی حکوومی کە وریای نفووزی فەرهەنگی بن، هەر سەرەتای نەورۆزی ئەمساڵ بوو کە وەک هەمیشە باسی لە دڵەڕاوکێ فەرهەنگییەکانی خۆی کرد و دیسان هۆمۆژێنی فەرهەنگی هێنایە گۆڕێ.

دیارە ستراتیژی کولتووریی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆژیک دامەزراوە و بەدەر لەم چوارچێوەیە، هیچ پلۆرالیسمێکی فەرهەنگی بوونی نییە. چاوپێخشاندنێکی خێرا بەسەر کتێبەکانی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن هەر لە سەرەتاییەوە تا زانکۆ، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە هۆمۆژێنسازیی فەرهەنگی کۆڵەکەی کولتووری ستراتیژیکی ئەم وڵاتەیە و بۆ گەیشتن بەم مەبەستە لە هیچ کردەوەیەک ناپرینگێتەوە، ئەگەر ئەمڕۆ وتاربێژی هەینی تاران داوای قەدەغەکردنی کتێب دەکا، دوێنێ بنیاتنەری کۆماری ئیسلامی فتوای کوشتنی نووسەری دەردەکرد. ئەوان داوا دەکەن کتێبەکان بسووتێنن تا خۆیان بمێننەوە!

# سزا و ئەشکەنجە لەسایەی ئیسلامدا



حەمەسەعید حەسەن

(1)

حەججاج لە ساڵی 40ی کۆچیدا لە تائیف لە دایک بووە و لە سەردەمی خەلافەتی عەبدولمەلیکدا لە شام گیرساوەتەوە. یەکەم جار وەک پۆلیس دەستبەکار دەبێت و هەر زوو توانای خۆی نیشان دەدات، بۆیە خەلیفە وەک فەرماندە بە لەشکرێکی گەورەوە، بۆ دامرکاندنەوەی بزووتنەوە جوداخوازییەکەی ئیبن زوبێر، بۆ حیجازی دەنێرێت. ئیشەکە وەک پێویست جێبەجێ دەکات، حیجاز بە ملکەچی بۆ بن دەستی ئومەوییەکان دەگەڕێنێتەوە. حەججاج بەوە ناسراو بوو کە ئیشێکیان پێ دەسپارد، بێ گوێدانە هیچ پرەنسیپێک جێبەجێی دەکرد، بۆیە کە ئیبن زوبێری لە کەعبەدا گەمارۆ دا، کەعبەی پیرۆزی مەنجەنیق باران کرد و ڕووخاندی بە سەریدا. دەڵێن لە کاتی ئەو شەڕەدا، بارانێکی زۆر دەبارێت و برووسکە لە لەشکرەکەی حەججاج دەدات، خەڵکی ئەو باران و برووسکەیە، بە کاردانەوەی خوا لە بەرانبەر پەلاماردانی کەعبەدا لێک دەدەنەوە، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر بارانی غەزەبی خوا بەسەر لەشکرەکەی ئیبن زوبێریشدا کە هانایان بۆ کەعبە بردبوو، دەبارێت و برووسکە لەوانیش دەدات.

دوای ئەو سەرکەوتنە، عەبدولمەلیک، حەججاج دەکاتە والیی حیجاز، دواتر دەیکاتە والیی عێراقیش کە ئەو وەختە بایەخێکی زۆری دەبێت، ئیدی ئەویش تەواو وەک خەلیفە، دەبێتە ئیمپراتۆرێکی دیکە و بە خوێناویترین شێواز بەرەوڕووی بەرهەڵستکاران دەبێتەوە. حەججاج کە یەکێک بووە لەو جەللادانەی چێژیان لە کوشتن وەرگرتووە، یەکەمین گوتاری وەک والیی عێراق، لە مینبەری مزگەوتی کووفەوە، دەنگێکی زۆر دەداتەوە کە تێیدا دەڵێت: (هەندێک سەر دەبینم پێگەیشتوون و وەختی لێکردنەوەیان هاتووە.) حەججاج گوتاربێژێکی باش دەبێت، لەو بارەیەوە حەسەنی بەسری گوتوویەتی: (هەر کە گوێبیستی دەبم، شکم بۆ ئەوە دەچێت، خەڵکی عێراق ستەمیان لێ کردبێت.)

حەججاج هەر جەللادێکی کەموێنە نەبووە، لەوەیشدا دەگمەن بووە کە بە زمانێکی شیعری بانگەشەی بۆ ستەم و خوێنڕشتن کردووە.

حەججاج بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی، سوودی لە ئەزموونی زیاد بن ئەبیە، کە ئەویش جەللادێکی بەدناو بووە، دەبینی. ئەنەسی کوڕی مالیک کە یاوەرێکی پەیامهێن بووە، بە حەججاجی گوتبوو، (توندترین سزا کە موحەممەد جێبەجێی کردبێت، ڕووداوەکەی عەرەنییەکان بووە. عەرەنییەکان کۆمەڵێک دەبن، دێنە لای پەیامهێن و خۆیان وا پیشان دەدەن، هاتوونە سەر دینی ئیسلام، وەلێ لە گەڕانەوەدا شوانێک دەبینن کە پەزی پەیامهێن دەلەوەڕێنێت، دڕندانە دەیکوژن، سووکایەتی بە تەرمەکەی دەکەن و تەنانەت دڕکیش لە چاوی دەچەقێنن. موحەممەد هێزێک بۆ ئەو گرووپە دەنێرێت، چییان لە شوانەکە کردووە، بە هەمان شێوە تۆڵەیان لێ دەکرێتەوە.)

حەججاج هەر کە ئەو ڕووداوە دەبیستێت، لە گوتاری نوێژی هەینیدا دەڵێت: (پێتان وابوو من بە توندی خەڵک سزا دەدەم، فەرموون ئەوە ئەنەسی کوڕی مالیک کە ئاگاداری ئەوەیە، پەیامهێنی خوا، سڵی لە بڕینی دەست و قاچ، لە کوێرکردنی چاویش نەکردووەتەوە و تاوانبارەکانی لەبەر هەتاو جێ هێشتووە، تا گیانیان دەرچووە.) دەڵێن دوای ئەو گوتارەی حەججاج، ئەنەس گوتوویەتی: (بریا مردبام و ئەو ڕووداوەم بۆ نەگێڕابایەوە.) ئەنەس دواتر زاتی ئەوەیشی نەکردووە، بڵێت: ئەوەی پەیامهێن، سزای سیاسی نەبووە، تۆڵە بووە، لەبەر ڕۆشنایی ڕێسای چاو لە بری چاو و ددان لە بری دداندا. هەر ئەو وەختە (حەسەنی بەسری) یش سەرکۆنەی ئەنەسی کردووە کە نەدەبوو ئەو بەسەرهاتە بۆ حەججاج بگێڕێتەوە.

ئەو شێوازە سەرەکییەی حەججاج بۆ سزا ڕەچاوی دەکرد، بریتی بوو لەوەی قوربانییەکانی کە سەد هەزارێک دەبوون، بە شێنەیی بکوژێت. لە ئیسلامدا تەنیا مەگەر ئەبوو موسلیمی خوراسانی، لە بواری ڕەشەکوژیدا لە حەججاجی تێپەڕاندبێت. ئاخر قوربانییەکانی دەستی موسلیم، لەسەروو سەد هەزاریشەوە بووە. عەباسییەکان یاخیبوویان دەستگیر کردبا، لەسەر ئاگرێکی هێمن، تا مردن دەیانبرژاند. حەججاج قوربانیی ڕووت دەکردەوە، بەسەر قامیشی لەتوپەتکراودا ڕایدەکێشا، دواتر دەینارد بۆ سەربڕین. حەججاج دڕندەیشی بەر دەدایە قوربانی، دەستی ڕاستی دزێکی کە (جەحدەر)ی ناوبووە، بەستبووەوە، شمشێرێکی دابووە دەستی چەپی و شێرێکی تێ بەردابوو، دزە شێرەکەی کوشتبوو، ئیدی ئازاد کرابوو.

حەججاجیش وەک زیادی بن ئەبیە، دەستی لە کوشتنی ژنیش ئەگەر سەر بە بەرهەڵستکاران بووایە، نەدەپاراست و دەیکوشت. حەججاج کەسوکاری بێ تاوانی قوربانییەکانیشی سزا دەدا، سزایەکی توندی ئەوە بوو، سەربازگەی بۆ لەشکرەکەی ڕۆ نەدەنا، سەربازەکانی بەسەر ماڵاندا دابەش دەکرد، ئەوەیش هۆکارێکی گرینگ بوو، بۆ بەرپابوونی ڕاپەڕینێک بە سەرکردایەتی (کوڕی ئەشعەس) کە عێراق و خۆرهەڵاتی عێراقیشی گرتەوە. حەججاج لە کووفە زیندانێکی بێ ژوور و بێ بنمیچی ڕۆ نابوو، دەیان هەزار ژن و پیاوی تێ فڕێ دابوو.

حەججاج هەر پرۆژەیەکی هەبووایە، بە زۆرەملێ و بێ کرێ بە جووتیارانی دەکرد. کە جووتیار لەتاو بێگاری، گوندی جێ دەهێشت و لە شار دەگیرسایەوە، حەججاج بە زۆر بۆ گوندی دەناردەوە، ئەمەیش هۆکارێکی دیکە بوو، بۆ ڕابوونەکەی کوڕی ئەشعەس. لە سەردەمی دەسەڵاتی حەججاجدا، ئەگەری ئەوە هەبوو، هەموو کەسێک لە سزای ڕەوتارێکیدا کە بە دڵی والی نەبووایە، بگیرێت، دوور بخرێتەوە، یان بکوژرێت. حەججاج بە هۆشیارییەوە کاری بۆ ئەوە دەکرد، کەسانی ئازاد و بوێر و بەتوانا زەلیل بکات و ڕقێکی زۆریشی لە شاعیران بوو. حەججاج هەر ستەمی لە ئینسان نەدەکرد، لە ئاژەڵیشی دەکرد، زوو زوو هەڵمەتی سەگکوشتنی ڕادەگەیاند، ئاخر لە هەر وڵاتێک ستەم لە ئینسان بکرێت، لە ئاژەڵیش دەکرێت.

سەعید کوڕی جوبێر زانایەکی ئایینی بەرەچەڵەک خەڵکی حەبەشە بوو، لە کووفە دەژیا، دوای تێکشکانی ڕابوونەکەی کوڕی ئەشعەس لە مەککە گیرسابووەوە، لەوێ دەیگرن و بۆ حەججاجی دەنێرن، ئەویش لە واسیت دەیکوژێت. دەڵێن سەعید بەر لەوەی بکوژرێت، گوتوویەتی: من ئاخر قوربانیی دەستی حەججاج دەبم، ساڵێک دواتر حەججاج لە تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵیدا دەمرێت، لە سەرەمەرگدا، بەدەم وڕێنەوە دەڵێت: ئاخر من هەقی سەعیدی کوڕی جوبێرم چی بوو؟ ئەگەری ئەوە هەیە، هەم دوا قسەکەی سەعید و هەم وڕێنەکەی حەججاج، بەرهەمی خەیاڵی میللی بن.

26ی ئایاری 2016

(1)هادي العلوي، من تأريخ التعذيب في الإسلام، دار المدى، الطبعة الخامسة 2014 بغداد.

# ژانی پێنجەم لە چواری یەکەمدا

سولەیمان سۆفی ساڵحی

ئارام
سەرت بنێ بە سینگی ئەم شیعرەوە
ژانی شەکانەوەیەک
بسک بە بسکی
ئەم دێڕانە دەهۆنێتەوە بە شین

لە هەوێشقی ئاسماندا
زایەڵەی خەفەقانێکی سوورە
کە خەیاڵی سەوزی فریومان
سپی سپی
باڵەبانە زەردەکان دەپێکێ

بە ژانی یەکەمەوە
ئاوس دەکەم ئەو سوژدانەی
هێمای بەرد بوون
بە شاخە پەڕەوازەکانی ئەم یاڵەدا .
لە دوورەوە
کە جوگرافیات دەستێکی چەپە
بە ئەنیشکی نیشتمانەوە
زریکەی زام
بە هەنگاوە هەڵوەداکانت
شەقامەکانی هەڵدەپریواند و
ئاواتە خەساوەکانی
بە لۆرە لۆر
دەژەنی .

ئەی داوێنە خوێناویەکەی هەورامان
تۆ کە بەرامەی سێو
قاشی لە تەمەنی گەنجانت دەکردەوە
حەیرانی لە حەنجەرەی کۆڵانەکانت
دەساند
مەمێنەوە

بە کەناری ئەم وشانەدا سەرکەوە و
سەرت بنێ بە سینگمەوە . . .
بە ژانی دووهەمەوە
کە پاییزە بە بەژنی بەهاردا
لەشی زستان هەڵدەکێشم
چ مەقامێک بوو لە سارانی ئەم
خەزانەدا
بۆ سڵاوی
کۆیلەکانی ئەم هەوارە
چ وەریوانە دارستان هێلانە بوو
بە گوڵاڵەی دەربەدەردا
کە ڕما بوو
بە ڕنووی چارەنووسی ڕەشەمەوە
بڕوا مەکە
کە جوگرافیات لە سینگمدا تۆمارە
کلوەکانن
هێدی هێدی
بادەوەیان بە ڕواڵەتی بسکەوە
ناهۆننەوە ئەم هەنگاوە خەساوەی
کە چارەنووسێکی سووتاون
لە لاواندا !

غەریبانە بەزەییم بە ئێرەدا دێ
وا نەتەوەییەکە
ڕژاوتر لە خوێن
تەڕتر لە باران
چما کانیلەی نشێوە
بە ڕنووی هەورازەکانی شاخەوە
کە دارستان لە کتێبی گەڵادا باسی دەکا !

لە ژانی سێهەمەوە
هەڵدەگرمەوە ئەو بزانەی
لە چاڵی گۆنای جێژوانەکانا
بەجێ ماون

هەر لە حەسرەتی ئەو ئەوینە قەتیسانە
هەموو ڕەگەزەکان با شەو بن
بە تەمای ئەنگووتنەوە .
دەخیلی تابووتی هەموو چرپەکانتان بێ
ئەم شیعرەم
عەوداڵی ئەنگوستی ژاکاوتان بێ
ئەو گوڵانەی
لە لەپی دەستمدا کەرویشکە دەکەن .
تەنیا
تەنیا
دەکرێ بڵێم
پاشمەرگەی ژیانی ڕاوەشاوتان بوو
ئاڵای هەور و
ئەیلوولی بەرەو چرۆ . . .

ژانی چوارەم
هەژینێکە بە زریکەی هەنیسکەوە
لە ئەنرێشەی مەڵەغانێک
بە تامی دوورینەوە
تا خەباتێکی سپی
بە ڕەنگی بیست و یەکەوە . . .
هەموومان مێژوویەکە کازیوەین
لە ڕۆژئاوای
جگەرەیەکی بەرەنگاردا
کە
دڵۆپ
دڵۆپ
باران بە سیفەوە دەکەن و
شەپۆل دەبرژێنن !
من بەسەرهاتێکی تاریک دەناسم
شەهیدێکی سەوز ئێستامەوە
چەکێک کە سەنگەرەکان دەلێسێتەوەو
جەستەی فیشەکێک
کە بۆنی هەڵۆکانی

ئارێبا دەدا . . .
لەم تاریکەسەلاتەوە چەخماخەم بە
بە هاوارێکی کەڵەگەتدا
با شار شکۆی هەسارەکان داگیرسێنێ و
باڵەخانەکان
بە سیمای هەڵبەزیوی کۆترەکاندا
بەڕۆژ بینەوە
کە کەمەری کۆماری کۆچەرەکان
لە گوانێکی مەییودا ئاوارەیە . . .

ساڵگارێکە بە شەرای مەرگەوە
چەمەری ئەم شەخرە بەستووانەین
بە جادەیەکی پەمەیی و
گریانێکی هەرمان لە ڕێدا !
ئەمەیە بارینی
ئەو تەپکانەی بەرامەی خۆر دەدەن
لە سنووری نەفاساتا . . .

هەنووکەش
هەمیشەی ئێستام !
لە سووچی پارکێکی مرخن
بە گۆشەنیگای جیهانێکدا
جگەرەیەکی ماندوو
کارتۆنێک بە یادی یااااا
ژوانی ژانی هەمیشەمە و
پەنجەیەک کە جمەی دێ لە مندا
بەردەوام خەیاڵی بان و نان و هەنار
چوار و یەکیەتی و
لە حەقایەتی ئاڵادا
نیشتمان
کۆچ دەکا !

2015/5



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# ئەمینداری هەمیشەیی

وەک بڵێی پۆستی ئەمینداری یەکگرتوو هەر بەڕاستی لە دەستی بەڕێز سەلاحەدین بەهائەدینەوە چووبێتە لای ڕێزدار محەممەد فەرەج، وا ئێستا لە ئاهەنگێکدا کە پتری سەت هەزار دۆلاری تێدەچێ، ئەمینداریییەکەی دەدەنەوە، ئاخر هەر لەگەڵ دەوامکردنی فەرەج لە شوێنی ئەمیندار، سەرجەم جومگەکانی دەسەڵاتی یەکگرتوو لە بن دەستی ئەمینداری بەئەمانەت دەرهێنران، پارە کە پێشتر لای بەڕێز سەلاحەدین بەهائەدین بوو، لای ئەمینداری نوێ نەما، دەڤەرەکان دروستکران و یەکگرتوو کە دەبووایە یەک بێ، بوو بە سێ چوار یەکگرتوو، ناوەندی بڕیار هەندە خورد کرایەوە کە ئیدی ئەمیندار هەر لە باشترین دۆخدا قائیم بە ئەعمالی ئەمیندار بوو، هەر تەشریفاتی بۆ مایەوە و تەشریفاتیش لە کولتووری حیزبی کوردیدا دەکاتە چا خواردنەوە و عەیب نەبێ خەیارخواردن، ئاخر کورد تا ئێستا وەک میوە، مامەڵە لەگەڵ خەیاردا دەکات.

بەوەدا هەر یەکەم کاری کۆنگرە نمایشکارانەکەی یەکگرتوو، هەڵبژاردنی ئەمیندار بوو، هیچ بەدووری نازانم جەنابی ئەمینداری هەمیشەیی، پەیڕەوی سیاسی و ئابووری و ڕێکخستنی ناو یەکگرتوو بەگوێرەی ویستی خۆی بگۆڕێت.

خودای یەکگرتوو شایەتە، چەند باوەڕم بە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی نێوان ئەردۆغان و داودئۆغڵو هەبوو، هەر ئەوەندەش بەوەی نێوان مامۆستایانی یەکگرتوو، خودای سایت تەیب ئەردۆغان و مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین شایەتە، چەند باوەڕم بە دەست لەکارکێشانەوەی یەکەمیانە، هەر ئەوەندەش بەوەی دووەمیان، ئەی مەگەر دووەم، قوتابیی هەمان مەدرەسەی ئەوەی یەکەم نییە؟!

ڕێزدار محەممەد فەرەج دەشێ خاوەنی درێژترین ناونیشان بێت لە مێژوودا، پۆستی بەڕێزیان بریتییە لە: قائیم بە ئەعمالی ئەمینداری پێشوو، کاندیدی کشاوە لە هەڵبژاردنی پۆستی ئەمیندار و پەشیمان لە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی. ئەو لە گوتاری کشانەوەکەیدا دەیگوت ئەم کەرنەڤاڵەی یەکگرتوو ئەنجامی دەدات هەموو جیهان دەهەژێنێت، جا تۆ لەوە گەڕێ ئەوە تەنیا کورسییەکەی ئەو بوو نۆ پلەی ریختەر هەژا، فەقە ئەوەی کرا نە کۆنگرە بوو نە کەرنەڤاڵ، لە باشترین دۆخدا دەکرێ بڵێین ئاهەنگی پەشیمانبوونەوەی مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین بوو لەو هەڵە مێژووییەی کردی، ئەو وازهێنانەکەی مێژوویی بوو، گەڕانەوەکەشی مێژووییە، پێدەچێ خۆی هەر بیلادی پیاوێکی مێژوویی بێت و تەواو.

ئەو قسەیەی دەڵێ لە کوردستاندا پێنج حیزبی سەرەکیی هەیە پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو، ئەوە ڕستەیەکی ئەندەنووسییە، ئەگەر بیکەی بە کوردی واتای ئەوەیە هەرچی ناوی حیزبی کوردییە لە یەک شەرواڵدایە، ئاخر وەک چۆن ئیتر هەر کۆنەگۆڕانخوازێک ئەگەر هەندۆکەک شەرمی بەخۆی بێ نابێ باسی گۆڕانکاری بکات، ئاوهاش هیچ یەکگرتوویەک نابێ ئیدی چەرمی ڕووی هێندە قایم بێ باسی دەستاودەستی دەسەڵات بکات. ئاخر گۆڕان ئەگەر باوەڕی بە گۆڕانکاریی بووایە، نەدەبووە هاوپەیمانی ئەو حیزبەی گوایە لەسەر گەندەڵی لێی جودابووەتەوە، یەکگرتووش ئەگەر مەیلی لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات بووایە، ئەمینداری هەمیشەیی دانەدەنا.

ڕاست دەوێ لە کوردستاندا تاقە شت کە دەستاودەستی پێدەکرێ عەقڵی عەوامە، ئەوە خەڵکن لەم کۆمیدیا بۆ ئەو گاڵتەجاڕی دەستاودەستیان پێدەکرێ، دەنا سەرۆک و سکرتێر و ئەمیندار و ئەمیر و ڕابەر، هەر دەمێنن تا سەر.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# دڵنیاکردنەوەی بارزانی

قسەیەکی باو هەیە دەڵێت (دەستنیشانکردن نیوەی چارەسەرە)، ئەمە ئەگەر لە بنەڕەتدا بۆ بواری پزیشکی گوترابێت، بەڵام بۆ زۆر بواری دیکەی ژیانیش هەر راستە. تا لە کێشەیەک تێنەگەیت ناتوانی چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە.

بەشێکی زۆری کێشە هەڵتۆقیوەکانی وڵاتی ئێمە، پەیوەندی بە لەبەرچاونەگرتنی حەقیقەتێکی تاڵەوە هەیە کە پەیوەستە بە کۆمەڵگەی کوردی و ژیانی سیاسی لە کوردستان. ئەویش نەبوونی "متمانەیە" بەیەکتری. هۆکارگەلی زۆریش هەن بۆ ئەو بێمتمانەیییەی لەنێوانمان هەیە و ڕەنگە بەشێکی لە بنەڕەتەوە پەیوەندی بە جۆرێک لە فرۆفێڵ و تەڵەکەو ملشکاندنی یەکترییەوە هەبێت کە بەداخەوە ئەم دیاردەیە لەناو شۆڕشەکانی ئێمەدا بەردەوام ئامادەیی هەبووە.

ئەو بێمتمانەییە سەرچاوەی ترسێک بووە لە رابردووەوە بۆ ئێستا و داهاتوو، ترس لە زاڵبوونی هەیمەنە بەسەر یەکتریدا، زاڵبوونی هەیمەنەش سەرچاوەی ترسێکی گەورەتر بووە لە سڕینەوە و پاکتاوی یەکتری. بۆیە هەموو ڕێگایەک گیراوەتەبەر بۆ ڕێگری لە سەپاندنی هەیمەنە، هەموو ئامرازێک بەکاربراوە بۆ راگرتنی هاوسەنگی.

لانیکەم لە ساڵی 1964وە، ئەوە سەرچاوەی زۆر لە کێشەکانی کورد بووە، لەو پەنجا ساڵەدا خەڵکی کوردستان قوربانیی زۆریان بەو هۆیەوە داوە، دەرفەتی زۆریش لەدەست میللەتەکەمان چووە کە هەر ئەوە هۆکارەکەی بووە. ئێستاش بەدەست ئەو پەتایەوە دەناڵێنین و ئاسۆیەکی دڵخۆشکەریش نییە داهاتوومان لە ئێستا باشتر بێت لەو ڕووەوە.

نەبوونی متمانە لەنێوانمان سەرچاوەی شەڕی براکوژیی نێوان هێزە کوردییەکان بووە، ئەگەر تاوانەکانی جینۆسایدی لێدەرکەین، ئەوەندەی بەدەستی یەکتر کوژراون، نیو هێندە دوژمنانمان لێی نەکوشتووین. ئەو ناکۆکی و لێکترازانە سیاسی و چەکداریانەی لە شۆڕشدا روویانداوە، ئەوەندەی بەهۆی نەبوونی متمانەوە بووە بە یەکتر، نیو هێندە لەژێر کاریگەریی سیاسەتی دوژمنان و دەستی ناحەز و نەیارانماندا نەبووە.

ئێستاش هەر واین، بێ متمانەیی وایکردووە گومانمان لەهەموو شتێک هەبێت، تەنانەت لە هەنگاو و لە دەستپێشخەری و لە کاری باشیش بەگومانین. تا ئەوەش چارەسەر نەکەین، ناتوانین پەیوەندییەکی دروست لەنێو ماڵی کوردی دروست بکەین. تا ئەو گومانە نەڕەوێنینەوە ژینگەیەکی دروست بۆ ژیانی سیاسی لە کوردستان فەراهەم نابێت.

مێژووش ئەوەی بۆ سەلماندووین تا ئەو راستییەمان لەبەرچاو گرتبێت، دۆزی ڕەوای میللەتەکەمان چووەتە پێش و هەرکاتیش بێ باک و بێ دەربەست بووبین، زیانی گەورە بەر شۆڕش و میللەتەکەمان کەوتووە.

ژیانی سیاسی لە کوردستان بەو جۆرەیە، چەندین ساڵ شەڕی براکوژی درێژەی پێدراوە، هۆکارەکەی قبوڵنەکردنی یەکتر بووە، ئەویش سەرچاوەی لەو گومانەوە گرتووە کە زاڵبوونی هەر لایەک لەسەر ئەوی دیکە، یەکسانە بە سڕینەوە، نەک پێکەوە هەڵکردن.

تەنانەت لە دۆخی دوای شۆڕش و لەژیانی پەرلەمانی و ئیدارەی حوکمڕانیشدا هەمان دۆخ بەرجەستە بووەوە، سەرچاوەی حوکمی پەنجا بە پەنجای پارتی و یەکێتی، بەهۆی وەکیەکیی ڕێژەی دەنگەکانەوە نەبوو، بەڵکوو ترس بوو لە هەیمەنەی یەکتری. بۆ ڕێگری لە سەرلەنوێ بەرپابوونەوەی شەڕی براکوژی، راگرتنی ئەو هاوسەنگیە زامنی پێکەوەیی بوو.

لە هەر بارودۆخێکیشدا هەست بە لاسەنگی ئەو هاوکێشەیە کرابێت، هەمان مەترسی دروست بووەتەوە. مام جەلال و کاک مەسعود باش لەو حەقیقەتە گەیشتبوون، بۆیە لە نزیک بە دوو دەیەی رابردوودا ئەو هاوسەنگیەیان کردە هەوێنی پێکەوە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی کە ڕێککەوتنی ستراتیژی بەرئەنجامەکەی بوو.

چەند ساڵێک هەر یەکەیان لە دەوروبەرەکەی خۆی و لە حیزبەکەی خۆیەوە خەریک بوون تا کورد لە بێمتمانەییەوە بچێتە قۆناغی دڵنیاییەوە. بە تایبەتی مام جەلال جوهدی زۆری کرد و لەو پێناوەدا قوربانیی گەورەی دا، ڕەنگە هێشتا خەڵکانێک هەبن وەک چۆن لە کاتی خۆیدا تانەو تەشەریان لێدەدا و بە سازشکار و نواندنی نەرمییان دەزانی، ئێستاش لە هەوڵەکانی مام جەلال نەگەیشتبن، بەڵام ئەزموونی رابردوو ئەوەی سەلماند کە بەرهەمی ئەو هەوڵانە چی بوون.

تەنانەت کاتێک بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی جیابوونەوە و بزووتنەوەی گۆڕانیان دروستکرد، تاڵەبانی و بارزانی نەیانهێشت ئەم هاوسەنگیە تێکبچێت، لە کاتێکدا لەو دۆخەدا جیاوازیی دەنگ و پێگە و جەماوەری پارتی و یەکێتی زۆر لێک دوور بوون. ئەوکات لەسەر حسابی دەنگ و جەماوەرەکەی پارتی، ئەو بۆشاییە لە دەنگ و جەماوەری یەکێتی پڕکرایەوە و حکومەتیش درا بە یەکێتی نیشتمانی.

کاتێکیش واقیعی ناو یەکێتی و ناوچەکە وای خواست یەکێتی و گۆڕان لێک نزیک ببنەوە، کە کۆبوونەوە دووقۆڵیەکەی نێوان مام جەلال و کاک نەوشیروان کرا و بە (لێکگەیشتنی دەباشان) ناسرا، چەند ڕۆژێک دوای ئەو کۆبوونەوەیە، مام جەلال هەردوو جێگرەکەی و بەشێک لە ئەندامە کاریگەرەکانی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ خۆی برد و لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە و دڵنیایی دایە بارزانی کە ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان کار لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی ناکات. دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال، کاک نەوشیروان بە هەستکردن بەو بەرپرسیارێتیە هەمان ڕێگەی مام جەلالی گرتەبەر و چەندینجار بۆ دروستکردنی دڵنیایی ڕێگەی سەری ڕەشی گرتەبەر.

بەرهەمی ئەو لێکتێگەیشتن و هەستکردن بە بەرپرسیارێتییە، ئەو پێشکەوتن و دەرئەنجامانەن کە ئێستا جیهان چاوەڕێی چنینەوەیان دەکات بۆ کورد. لەبەرچاونەگرتنی ئەو پێویستیەش لە ژیانی سیاسی کوردستان ئەو ئەنجامانەی پارساڵی لێکەوتەوە کە ماڵەکەی شێواندووین.

ئەمە ئەگەر تاڵیش بێت بەڵام حەقیقەتە، سەرچاوەی کێشەکان ترسە لە هەیمەنەی یەکتری. بۆیە ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان کە هیواخوازین یەکگرتنەوەیانی لەدوابێت، پێویستی بە بڕینی قۆناغێکی دیکەیە کە ئەویش قۆناغی دڵنیاکردنەوەی بارزانییە. هەمووان لەدوای رووداوەکانی ساڵی پارەوە چاوەڕوانی موبادەرەی بارزانی بووین و بە هەموو پێوەرێک پێویست بوو ئەو رۆڵی سەرەکی ببینێت لە چوونەوە بۆ قۆناغی دڵنیایی، کە نەیکرد ئەمەش شانسێکی دیکەیە بۆ نەوشیروان مستەفا، بەتایبەت لەدوای ڕێککەوتنی لەگەڵ یەکێتی، ئێستا ئەرک و بەرپرسیارێتی جیاوازترە لەوەی بەتەنیا ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان بێت. بۆیە پێویستە کاک نەوشیروان گومانەکانی لای پارتی بڕەوێنێتەوە و هەوڵی دروستکردنی ئەو دڵنیاییە بدات کە هاوسەنگی لە کوردستان پارێزراو دەبێت.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# دوای سەد ساڵ، هەمان چاوەڕوانی

دوای سەد ساڵ لە دارشتنەوەی نەخشەی جەستە لێکهەڵوەشاوەکەی ئیمپراتۆریەتێکی نەخۆش، کورد هێشتا برینداری غەدرێکی مێژووییە کە بەدەر لە نەتەوەکانی دراوسێی، لە دەوڵەت بێبەش کرا و بە سنوورەکان شوناس و خاکیان پارچە پارچە کرد. بێ ئاگایە لەوەی کە تەنیا قەڵەمی سایکس و پیکۆ نەبوو خاک و میللەتێکیان لە میراتیی پیاوە نەخۆشەکەی دوای جەنگ بێبەش کرد، بێ ئاگا لەوەی کە نائامادەیی خودی کورد وەکو نەتەوە و پرۆژەی بەدەوڵەتبوون پێش پارچە پارچەکردنی لەنێو بەرژەوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، لەت لەتبوونی کورد لەناو دڵی خۆیدا هۆکاری نەبوونە دەوڵەتی بوو. کورد گلەیی لە سایکس- پیکۆ و شیوەن بۆ سیڤەرێک دەکات وەک شیوەنی بێهوودەی شیعە بۆ مەرگی حوسەین پاش بەتەنیا جێهێشتنی لەلایەن وەفادارەکانییەوە.

چوار سەدە پێش سایکس پیکۆ و سیڤەر و لۆزان، کوردستان بە پێشەنگیی کورد خۆی بۆ سوارەکانی سوڵتانی عوسمانی و شای سەفەوی، لەنێو سنوورەکاندا لەت کرا، کەچی تەنیا دوای سەد ساڵ کورد گلەیی و هاوار ڕووبەڕووی جیهانێک دەکاتەوە و داوای دووبارە دارشتنەوەی نەخشەیەکی سەد ساڵە و مافی خوراوی لێ دەکات کە دووکەڵ و گڕی ئێستای ناوچەکە و کارەساتەکانی نابینێت، ئیدی چ ویژدانێک سەدەیەک لە ستەمکاری و غەدر و خیانەتی بیر دێنێتەوە کە تێیدا جینۆساید و وێرانکارییە گەورەکان و جەنگە بێ کۆتاییەکان روویاندا و، نەوەکانی ئەم ناوچە گڕاوی و پڕ قەیرانانەی مەحکوم کرد بە سەدەیەک یەکدی کوشتن و یەکدی رەتکردنەوە و نەگونجان لە شوناسێکدا؟ دوای سەد ساڵ، تەنیا مێژوونووس و ئەکادیمی و سیاسییە خانەنشینەکان ئەو راستییە دەڵێن کە بێ دەوڵەتیی گەلێکی لەبیرکراو، سەد ساڵ جەنگ و نائارامی بە نەخشە دروستکراوەکەی سایکس- پیکۆ بەخشی، کەچی ئەفسوس هیچ دیپلۆماتکارێک دیار نییە ئەو نەخشەیە تێکبداتەوە و ئەمجارەیان بە قەڵەمی ویژدان دایڕێژێتەوە.

سایکس- پیکۆ بەسەر چوو، جارێک نەخشەی بەشێک لە جیهانی دارشت و دووبارە نابێتەوە. دوو دیپلۆماتی فەرەنسی و ئینگلیزی ویستیان لەگەڵ دابەشکردنی جەستەی پیاوە نەخۆشەکەدا، دنیایەکی ئارامیش دروست بکەن. ئەوان لەناو بیاباندا سنوورەکانیان کێشا تا بە ئارامی تێیدا بەرژەوەندیی رۆژئاوا فەراهەم بکەن. ئەوان هێڵەکانیان کێشا و دواجار لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس (1919)، لە هۆڵە ئاوێنە بەندەکەی کۆشکی ڤێرسایدا، لە چواردە بەندەکەی ویلسندا، لە پەیمانی سیڤەر و لۆزاندا، نەخشەکە بەپێی سەنگی ئەکتەرەکان دارێژرایەوە. ئایا بەڕاست سایکس- پیکۆ بۆ دنیایەکی ئارام بوو؟ دوای سەد ساڵ مێژوونووسی ئینگلیزی جێمس بار لە دوا کتێبیدا بە ناوی (سنوورکێشان لەناو لمدا) دەڵێت: "سایکس- پیکۆ ئاشتییەکیان داهێنا کە لە دەرئەنجامدا تەنیا جەنگی لێکەوتەوە، هەموو نەخشەکان بە شێوەیەک دارێژران کە ئەو ناوچەیە هەرگیز ئاشتی بەخۆوە نەبینێت".

بەڵام کێ ئەو نەخشە گڕاویانە جارێکی دی دادەڕێژێتەوە و کێ سنوورەکانی ناو لم تێکدەداتەوە؟ جارێکی دی چاوەڕوانی سایکس- پیکۆیەکی دی مەکەن، چاوەڕوانی کۆنگرەیەکی ئاشتیی پاریس و سیڤەر و لۆزانێکی دی مەکەن، ئەوەی نەخشەکان دەگۆڕێت لە ئیرادەی ئەکتەرەکانی ئێرەدایە. خۆر لەم ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێ و لە خۆرئاوا بزر دەبێت، چاوەڕوانی پێچەوانە مەکەن. بەندی دوازدەهەمی چواردە بەندەکەی ویلسن و بڕگەکانی 62-64ی سیڤەر، بەڵێن و هیوایەکیان بە چاوەهەڵهێنانی دەوڵەتێکی کوردی تێدا بوو، بەڵام ئەوەی خەونی کوردی لە لۆزاندا لەبار برد، نائامادەیی کورد خۆی بوو وەکو شوناس و پرۆژەی نەتەوە لە بەرامبەر ڕێنیسانس و ڕاچەنینی شوناس و پرۆژەی نەتەوەیی ئەوانی دیکەدا.

جەنەراڵی تورک، مستەفا کەمال پاشا، لەنێو داروپەردووی داڕووخاو و سەرە مەرگی ئیمپراتۆریەتی بزربووی خەلافەت و ئوممەی ئیسلامیدا، تاج و مێزەری سوڵتان فرێدەدات و پشت لە خۆرهەڵات، ڕێبەرایەتی نەوەکانی بە شەپقەی ئەوروپییەوە بەرەو خۆرئاوا دەکات و شوناسێک بۆ تورک دروست دەکات کە ڕێککەوتنەکانی سیڤەر و پەیمانی ئاشتی زیندە بەچاڵ دەکات و نەخشەکان بە سەرکەوتووەکانی جەنگ، دادەڕێژێتەوە. ئەو دەبێتە باوکی تورک و دوای سەد ساڵ وڵاتێک بۆ نەوەکانی جێدەهێڵێت کە ئێستا ئەکتەری سەرەکی و هەرگیز پشتتێنەکراوی دارشتنەوەی نەخشەکانی سایکس- پیکۆیە.

میرێکی جەنگ و رابەری خێڵە بەدووەکانی عەرەب، شەریف حوسێن (شەریفی مەککە) و هاشمیەکان، لەنێو سنوورەکانی لمدا، لە خاکە بەجێماوەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و میراتی خەلیفەکانی عەرەب، مەملەکەتێک بەدەست دێنێ و دەبێتە باوکی نەوەکانی وێڵ بوو بەدوای شوناسی عەرەبیدا کە دوای سەد ساڵ دەبێتە بکەرێکی سەرەکیی ئەگەری دارشتنەوەی هەر گۆڕانکارییەک لە نەخشەکانی سایکس- پیکۆدا.

پێش سەد ساڵ، ژەنەراڵێکی بزربوو لەنێو شوناسی کوردبوونی بە رەچەڵەک نەوەی خەندان و بابانەکانی سلێمانی و شوناسی عوسمانی و ئیسلامبووندا، ژەنەراڵ شەریف پاشا، بێ ئاگا لەوەی هاوڕێ ژەنەراڵەکەی، کە بوو بە ئەتاتورک و توانی کۆتایی بە سیڤەر بهێنێت و کەرامەتی تورکەکان لە دەوڵەتێکی تورکیدا بپارێزێت، بێ ئاگا لەوەی کە شەریفی مەککە وەک ڕێبەری خێڵە بەدووە شمشێربەدەستەکان لەناو لمدا مەملەکەتێکی عەرەبیی بەدەست هێنا، ئەم شەرمنانە تەنیا بە نامەیەکەوە لە دەرگای سیڤەر و لۆزانی دا و ئومێدی وابوو بە یاداشتێک سۆزی دابەشکەرانی ناوچەکە دەجوڵێنێ و ئاوڕێک لە کورد دەدەنەوە و دەوڵەتێکی پێ دەبەخشن و خۆیشی دەبێتە باوکی کوردان. بەڵام هەرگیز دەرگاکانی سیڤەر و لۆزان و کۆنگرەی ئاشتییان لێ نەکردەوە و خۆی و نەخشەی کوردستانەکەی بێ ئومێد لە دەرەوەی دەروازەکان مانەوە. نە ئەو توانی ببێتە باوکی کورد و ڕێبەرایەتی نەوەکانی بکات و شوناسی نەتەوەیەکیان پێ ببەخشێ، نە دوای سەد ساڵیش کورد توانی باوکی بزربووی خۆی بدۆزێتەوە کە بتوانێ ببێتە بکەرێک و لە دارشتنەوەی نەخشەکانی سایکس- پیکۆدا پشتی تێ نەکرێت. بۆیە دواجار ژەنەراڵی خانەنشین بێ هیوا لە ئایندە و پشتکردوو لە خەونەکانی، وەسێتی کرد کە دوای مەرگی تەرمەکەی بسووتێنن و سوتووەکەی فڕێ بدەنە دەریاوە، چونکە نە ئەو ساتە خاک و دەوڵەتێکی کوردی هەبوو لە باوەشی بگرێ و نە لە ئایندەشدا چاوەڕوانی دەکرد.

دوای سەد ساڵ، کورد هێشتا بەدوای باوکێکدا دەگەڕێت و پێویستی بە رابەرێک هەیە کە ئەو هەموو نەوە تۆراو و لێک جودا و برا دوژمنانە پێکەوە ئاشت بکاتەوە و لە جیاتی ڕێککەوتنە ستراتیژی و سیاسیە دوو لایەنییەکان کە دەرئەنجامەکەی سەد ساڵی دی دواخستنی خەونی دەوڵەتی کوردستانە، لە پرۆژە و شوناس و کردەیەکی کوردیدا کۆبکاتەوە کە لەم ساتەوەختەی ناوچەکە و گڕگرتنیدا داوای پێبەخشینی دەوڵەت نەکات، بەڵکو ئەکتەرێکی دروستکردنی دەوڵەت بێت و خۆی لە خاکی خۆیدا بەبێ چاوەڕوانی ئەوانی دی، بڵێ: من هەم، کەواتە من دەوڵەتم. دوای سەد ساڵ ئەمەو هیچی دی.



عەبدوڵڵا ڕیشاوی

# ململانێی عەلمانی و ئیسلامی لە یەکگرتوودا

کۆنگرەی حەوتەمی یەکگرتووی ئیسلامی سەرەتایەک بوو بۆ سەرهەڵدانی ململانێی "عەلمانی- ئیسلامی" لەناو خودی پارتێکی ئیسلامیدا، ئەویش دوای ئەوەی ئەبوبەکر عەلی نەک هەر خۆی کاندید کرد بۆ پۆستی کەسی یەکەمی ئەو حیزبە، بەڵکو بانگەشەی خۆکاندیدکردنەکەشی کۆمەڵێک ڕەخنەی بێ ڕەحمانەی ڕەق و توند و رادیکاڵ بوو لە یەکگرتووی ئیسلامی و بانگەشەکردن بۆ پرۆژەیەکی فیکریی جیاواز بۆ ئایندەی حیزبەکەی.

بێگومان نە ئەبوبەکر عەلی و نە ئەوانەش کە دەنگیان پێداوە، پێیان وانییە کە ئەوان لە چوارچێوەی عەلمانیەتدا ململانێی حیزبەکەی خۆیان کردووە، بەڵام بۆ هەر توێژەر و چاودێرێک ئەوە ڕوونە کە ئەوەی ئەبوبەکر عەلی بانگەشەی بۆ دەکات، سیاسەتکردنە بەشێوە سێکولار و دنیاییەکەی نەک بە شێوە ئاینی و ئیسلامیەکەی.

ئەبوبەکر عەلی خۆی دەڵێت "هەندێک بەمن دەڵێن مەشرەب عەلمانی، بەڵام ئەوان هەڵەن". لەڕاستیدا ئەبوبەکر عەلی یان خۆی هەڵەیە یان نایەوێ ئەو پێگە جەماوەرییە ئیسلامیە گەنجەی کە هەیەتی، لەدەستی بدات - ئەمەش تەکتیکێکی ژیرانەیە- بۆیە بە هەموو شێوەیەک وەسفکردنی بە تەوژمێکی عەلمانی یان سەرەتایەک بۆ بانگەشەیەکی عەلمانیانە بۆ کاری سیاسی ڕەتدەکاتەوە.

بەڵام بەشێوە فیکریەکەی عەلمانیەت لە رووی سیاسییەوە چییە جگە لە جیاکردنەوەی قەداسەتی ئاینی لە ئیشکردنی سیاسی، خۆ عەلمانیەت ڕەتکردنەوەی ئاین و بەهاکانی نییە، پارتی دیموکرات مەسیحی ئەڵمانی تەنانەت پاشگری ئاینیشی پێوەیە، کەچی ئەبوبەکر عەلی پاشگرە ئیسلامییەکە بە یەکگرتوو ڕەوا نابینێ!

دەمەوێت بڵێم ئەو پارتە ئەڵمانییە لەچوارچێوەی بەهاکانی ئاینی مەسیحی و بەهاکانی لیبراڵیزمی نوێ و دیموکراتیەت و باوەڕبوون بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، کاری سیاسیی خۆی دەکات.

ئەبوبەکر عەلی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پاشگری ئیسلامی لە یەکگرتووی ئیسلامی بکرێتەوە، لێرەدا دەبێ پرسیار ئەمەبێت: بۆچی ئەم پاشگرە لەم حیزبە بکرێتەوە؟ پاشان چەندین پرسیاری دیکە لەدوای ئەم پرسیارە، لە کۆتاییدا بە دووبارە دامەزراندنەوەی حیزبەکەمان دەگەیەنێت لەسەر بنەمایەکی فیکریی جیاواز، خۆ ئەگەر وانەبێت و ئەبوبەکر عەلی دان بەمەدا نەنێت، ئەوا ئەو گۆڕینە جگە لە گۆڕینێکی شکڵی شتێکی دیکە نییە.

هەرچەندە بەبۆچوونی من دەبوو ئەبوبەکر عەلی چ لەڕووی فیکری و چ لەڕووی تەکنیکیشەوە لە گۆڕینی ناوەڕۆکەوە دەستپێبکات نەک لە گۆڕینی ناوەوە، کە ئەمە لێرەدا بواری باسکردنی نییە، بەڵام ئەم گۆڕینە لەناودا بێگومان دەبێت سەرئەنجامەکەی گۆڕین بێت لەناوەڕۆکدا و ئەو گۆڕینەش لەڕووی فیکریەوە ناو و ناسنامەی خۆی هەیە و ناکرێت لە بۆشدا بمێنێتەوە.

ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی پاشگری ئیسلامی لێبکاتەوە بەڵام دەستبەرداری گوتارە ئاینییەکەی نەبێت، ئەوا هیچی نەکردووە جگە لە لێدان لە ناسنامەی راستەقینەی خۆی و چەواشەکردنی جەماوەرەکەی.

ئەگەر ئەبوبەکر عەلی هەموو پرۆژەکەی تەنیا لە لابردنی پاشگرێکدا کورت بکاتەوە، کەواتە ئەوەی ئەو داوای دەکات پرۆژەیەکی گۆڕانکاریی ریشەیی نییە، بەڵکو تەنیا مراوەغەیەکی تەکتیکییە کە یەکگرتووی ئیسلامی دووچاری فەوزایەکی فیکری و ونبوونێکی ناسنامەی دژوار دەکاتەوە و دواجار یەکگرتوو دەبێت بەو حیزبەی کەس نایناسێتەوە.

بەڵام بێگومان ئەبوبەکر عەلی لەپاڵ داوای لابردنی پاشگری ئیسلامی لە حیزبەکەی، دەبێت ئیش بۆ گۆڕینی دۆخی حیزبەکەش بکات لە حیزبێکی ئاینییەوە بۆ حیزبێکی مەدەنی، ئەوکاتیش هەرگیز ئەم دۆخە ئاینییەی ئێستای یەکگرتوو لە دۆخی نوێدا نامێنێت، ئەو دۆخە نوێیەش هیچ نییە جگە لە دۆخێکی سێکولار، واتە بێلایەن لەڕووی ئاینییەوە.

ئەزموونی ئاکپارتی و نەهزەی تونسیش کە کاروانی خەوی پێوە دەبینێت، هیچ نییە جگە لە قبوڵکردنی عەلمانیەت، ئەو عەلمانیەتەی لە تورکیا و جیهانی ئیسلامیدا بە عەلمانیەتی باوەڕدار ناسراوە.

لێرەدا هیچ چەندوچوونێک نامێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەوەی ئەبوبەکر عەلی لە کۆنگرەی یەکگرتوودا کردی، گواستنەوەی ململانێی عەلمانی ئیسلامی بوو بۆ ناو خودی ماڵی پارتە ئیسلامییەکان و داکوتینی یەکەم بزماری بەعەلمانیکردنی کاری سیاسی بوو لەناو پارتێکی ئیسلامیدا. پێموایە زەمەنیش لە بەرژەوەندیی ئەم جۆرە ئیشکردنە دەڕوات، جا بەناوەکەی بێت یان بە ناوەڕۆکەکەی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕوداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کێ محەممەد فەرەجی لابرد؟

1

لـەو چەنـد ڕۆژەی کە کۆنگـرەی حەوتەمی یەکگرتـووی ئیسـلامی بەڕێوەچوو، شـرۆڤە و بۆچوونـی زۆر خرانـەڕوو. گەلێـک هەبوون هەر لە سـەرەتاوە پاشەکشـەی محەممـەد فەرەج، ئەمینداری پێشـوویان لە قازانجی سـەلاحەدین بەهائەدین پێ موفاجەئە بوو، تەنانەت هەندێک لـە ئەندامانی کۆنگرەش سەرسـوڕمانی خۆیان دەربڕیبـوو! هەموو ئەوانە لەوە بێ خەبەر بوون کـە ڕێککەوتنێکی پێشـوەختەی ڕانەگەیەندراو لەنێوان هەردوو ئەمینداردا کرابوو، ڕاگەیاندنەکەی بۆ نـاو کۆنگرە هەڵگیرابـوو. چونکە هەر چوار سـاڵ پێش ئێسـتا بوو کە محەممەد فەرەج لە کۆنگرەی شەشەمدا بە پاڵپشتیی سەلاحەدین بەهائەدین بەسـەر ڕکابەرەکانیدا سـەرکەوت، بۆیە قەت چـاوەڕێ نەدەکرا محەممەد فەرەج ببێتە لەمپەر لەبەردەم گەڕانەوەی سەلاحەدین بەهائەدین و بە پێچەوانەوە، قەرزی خۆیشـی دایەوە.

گەڕانـەوەی سـەلاحەدین بەهائەدیـن و لاچوونـی محەممەد فەرەج، سـەربارى هەموو ناکۆکییـە ناوخۆییەکانـی یەکگرتـوو (کـە پێدەچێ لە پەیڕەو و پرۆگرامی نوێدا مەسەلەی بانگخوازی و سیاسـەتیان چارەسەر کردبێت) و ئـەو ناڕەزایەتیانـەش کـە هەبـوون، تەنیا جێگۆڕکێیەکی سـادە نییە. بگرە ڕەهەندێکی گەورەتـری ناوچەیـی و جیهانیشـی هەیـە. کاتێک محەممەد فەرەج سـوکانی یەکگرتووی گرتە دەست، بەهاری عەرەبی کە ئیخوانەکان خۆیان لێکـردە خـاوەن، ڕووە و خەزان بوو، ئیخوان موسـلیمین لەسەر ئاستی ناوچەیی و لە سیاسەتدا گورزێکی کوشندەی بەرکەوتبوو. ناڕەزایەتییەکانی 17ی شوباتی کوردستانیش هیچـی لێ نەچندرایەوە. واتا محەممەد فەرەج و ئـەو چـوار سـاڵەی ئەمینداریتیـی ئـەو، ئەگەر بەسـەرێکدا نەیتوانیبێ لەژێر سێبەر و باڵادەسـتیی ئەمینداری پێشوو دەربچێت، بە دیوە ڕاستەقینەکەیدا بوونە قوربانیی نوشستی ئیخوان لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی. لە حاڵەتێکی وەهـادا کە ئیخوانەکان بۆ قۆناغی داهاتـوو خۆیـان ئامـادە دەکـەن، گۆڕینـی ئەمینـداری یەکگرتوو بۆ ڕێکخسـتنەوەی ناو ماڵی یەکگرتوو و تەکاندانێک بە ڕەوتی ئیخوان لە کوردستان و ناوچەکە بوو بە زەرورەت. ئاوا بـوو کە محەممەد فـەرەج هیچ پێداگیرییەکی لەسەر مانەوە لەو پۆستەدا نەکرد.

لەو کۆنگرەیەی یەکگرتوودا، بەشێوەیەکی تەوافوقـی، تێکـڕای ململانـێ ناوچەیـی و فکرییـەکان، بـە هێمنی چارەسـەر کـران و دیموکراسـی کرایە قوربانیی یەکگرتوویی ناو ماڵی یەکگرتوو.

## بەرەی ئیسلامی یان سیاسی؟

2

ئیسـلامی سیاسـی لـە کوردسـتاندا، هـەر لەسـەرەتای چەکەرە کردنیەوە بـوو بە دوو باڵی فیکری و تووشی دوولەتبوون هات. لە شەستەکانەوە نیقاشـی خەباتی مەدەنی یان هەڵبژاردنی ڕێکاری سەربازی دەستی پێکرد. دواترێ دیسان لەوپەڕی گەشـەی سـەربازیدا لە دوای ڕاپەڕینەوە، دیسان چەمکەکانـی جیهـاد یـان خۆگونجانـدن لەگـەڵ واقیعـی کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵگـەی موسـڵماندا، بزووتنـەوە چەکدارییەکەشـی لەتلـەت کـرد و، کاتێکیش ئیخوانەکان (یەکگرتووی ئیسـلامی) بە قورسـایی کاری بانگخـوازی و هاریکاریـی مرۆیی هاتنە ناو گۆڕەپانی سیاسـییەوە، دیسان تووشی نیقاشی (سیاسەت و بانگخوازی) بوون و ئەوەش دوورکەوتنەوە و تۆرانی هێنایە ناو ڕیزەکانیانەوە. ئینجا لە بەرەی بەرامبەری ئەواندا، بزووتنەوەی چەکداریی ئیسلامی بەشێکی زۆریان ڕادیکالیزە بوون و تەنانەت خرانە لیستی تیرۆریشەوە.

لـە هەمـوو ئـەو قۆناغانـەدا، بە بـەردەوام بانگەشـەی یەکبـوون و دروسـتکردنی بـەرەی ئیسـلامی سیاسـی بـە تایبەتیـش لـە دوای ڕووخانی سەددام و هاتنەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لە بەرگێکی سـیڤیلدا بۆ ناو سیاسەت، مەترەح بـووە. ئەگەرچـی لـە چەنـد قۆناغێکـدا کاری هاوبـەش لەسـەر ئاسـتی پەرلەمانـی لەپێش هەڵبژاردنەکانـی 2009 و دواترێ لە چوونە ناو بەرەیەکی ئۆپۆزیسـیۆنی سـێ قۆڵـی (گۆڕان، کۆمـەڵ و یەکگرتـوو)، ئەجێنـدای هاوبەشـی سیاسـی و نزیکبوونەوە لەنێـوان ئەو دوو هێزە ئیسـلامییەدا هەبـووە، بـەڵام نەگەیشـتووەتە ئاسـتی یەکبـوون یان ئیمزاکردنـی ڕێککەوتنی کۆنکریتی. هۆکاری بنچینەیی ئەو مەسەلەیەش ئەوەیـە کە وەک چـۆن حیزبە سیاسـییەکانی دیکـەی کوردسـتان، درێژەپێدەری سیاسـەتی ئیقلیمین، ئاواش حیزبە ئیسلامییەکان بەشێکن لەو کەشوهەوا سیاسییە. بۆیە سەرباری هەموو نزیکبوونەوەکان، ڕوانگای سیاسی و ستراتیژیی یەکگرتـوو لـە کۆمەڵ جیـاوازە و پتر لە پارتی نزیکترە. چونکە لەو جەمسەربەندییە ناوچەییەدا کـە ئێسـتا لـە ئارادایـە، پارتـی لـە بـەرەی ئیخوانەکاندایە نەک کۆمەڵ.

## سەروەرییەک بۆ یوسف محەممەد

3

پرۆسەی سیاسی و چارەنووسی میللەتی کورد لە کوردستانی باشوور، خراوەتە گرەوی گەڕانەوە یان نەگەڕانەوەی یوسف محەممەد بۆ پەرلەمانی کوردسـتان. بـە واتایەکـی دیکە سـەربەخۆیی کوردسـتان کە دەیان ساڵە بە هەزاران قوربانیی بـۆ دراوە، وەکو سـەفقەیەکی سیاسـی لێکراوە کـە بە مەرجێـک بەرامبەرەکانـی پارتی لەگەڵ ریفراندۆمـدا دەبن، وەزعەکـە بگەڕێندرێتەوە بۆ پێـش 2015/10/12. هـەر لـەو ڕۆژەوەی کـە مشتومڕ لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردسـتان سـەریهەڵداوە، گـۆڕان و یەکێتـی پێداگیری لەسـەر ئـەوە دەکەن کە مەسـەلەکە شەخسی بارزانی نییە و گۆڕینی سیستەمە. بۆیە ئەگـەر وایە نابێ پێداگیریش لەسـەر گەڕانەوەی شەخسی یوسف محەممەد بکەن! لە بارودۆخێکی وەهـادا ئەگـەر یوسـف محەممـەد لـە خەمـی ئایندەی کوردسـتان و پرۆسـەی سیاسـیدایە، دەتوانێ گەورەترین سـەروەری بـۆ خۆی تۆمار بکات و بەوەش بەشـی هەرە زۆری گرێکوێرەکان دەکرێنەوە. دەبێ یوسـف محەممـەد دان بەوەدا بنێت کە ئۆباڵی ئەو قەیرانەی ئێسـتا دروست بووە، بەشـێکی زۆری لە ئەسـتۆی ئـەوە و بۆ ئەوەش دەتوانێ بە دەست لەکار کێشانەوەیەک، بەشـێکی زۆری ئـەو قەیرانە چارەسـەر بکات. هەرچۆنێـک بێـت، یەکێتـی، گـۆڕان و پارتـی لەسـەر سـیغەیەک بۆ لابردنی یوسف محەممەد ڕێکدەکەون. جا بۆ ئەو سەروەرییە بۆ خۆی تۆمار ناکات و بە ئیستیقالەکەی بچێتە ناو مێژووەوە؟



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# یەکگرتووی چەرخی سەلاحەددین

کۆنگـرەی حەوتەمی یەکگرتـوو هەرا و زەنـای زۆری بـەدوادا هات. کار گەیشـتە ئەوەی ئەبوو چیچۆی کەسایەتیی ناسراوی سەر یوتیوب و فەیسبووک، کە جاری ڕابردوو لەداخی ڕوومالـە گەرموگوڕەکانـی ڕووداو تەلەڤزیۆنەکـەی شـکاند، ئەمجارە لەداخی کۆنگرەی یەکگرتوو تەلەڤزیۆنێکی دیکەش بشـکێنێ! پارتییەکان کە هێشتا تووڕەیی ڕەنجانی عەلی باپیر و نەوشـیروان مستەفا لەگـەڵ مەسـعود بارزانی بەرینـەداون، بە دڵەڕاوکێوە هەواڵی گەڕانەوەی سەلاحەدین بەهائەدینیـان وەکو ئەمینـداری یەکگرتوو بەگوێـدا درایەوە. بەڵام هەم لەو قسـانەدا کـە لـە ڕۆژی یەکەم و دووەمـی کۆنگرەدا کردی و هەم بەوەشـدا کە دەرکەوت بەر لە کۆنگـرە سـەلاحەدین بەهائەدین و هەردوو بارزانـی یەکدییان دیتووە و دڵڕەنجانەکانی ڕابردوویان سـڕیوەتەوە، ئەمانە وایان کرد پارتییەکان هەناسـەیەکی ئارام هەڵکێشن. لەو نێوانەشـدا ئـەو (یەکێتی+گۆڕان)انەی دڵیـان بـە گەڕانـەوەی مامۆسـتا سـەڵاح خۆشـە و گـرەوی دروسـتکردنی بـەرەی فراوانتـری ئەنتی-بارزانیی لەسـەر دەکەن، بە قسـەکانی ڕۆژی کۆتایی کۆنگرە تووشی شـۆک بوون. چونکە ئەمینداری سەرلەنوێ گـەڕاوەی یەکگرتـوو بە کـورت و پوختی پێیگوتن: بەتەمای پاشکۆیەتیی یەکگرتوو و داشکاندنەوە بەلای لایەکدا مەبن.

کاتێک لە کۆنگـرەی حیزبەکەیدا وتاری پێشـکەش دەکـرد، دڵنیابوومـەوە ئـەو سەلاحەدین بەهائەدینەی لە دوایین کتێبیدا ناسـیومە، هەمان ئەو کەسـەیە کە ئێستا وەکـو ئەمینداری یەکگرتوو قسـە دەکات. هێشـتا باسـی خۆکاندیدکردنی بۆ پۆستی ئەمینـدار گـەرم نەببوو، بەڕێـز بەهائەدین کتێبێکـی خۆی، کـە بەمدواییانە لەسـەر مەولانـای ڕۆمـی نووسـیویەتی، بەدیاری بـۆ ناردبـووم. من کـە دەمێکـە مەولانام خۆشـدەوێ و دەمەوێ لێـی قووڵ ببمەوە، دڵـم بـە دیارییەکە خۆش بـوو، بەڵام لەو گرنگتـر ئـەوە بوو کە دەمەویسـت بەهۆی کتێبەکەیـەوە سـەلاحەدین بەهائەدیـن-ی دوور لە سیاسەت بناسم.

لای چەنـد هاوڕێیەکیـش باسـمکرد کە هەرچەنـدە کتێبەکـە باسـی مەولانایـە، بـەڵام کـە دەیخوێنیتـەوە هەسـتدەکەی نووسـەرەکەی باسـی ئەوەت بۆ دەکات کە یەکگرتووی ڕاسـتەقینە دەبـێ چۆن بێت، واتە بەبیانووی مەولاناوە تێگەیشتنی بەڕێز بەهائەدیـن بـۆ یەکگرتووی پـاش قۆناغی کۆنگرەی حەوتەم دەخوێنیتەوە.

یەکێک لەو شتانەی ئەمینداری یەکگرتوو چەنـد جارێـک لە کۆنگـرەدا باسـیکرد و پێداگیریـی لەسـەرکرد، هەوڵـدان بوو بۆ گێڕانـی ڕۆڵـی خێر بـۆ دروسـتکردنەوەی ئاشـتەوایی لـە کوردسـتان. جـا ئەوانەی ئێستا لە کوردستان ناکۆکن و دەبێ ئاشت بکرێنەوە، هەر لە کاک مەسعودەوە بگرە تا دەگاتە کاک نەوشـیروان و مامۆسـتا عەلی باپیر، ئەو کەسـانەن کە دوور لە سیاسەت مرۆڤی کتێبخوێن و ئەهلی دنیای عیرفانین. کاک مەسـعود لـە زۆر بۆنەدا سەرسـامیی خۆی بە مـەلای جزیری نەشـاردووەتەوە. کتێبەکانی کاک نەوشیروان و مامۆستا عەلی باپیریـش پڕن لـەو نموونـە عیرفانییانەی کـە هەریەکـە لەوانـە لەژیانیانـدا پێیـان کاریگـەر بوون. بۆیە ڕەنگە بەو ڕۆحیەتەی مەولانـاوە، جـا بـە لەبەرچاوگرتنـی ئەو ڕابـردووەش کـە پێکـەوە هەیانبـووە و بەلایەنی کەمەوە نزیکەی سی ساڵە وڵاتێک بەڕێوەدەبـەن، سـەلاحەدین بەهائەدیـن باشـتر لـە هەر کەسـێکی دیکـە دەتوانێ گوێدێر بۆ قسـەکانی لەنێو ئەو سـەرکردە ناکۆکانەدا بدۆزێتەوە. ڕەنگە خۆشیان هەر ئـەوەی لێ چـاوەڕوان بکەن. بەشـێک لەو چاوەڕوانییانەش لـە نامەکەی بارزانیدا کە بـۆ پیرۆزبایی بـۆ سـەلاحەدین بەهائەدین ناردبووی، بەئاسانی دەخوێندرایەوە.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# کۆڵانە داخراوەکەی یەکگرتوو

### دوو کۆنگرە

لە مانگی مایسی 2016 دا، کۆی توێژەرانی بواری ئیسلامی سیاسی، لە تەواوی جیهاندا، چاوێکیـان لەسـەر تونس بوو. لـەم وڵاتەدا، گەورەترین حیزبی سیاسـی، نەهزەی ڕاشـید غەنووشی، دەیەمین کۆنگرەی خۆی سازدا و تەنیا ڕۆژێک پێش کۆنگرەکە، سـەرۆکی ئەم حیزبە لەڕێـگای چاوپێکەوتنێکیـەوە لەگەڵ ڕۆژنامـەی لۆمۆنـدی فەرەنسـی گوتی "لەم کۆنگرەیـەدا ئێمـە دەمانەوێت لە ئیسـلامی سیاسـی بڕۆینـە دەرەوە و ببینە حیزبێک بۆ هەموو تونسییەکان".

لـە هەمـان ئـەم مانگـەدا، یەکگرتـووی ئیسـلامیی کوردسـتانیش، حەوتەمیـن کۆنگـرەی خۆی بەسـت و ڕووداوی گەورەی ئەم کۆنگرەیـەش، بەپێچەوانەی تونسـەوە، بریتـی نییـە لـە لێدوانێکـی بەهێز لەسـەر بابەتی چوونە دەرەوە لە ئیسلامی سیاسی و بوون بە حیزبـی کۆمەڵگا، بەڵکو بریتییە لە گەڕانەوەی سەلاحەدین بەهائەدین.

ئـەم دوو کۆنگرەیـە گرنگـن، چونکـە دەرئەنجامەکانیـان بەتەنیا کاریگەری لەسـەر ڕێکخسـتنی ناوەکیی حیـزب دانانێن، بەڵکو بەسـەر چەندین پرسـی گرنگیەوە دادەنێن: دیمۆکراسـی، سێکیولاریزاسیۆن (عەلمەنە)، ڕزگارکردنی فاکتـە ئاینییەکان لە هەژموونی پیاوانـی سیاسـی، پەڕینـەوە لـە چەمکـی ئیمانـداری حیزبییەوە بـۆ چەمکی هاووڵاتی حیزبی و هتد.

چ لـە تونـس و چ لـە کوردسـتاندا، چ بـە ئیجابـی و چ بـە سـەلبی، ئـەم دوو کۆنگرەیـە دەتوانن بەشـداریی زیندوو بکەن لە دەستنیشـانکردنی ئاڕاسـتە سـەرەکیە کۆمەڵگەییەکانـدا، بۆیـە پێموایـە هەردوو کۆنگرە لەبەردەم بەرپرسـیارێتی مێژوویی گەورەدان.

### دوو حیزب

لەنێـوان ئـەم دوو حیزبـەدا چەندیـن خاڵی هاوبەش هەن. مێژووی دروستکردنی یەکەم ڕووبـەری جوڵانەوەیان دەگەڕێتەوە بـۆ کۆتایـی پەنجاکانی سـەدەی ڕابردوو. وەکـو یـەک، دوو منداڵـی شـەرعیی قوتابخانەی ئیخوانن. لە مێژووی سیاسـیی هەردووکیانـدا، دوو دیکتاتـۆری خوێناوی، بـن عەلـی نەهـزە و سـەدامی یەکگرتوو، ئامـادەن و ئـەم دوو دیکتاتـۆرە بـە دوو دەستی پۆڵایین لە نەوەکانی ئەم قوتابخانە سیاسـیە فیکریەیان داوە و لیستی ژمارەی قوربانیەکانیان درێژە.

هـەردوو حیزب بەقۆناغی ئیسـلامیزمدا تێپەڕیون (ئیسـلامیزم بەمانای تێکۆشـان لەپێنـاوی دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی ئیسـلامی کە نەک هەر شەریعەت جێبەجێ دەکات، بەڵکـو ئیسـلامیش ئایدیۆلۆژیـا فەرمیەکـەی دەبێـت). هـەردوو حیزب لە پـاش دوو ڕاپەڕینی مەزنـەوە و بە فەرمی دەبن بە دوو هێزی سەرەکی لەنێو کێڵگەی سیاسـی نیشـتمانیدا، یەکگرتـوو پـاش ڕاپەڕینی 1991 و نەهزەش پاش ڕاپەڕینی 2011. خاڵێکـی هاوبەشـی بەهێزی نێوان ئـەم دوو حیزبـە بریتیە لـە ئامادەیی دوو کەسایەتی کاریزماتیک لە سەری سەرەوەی پەیکەرەکەیاندا: ڕاشید غەنووشی لە تونس و سەلاحەدین بەهائەدین لە کوردستان.

### دوو ئەکتەر

بەدرێژایـی مێـژووی ئـەم دوو حیزبـە، بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستا، ئەم دوو ئەکتەرە: ڕاشید غەنووشی و سەلاحەدین بەهائەدین، وەک دوو سەرمایە، دوو سـەرچاوە، دوو سـامبۆل، دوو زاتـی تا ئاسـتێکی بەرز تەقدیسـکراو لـە یادەوەریی دەسـتەجەمعی ئەنـدام و لایەنگرانیانـدا بیناکراون. لەم دوو حیزبەدا، دەکرێت مۆڵەت بـە زۆر شـت بدرێـت، بەڵام دەسـتبردن بۆ قودسیەتی ئەم دوو سەرمایە ڕەمزیە، جۆرێکە لـە گوناە کە ڕەنگە هەرکەسـێک بیکات، با محەممـەد فەرەجیش بێت، دواتـر نەفرەتی لێبکرێت و بە پەراوێزەکان بسپێردرێت.

خاڵێـک کە جێگای تێبینییـە و دەکرێت بەخێرایـی ئامـاژەی پێبدەیـن، بریتییـە لەوەی کە غەنووشـی و بەهائەدین بەرهەمی قوتابخانـەی دنیاییـن و سـەر بـەو گرووپە کۆمەڵایەتییە نین کە لە مێژووی موسوڵماناندا بە "زانایانی ئاینی" ناسـراون. هەروەک چۆن لـە قوتابخانـەی جمهوریەتـدا خوێندوویانە، ئاواش مامۆستای هەمان قوتابخانە بوون. بە زمانێکی دی، دوو کەسی دنیایین کە لەسەری سەرەوەی هەرەمی دوو حیزبی ئاینیدان.

جیاوازییەکـی گـەورەی نێـوان ئـەم دوو ئەکتـەرە لەوەدایـە کـە غەنووشـی، پـاش ئەزموونێکی درێژی ژیان لە بەریتانیادا و دواتر پاش تێکەڵبوونی حیزبەکەی بەدەسـەڵات و قەیرانەکانی، وەک دڵسۆزێکی ڕاستگۆ بۆ فاکتە ئاینییەکان، لەئێستادا و بەبەرچاوی نەک هەر ئەندامـان و لایەنگرانـی حیزبەکەیەوە، نەک هەر لەبەردەم تونسـیەکاندا، بەڵکو بەدەنگی بەرز و لەبەردەم هەموو دنیادا ڕایدەگەیەنێت کـە چیـدی ناکرێـت حیزبەکـەی خەونـی پارێزگاریکـردن لە بەهـا ئاینییەکانی هەبێت و تێکەڵیشـیان بکات بە سیاسەت (بەزمانی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان ناکرێـت عەلمانی نەبێت)، ناکرێت خەونی دەسـەڵاتی هەبێت و تەنیا ئیمانداری پابەند بە ئیسلامەوە ئەندامی بێت و دەرگا لەسـەر کۆی هاووڵاتیانی تونس نەکاتەوە (چەمکی هاووڵاتی یەکسانە بەوەی کە جولەکەیەک و مەسیحیەک و موسوڵمانێک و مولحیدێک وەکو یەک دەتوانن ببنە ئەندامی حیزبێـک)، بـەڵام هەمـوو ئەم هاوکێشـانە تائێسـتاش لای سەلاحەدین بەهائەدین ڕوون نییـە: ئایا یەکگرتوو دەبێت بـە ڕزگارکەری "ئاینی" لە "سیاسـی" یان بـەردەوام دەبێت لەسـەر سـتراتیژیەتی "تەبعیەتـی" فاکتە ئاینییـەکان بۆ فاکتـە سیاسـییەکان؟ ئایا یەکگرتوو دەبێتە حیزبی کۆمەڵگا یان بەتەنیا حیزبـی کاتیگۆریەک (ئیمانـداری پابەند بە ئیسلامەوە) لە کۆمەڵگا؟

غەنووشـی، لەڕێـگای دنیابینییەکـی تەندروسـتەوە، حیزبی نەهزەی کردە یەکەم هێز لەنێو کێڵگەی سیاسـیی تونسیدا. بەڵام ئـەو دنیابینییـەی کە تـا ئێسـتا یەکگرتوو بەڕێـوە دەبـات، یەکگرتـووی فـڕێ داوەتە کۆڵانە تەسـکەکەی پێگەی چوارەمەوە. ئایا سـەلاحەدین بەهائەدین دەتوانێت دەرگایەک بـۆ چوونـە دەرەوە لـەم کۆڵانە داخـراوەدا بکاتـەوە؟ داهاتـوو وەڵامـی ئەم پرسـیارە دەداتەوە.



زوبێر ڕەسوڵ*

# هەرێمی کوردستان و هەڵکشانی ڕۆڵی سعودیە

گرنگیی شانشینی سعودیە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەرێمی کوردسـتان بەهۆی ئەوەی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت بەشێکە لە عێراقی عەرەبی، عێراقی عەرەبیش بەشـێکە لە نیشتمانی عەرەبی، کەواتـا بـە ناڕاسـتەوخۆ هەرێمی کوردسـتانیش بەشـێکە لە نیشـتمانی عەرەبـی. هەرچەندە ئەم پرسە لە دەستووری نوێی عێراقدا یەکلاکراوەتەوە، بەڵام لە واقیعدا دۆخەکە بە شـێوەیەکی دیکەیە و سیاسەتیش بە زۆری مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکات. چونکـە گەر هەرێمی کوردسـتان جیاش ببێتەوە، ئـەوا تا هەتایە هەر دراوسـێی عـەرەب دەبێت بە تایبەتیش عەرەبی سوننە و لە ئێستا و داهاتووشدا کوردسـتان ناتوانێت فەرامۆشیان بکات، ئینجا چ وەک بەشـێک بێت لە عێراق یان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەم پەیوەندییە پێتڤیتریش دەبێت ئەگەر سـوننەکان ببنە هەرێمێکی سـەربەخۆ کە ئێستا بووەتە ئەگەرێکی بەهێز.

جەنگی عێراق و ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی، بە تایبەتیش دوای لاوازبوون و لەناوچوونی تەواوی هێزە باڵادەسـتە ئیقلیمیە عەرەبەکانی وەک میسر و لیبیا و سـووریا، ئێستا شانشینی سعودیە تاکە هێزی بێ ڕکابەرە لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی، دەسـتێکی باڵاشی هەیە لە داڕشـتنی سیاسەتی هەرێمی و لە هەمان کاتدا خاوەن پشـتگیرییەکی بەهێزی ئەورووپا و ئەمریکاشە. بەرپرسی پێشووی هەواڵگریـی بەریتانیـا جۆن سـاویرس، بە ڕوونی ئاماژەی بە پێگەی نوێی سعودیە دا کاتێک گوتی: "لە دوای بەهاری عەرەبییەوە چاوی تەواوی ڕۆژئاوا لەسەر ڕیازە، چونکە لە ئێستادا سعودیە ناوەندی قورسـایی سیاسـییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا". ئەم ڕۆڵەی شانشینی سـعودیە بە تەواوی دەرکی پێدەکرێت، بە تایبەت دوای هاتنی شا سـەلمان، سعودیە بەرەو سیاسـەتی باڵادەستیی هەرێمی هەنگاو دەنێت، دەسـتێوەردانی زەقی شانشینی سـعودیە لە سـووریا، یەمەن، لوبنان، میسر و لیبیـا ئاماژەیەکی ڕوونی ئـەو ڕۆڵە نوێیەن کە ئێستا سعودیە لەسـەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەیگێڕێت.


ئەوەی من مەبەسـتمە لێرەدا تیشکی بخەمە سەر، ئەوەیە کە ئایا دەکرێت هەرێمی کوردستان سـوود لە هەڵکشانی ڕۆڵی ئیقلیمیی شانشینی سعودیە ببینێت لە ناوچەکەدا؟ یەکەمیان لەبەر ڕۆشـنایی ئەو واقیعەی کە ئێستا سعودیە تاکە هێزی بێ ڕکابەری جیهانی عەرەبییە، دووەمیش لەو سـۆنگەیەوە کە سـعودیە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە دیاریکردنی ئایندەی دەوڵەتی عێراق لـە دوای نەمانـی داعش لە ڕێگای ئەو پەیوەندی و پێگە سیاسی و ئاینییەی کە شانشین لەگەڵ سوننەکانی عێراقدا هەیەتی. بە گوێرەی بەشێک لـە زانیارییە بڵاوکـراوە هەواڵگرییەکان ئایندەی دەوڵەتـی عێـراق بەشـێک بووە لـە ئەجێندای سـەردانەکەی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سـعودیە، ڕیاز پرسـی دامەزراندنـی هەرێمێکی سوننەی بە گرنگ زانیوە لە دوای نەمانی داعش، بۆ ئەم مەبەسـتە داوای لـە بارزانی کردووە کە هاوکاریـی سـوننەکان بکەن لە دروسـتکردنی هەرێمێکـی فیدراڵـدا. بوونـی بەشـێکی زۆری سـەرکردایەتی سـوننەکانیش لـە هەولێر و ئەو پەیوەندییەی لە نێوان بەشـێک لە سـەرکردایەتی سـوننەکاندا هەیە بە تایبەتیش لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردسـتان، دەکرێت سـەرەتای ئەو پلانـە بێت لـە عێراقی دوای داعشـدا. هەڵبەتە ئەم سەرنجەی ئێمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەرێمی کوردسـتان ببێتـە مەیدانی ململانێـی نێـوان ئێران و سـعودیە، بـەڵام هەولێـر دەبێت زیاتر لە کارتێکی بەدەسـتەوە بێت بـۆ ئەوەی بواری یاریکردنـی کراوەتـر بێت. سـەرکردایەتی کورد دەبێت لەوە تێبگەن کە هیچ حکومەتێکی کوردی یـان کیانێکی کوردی ناتوانێ سـەرکەوتوو بێت لـە ناوچەکـەدا بەبێ جۆرێک لـە دڵنیاییدان بە ئێـران و تورکیا، ڕوونتر بڵێین بەبێ سەرئێشـە دروسـتکردن بۆ ئـەو دوو لایەنە، بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە و هەرێمی کوردستان پێویستی بـە کارتی زیاترە، بە تایبـەت بە نزیکایەتی لە ئەکتەرێکی باڵادەسـتی ئیقلیمیی عەرەبی کە لە ئێستادا شانشینی سعودیەیە و بەدوای بنیاتنانی هێزێکی هەرێمیدا دەگەڕێت لە ناوچەکە. خاڵێکی دیکە کـە گرنگە لێرەدا ڕەچـاو بکرێت، ئەوەیە کە بوونـی بەرژەوەندیی سـعودیە لـە هەرێمی کوردستان هێندەی ئەوەی ئێران و تورکیا ئاڵۆز نییە و لە هەمان کاتدا هێندەی پێوەندیی تاران و ئەنکـەرەش باجی سیاسـی ناوێـت، ئەمەش دەکرێـت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە سـعودیە وەک ئێـران و تورکیا خـاوەن پێکهاتەی کوردی نییە تا سیاسەتێکی تایبەت لەو بوارە بەسەر هەرێمدا بسەپێنێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پێویستیی ئەو نزیکییە لەلایەن سـەرکردایەتی شانشـینی سعودیەش بیری لێکراوەتەوە، بەڵام پێموانییە تا ئێستا بووبێتە بەشێک لە ستراتیجیەتی سعودیە بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بەڵگەشمان بۆ ئەو شـیکردنەوەیە دوو هەوڵی شانشینی سعودیەن بۆ نزیکبوونەوە لە هەرێمی کوردسـتان. یەکەم، بەپێـی بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس لـە 2012دا سەرۆکی گشتیی هەواڵگریی سعودیە پێشنیازی کردووە بۆ شا عەبدوڵڵا لەڕێگای ئەمیر فەیسەڵ بـن سـعود (وەزیـری کاروبـاری دەرەوە)، کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی ڕێگرە لە بەرامبەر هەژموونی مالیکی، بۆیە پێویسـتە بانگهێشـت بکرێـت بـۆ چاوپێکەوتـن لەلایەن شـا عەبدوڵـڵا یاخود ئەمیر بن نایـف کە وەلی عەهدی پێشـوو و وەزیری ناوخۆ بـوو. دووەم، ئەو پێشنیازەی (ئەنوەر بن ماجد)ی ئەفسەری پێشـووی هەواڵگریـی سـعودیەیە کـە ئێسـتا سەرۆکی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوینە بۆ دیراساتی سیاسـی و ماوەیەکی درێژیش ڕاوێژکاری ئەمیر بەندەر بن سـوڵتان بووە، لە 2015دا پێشنیاری بۆ شانشینی سعودیە کردووە کە تەنیا هۆکارێک بـۆ کەمکردنەوەی قەڵەمڕەوی ئێران و تورکیا و سـووریا ئەوەیە دەوڵەتێکی کـوردی دابمەزرێت لـە باکـووری عێراقدا. بەشـێکی زۆر لە جووڵە سیاسـییەکانی ناوچەکە ئەوەمـان پێدەڵێن کە شانشینی سـعودیە گەیشـتووەتە ئەو باوەڕەی عێراقی نوێ عێراقی شـیعەکانە بە پشـتیوانیی ئێـران، بۆیە ڕێی زۆری تێدەچێت کە لە عێراقی دوای داعشـدا سیاسەتی سعودیە بریتی بێت لە یەکەم: پاڵپشـتی هەرێمێکی سـوننە و دووەم، چاوپۆشیکردن لە جاڕدانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردسـتان. بوونی کونسـوڵخانەی سعودیە لە هەولێر هەنگاوێکی باشـە بۆ پتەوکردنی زیاتری ئەو پێوەندییە، ئەمە بێجگە لەوەی کە سـعودیە دەکرێـت هـاوکاری بووژاندنـەوەی ئابووریـی هەرێمیش بێت هیچ نەبێت لەڕووی وەگەڕخستنی سەرمایە. هەرێمی کوردستان لە دوای 2003 پێی ناوەتە قۆناغی بنیاتنانی پێوەندیی دیپلۆماسـی لەگـەڵ وڵاتانـی ناوچەکە، بۆیـە جێی خۆیەتی بەرژەوەندیـی سیاسـی و ئابووریی خۆی بەپێی پێداویسـتی و ئاڕاسـتەی سیاسـەتە هەرێمی و جیهانییـەکان دابڕێژێتەوە. هەرێمی کوردسـتان ئێسـتا نیمچـە دەوڵەتێکـە و پێویسـتی بـە سیاسـەتێکی پراگماتیانە هەیـە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکـەدا، وەک ئاماژەمان بۆ کرد، نابێ ببێتە مەیدانی ململانێ سیاسی و ئاینییەکانی ناوچەکە، بەڵام دەبێت هەمیشـە لە ئاڕاسـتەی سیستمی ئیقلیمی و یاریە سیاسییەکان تێبگات و بتوانێت سوودمەند بێت لێیان.

*کاندیدی دکتۆرا لە زانکۆی ئێکسیتەر

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



هونەرمەند کاوە حەمەساڵح بۆ (رووداو):

# بۆ کۆنسێرت نەبووایە 35 ساڵی دیکەش نەدەهاتمەوە

12 »


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net






Adress: Gulan Street Ankawa Cross
Block No: 2163/40/44 Kurdistan
WORLD TRADE CENTER® ERBIL
sözelgroup
KOREK

+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333

DANIA CITY
better life style




info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد